# ئەنارکیزم، پەرتووکخانەی کوردی و سەرچاوەی ڕەخنەگرانی

نووسینی هەژێن

بابەتێکی ڕەخنەییە لە نووسینێکی
فوئاد قەرەداغی
لەمەڕ ئەنارکیزم

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بدوێم، ناساندی ئەنارکیزم نییە، چونکە پێشتر چەند بابەتێکم لە بەشی (A)ی پەرتووکی (an nanrchist FAQ) وەك سەرچاوەی بڕواپێکراو لە دەمی خودی بیریارانی کلاسیك و هاوچەرخی ئەنارکیزمەوە، کردووە بە کوردی و هەروەها بەشەکانی (D) و (J) لە لایەن هاوڕێیەکەوە وەرگێردراونەتە سەر کوردی و بەشەکانی تریشی بە هەوڵی هاوڕێیانی تر لەژێر وەرگێراندن، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ڕۆشنایی بخەمە سەر، وتارێکی ڕەخنەیی بەڕێز (فوئاد قەرەداغی)یە، کە لە 25 فێبریوەری 2008دا بە دووبەش لە وێبلاگەکەی خۆی (قەرسین)دا بلاویکردووەتەوە و من ماوەیەك لەمەوبەر*، لە کاتێکدا خەریکی هەڵدانەوەی بابەتە نوێیەکانی نووسەر بووم، بەڕێکەوت بەرچاوم کەوت.

وەك دەزانین و پێویستیشە پەیڕەوی لێبکەین، ڕەخنە لە هەر هزرێك یا دەقێك، پێویستی بە بەڵگەی مەڵموس هەیە، کە لە خودی سەرچاوەکانی ئەو هزرە یا ئەو دەقەوە وەرگیرابێت. ناکرێت من ڕەخنە لە مارکسیزم بگرم و بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانم لەمەڕ دروستی یا نادروستی مارکسیزم، لە دژەبۆچوونەکانی مارکسیزمدا بۆ بەڵگە بگەڕم. بەداخەوە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە بەسەر بەڕێز (فوئاد قەرەداغی)دا تێپەڕیووە. من ناوی دەنێم بەسەردا تپەڕین، لەبەرئەوەی کە (فوئاد قەرەداغی) تا ئەوەندەی من ئاگادارم، لە هیچ پارتێکی ڕامیاریدا ئەندام نییە و ڕەخنەگرێکی شارەزایە. ئەگەر ڕەخنەیەکی وا ئەندامی پارتێك بیگرتایە، بە دڵنیاییەوە، زۆر جێگەی سەرنج و لۆمە نەدەبوو، چونکە بیرکردنەوەی ئەندامی پارت واوەتر لە سنوورەکانی ئایدیۆلۆجیای پارتەکەی بڕناکات.
بە بڕوای من، لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەکەی نووسەر:
- لە ناساندنی ئەنارکیزم و بەو شێوەیەی کە خۆی ناساندوویەتی: ئەنارکیزمی پرۆدۆنی و ئەنارکیزمی باکۆنینی، لەتەك خۆیدا کەوتووەتە ناکۆکی.

ewey lêreda demewêt leserî bidwêm, nasandî enarkîzm nîye, çunke pêştir çend babetêkim le beşî (A)î pertûkî (an nanirchist FAQ) wek serçawey birrwapêkraw le demî xudî bîryaranî klasîk û hawçerxî enarkîzmewe, kirduwe be kurdî û herweha beşekanî (D) û (J) le layen hawrêyekewe wergêrdrawnete ser kurdî û beşekanî trîşî be hewllî hawrêyanî tir lejêr wergêrandin, ewey demewêt lêreda roşnayî bxeme ser, wtarêkî rexneyî berrêz (fuad qeredaxî)ye, ke le 25 fêbrîwerî 2008da be dûbeş le wêblagekey xoy (versîn)da bllawîkirduwetewe û min maweyek lemewber*, le katêkda xerîkî helldanewey babete nwêyekanî nûser bûm, berrêkewt berçawm kewt.

wek dezanîn û pêwîstîşe peyrewî lêbkeyn, rexne le her hizrêk ya deqêk, pêwîstî be bellgey mellmus heye, ke le xudî serçawekanî ew hizre ya ew deqewe wergîrabêt. nakrêt min rexne le marksîzm bigrim û bellge bo selmandnî boçûnekanim lemerr drustî ya nadrustî marksîzm, le djeboçûnekanî marksîzimda bo bellge bgerrm. bedaxewe eme helleyekî gewreye ke beser berrêz (fuad qeredaxî)da têperrîwwe. min nawî denêm beserda tperrîn, leberewey ke (fuad qeredaxî) ta ewendey min agadarbim, le hîç partêkî ramyarîda endam nîye û rexnegrêkî şarezaye. eger rexneyekî wa endamî partêk bîgirtaye, be dillnyayyewe, zor cêgey serinc û lome nedebû, çunke bîrkirdnewey endamî part wawetir le snûrekanî aydyolocyay partekey birrnakat.

be birrway min, leber ewey ke rexnekey nûser:
- le nasandnî enarkîzm û bew şêweyey ke xoy nasandûyetî: enarkîzmî prodonî û enarkîzmî bakonînî, letek xoyda kewtuwete nakokî.

- بۆچوونی دژەئەنارکییانی کردووە بە سەرچاوە و بەڵگە بۆ ڕەخنە لە هزری ئەنارکی و بۆچوونی هزریارانی.
- (گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونالیست**)ی لێگۆڕاوە بە گروپێکی ئەنارکی.

بەو پێیە لە بنەماکانی ڕەخنەگرتن لایداوە و ڕەخنەیەکی ئاوا تەنیا دەتوانێت پێداگرتنەوەی ئایدیۆلۆجیانە بێت لەسەر ڕەخنە نابەجێکانی پێشتری هاوبیرانی نووسەر و هەر ئەم لاوازیی و نابەجێییەی ڕەخنەکەی نووسەر بوو، کە منی بۆ وەڵامدانەوەیەکی لەم جۆرە هاندا و هیوادارم توانیبێتم، دەرگە لەسەر مشتومڕێکی کراوە و هەمەلایەنە بکەمەوە، تاوەکو خوێنەران بەشداری و داوەری تێدا بکەن.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە من یەکێکم لە لایەنگرانی ڕەخنەی ڕوخێنەر و بڕوام بە ناونانگەلی "ڕەخنەی بنیاتنەر" ، "ڕەخنەی دۆستانە" ، "ڕەخنەی زانستی" و "ڕەخنەی چاك"، کە لە بەرامبەردا بەواتای بوونی ڕەخنەی پێچەوانەش دێن و وەها ناونانگەلێك تەنیا هەوڵێکی کۆنەپەرستانەن بۆ بەرگرتن لە ئازادی ڕەخنە. لای من ڕەخنە تەنیا پێویستە پابەندی سێ بنەما بێت؛ ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی دەقەی ڕەخنەلێگیراو وەك خۆی، پشتبەستن بە لۆجیك لە لێکدانەوەدا، پەلنەهاویشتنی ڕەخنە بۆ کەسایەتی و ژیانی تایبەتی ڕەخنەلێگیراو. بە کورتی ئەگەر ڕەخنە نەتوانێت ڕوخێنەر بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت لە دونیای ڕۆشنبیریدا شتێك بنیات بنێت و دەچێتە خانەی دەمارگیری ئایدیلۆجیانەی نەزۆك!

بەم کورتەیەوە دەچمە سەر بۆچوونەکانی نووسەر و هیوادارم هەم خودی نووسەر و هەم خوێنەران خراپتێگەیشتن و ناڕۆشنییەکانی من لە وەلامێکدا چێبکەنەوە.

- boçûnî djeenarkîyanî kirduwe be serçawe û bellge bo rexne le hizrî enarkî û boçûnî hizryaranî.

- (grupî komunîstî înternasîwnalîst**)î lêgorrawe be grupêkî enarkî.

bew pêye le bnemakanî rexnegirtin laydawe û rexneyekî awa tenya detwanêt pêdagirtnewey aydyolocyane bêt leser rexne nabecêkanî pêştrî hawbîranî nûser û her em lawazîy û nabecêyyey rexnekey nûser bû, ke mnî bo wellamdaneweyekî lem core handa û hîwadarm twanîbêtim, derge leser miştumrrêkî krawe û hemelayene bkemewe, taweku xwêneran beşdarî û dawerî têda bken.

hellbete pêwîste eweş bllêm, ke min yekêkim le layengranî rexney ruxêner û birrwam be nawnangelî “rexney binyatner” , “rexney dostane” , “rexney zanistî” û “rexney çak”, ke le beramberda bewatay bûnî rexney pêçewaneş dên û weha nawnangelêk tenya hewllêkî koneperistanen bo bergirtin le azadî rexne. lay min rexne tenya pêwîste pabendî sê bnema bêt; rastgoyî le gwastewey deqey rexnelêgîraw wek xoy, piştbestin be locîk le lêkdaneweda, pelnehawîştnî rexne bo kesayetî û jyanî taybetî rexnelêgîraw. be kurtî eger rexne netwanêt ruxêner bêt, ewa hergîz natwanêt le dunyay roşinbîrîda ştêk binyat bnêt û deçête xaney demargîrî aydîlocyaney nezok!

bem kurteyewe deçme ser boçûnekanî nûser û hîwadarm hem xudî nûser û hem xwêneran xraptêgeyiştin û narroşnîyekanî min le welamêkda çêbkenewe.

نووسەر ددان بەوەدا دەنێت، کە ئەنارکیزم ئاراستەیەکی بالادەستی نێو بزاڤی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریا بووە، ئەمە بۆ خۆی سەرەتاییەکی باشە بۆ گفتوگۆی هزری و ڕەخنەی لۆجیکییانە و منیش وەك ئەنارکییەك بە ئەرکی خۆمی دەزانم، لە هەوڵی ئەوەدابم، کە دەرگەکانی ڕەخنە ئاوەڵاتر بکەم و بوار بۆ بەشداری کەسانی تریش بڕەخسێنم.

پاش چەند دێری سەرەتا، نووسەر دەنووسێت "تەرحە نوێیەکانی ئەم ڕێبازە بە هەمان ڕێچکەی تەرحە کۆنەکانی سەدەی رابردوودا دەچێتەوەو لە هەمان خولگەدا دەسووڕێتەوە . ئیمڕۆش هەر وەکو دوێنێ ، بەربەرەکانیکردنی مارکسیزم لە نێو بزووتنەوەی چەپی جیهانیدا ، چ وەک تیۆری و چ وەک پراکتیک ، تەوەرەی چالاکییەکانێتی . "

بەداخەوە کە لە پەرتووکخانەی کوردیدا ئەدەبیاتی ئەنارکی شوێنی خاڵییە و هەر ئەمەش وایکردووە، کە نووسەران و تەنانەت یەکەمین هەوڵی (فەرهەنگی ڕامیاریی) بە زمانی کوردی بکەونە ئەو هەڵەوە، کە لە بری تێڕامان و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆیان لەمەڕ ئەم هزرە، ناچار بە پشتبەستن بە بۆچوون و دەستەواژەی ئامادەکراوی کەسانی تر بن، ئەمەش کارایی ئایدیۆلۆجیایە، ئەرکی بیرکردنەوە و تێڕامان بە ڕابەران و سەرکردایەتی پارت و هزریاران دەسپێرێت و دواجار هەر بەم هۆیەوە سۆسیالیزمیش لە جیهانی ڕۆشنبیری کوردیدا بە تەلارێکی ئامادەکراو لەسەر نەخشەی کارل مارکس و پاشڕەوانی بزانرێت.

منیش دەڵێم کە ئەنارکیستەکان لە هاوسەردەمەکانی (کارل مارکس)ەوە تا ئەو ڕۆژەش کە کۆمەڵگەی یەکسان و ئازاد دەبێتە کەتوار، دژایەتی دەسەلاتخوازی لە هزری کارل مارکس و فریدیش ئەنگلس و ڕەتکردنەوەی مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆجیا و ڕێڕەو (مذهب)ێك و پاشڕەوانی، ئەرکی هەر سۆشیالیستێکی ئازادیخواز (ئەنارکیست) دەزانن. بەڵام بەو شێوەی کە مارکسیستەکان ڕایدەگەیێنن، دوا ئامانج و ئەرکی ئەنارکیزم، دژایەتی مارکسیزم نییە، بەڵکو دژایەتی ئەو

nûser ddan beweda denêt, ke enarkîzm arasteyekî baladestî nêw bzavî şorrişgêraney prrolîtarya buwe, eme bo xoy seretayyekî başe bo giftugoy hizrî û rexney locîkîyane û mnîş wek enarkîyek be erkî xomî dezanim, le hewllî ewedabim, ke dergekanî rexne awellatir bkem û bwar bo beşdarî kesanî trîş brrexsênim.

paş çend dêrrî sereta, nûser denûsêt “terhe nwêyekanî em rêbaze be heman rêçkey terhe konekanî sedey rabirdûda deçêtewew le heman xulgeda desûrêtewe . îmrroş her weku dwênê , berberekanîkirdnî marksîzm le nêw bzûtnewey çepî cîhanîda , çi wek tyorî û çi wek praktîk , tewerey çalakîyekanêtî.”

bedaxewe ke le pertûkxaney kurdîda edebyatî enarkî şwênî xallîye û her emeş waykirduwe, ke nûseran û tenanet yekemîn hewllî (ferhengî ramyarîy) be zmanî kurdî bkewne ew hellewe, ke le brî têrraman û derencamî lêkollînewey xoyan lemerr em hizre, naçar be piştbestin be boçûn û destewajey amadekrawî kesanî tir bin, emeş karayî aydyolocyaye, erkî bîrkirdnewe û têrraman be raberan û serkirdayetî part û hizryaran despêrêt û dwacar her bem hoyewe sosyalîzmîş le cîhanî roşinbîrî kurdîda be telarêkî amadekraw leser nexşey karl markis û paşrrewanî bzanrêt.

mnîş dellêm ke enarkîstekan le hawserdemekanî (karl markis)ewe ta ew rojeş ke komellgey yeksan û azad debête ketwar, djayetî deselatixwazî le hizrî karl markis û frîdîş englis û retkirdnewey marksîzm wek aydyolocya û rêrrew (mijhib)êk û paşrrewanî, erkî her soşyalîstêkî azadîxwaz (enarkîst) dezanin. bellam bew şêwey ke marksîstekan raydegeyênin, dwa amanc û erkî enarkîzm, djayetî marksîzm nîye, bellku djayetî ew

بۆچوونـــانەیە لە هــــزری (مـــارکس)دا، کە ئەزموونەکـــانی خەبـــاتی چینایەتی لە (کۆمونەی پاریس)ەوە تا ئەورۆ، چەوتبوون و ناکۆکبوونیان لەتەك سۆشیالیزم و خەونەکانی ئازادیخوازیدا سەلماندوون؛ ئۆتۆریتە، پێشڕەوی پارت، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا (دیکتاتۆرییەتی پارت) و پرۆلیتـــــاریزە و سۆشـــــــیالیزەکردنی دەوڵەتــــــن. بەپێچەوانەوە ئەنارکیستەکان سەراپای هزری مارکس ڕەتناکەنەوە، ئەنارکۆ-کۆمونیستەکان بەڵگەی ئەمەن و بۆچوونەکانی (پیتەر کرۆپۆتکین) باشترین بەڵگە و سەرچاوەن.

„مێژووی ئەم ڕەوتە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی پرۆدۆنیزم دەگەڕێتەوە . تێزە سەرەکییەکانی فیکری ئانارکیستی لە بیروبۆچوونەکانی پرۆدۆن و پاش ئەویش لە بەرنامەی خەباتی باکۆنینییەکانەوە سەرچاوە هەڵدەگری . “

ئەم ناساندنە هەم سەرپێیانە و هەم کورتکردنەوەیە، ئەمەش بۆ نەبوونی سەرچاوە دەگەڕێتەوە بە زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی، کە نووسەر پشتی پێیان بەستووە. شوێنپێی هزری ئەنارکی لە هزری حەکیمی چاینی لائۆ-تسە (The Course and The Right Way)، فیلۆسۆفانی دواتری یۆنانی و هێدۆنیستەکان (Hedonists) و سینیکەکان (Cynics ) و پەیڕەوانی تری لایەنگری مافی سروشتی، بەتایبەت لە ئەندێشەی زێنۆ (Zeno)دا بنیاتنەری قوتابخانەی ڕەواقی و نەیاری ئەفلاتون، لە وانە عیرفانییەکانی کارپۆکراتیس لە (ئەسکەندەریە)دا هاتوون و کارایی بەرچاویان لەسەر هەندێك لە ئاراستە کریستییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە فەرەنسە، ئاڵمان، ئیتالیا، هۆلەند و ئینگلیستان هەبووە. لە مێژووی چاکسازییەکانی (بۆهێمیایی) دا، پیتەر چێلکیسکی (Peter Chelcicky) بەویپەری تواناوە پشتیوانی لەم باوەڕە کرد و لە پەرتوکەکەی خۆیدا «پاکیی باوەڕ»، هەمان هەڵسەنگاندن بەرامبەر دەوڵەت و کلیسا خستەڕوو، کە چەند سەدە پاشتر (تۆلستۆی)یش بەوە گەیشت. لە نێوان مرۆڤدۆستانی تردا،

boçûnaneye le hizrî (markis)da, ke ezmûnekanî xebatî çînayetî le (komuney parîs)ewe ta ewro, çewtbûn û nakokbûnyan letek soşyalîzm û xewnekanî azadîxwazîda selmandûn; otorîte, pêşrrewî part, dîktatorîyetî prrolîtarya (dîktatorîyetî part) û prrolîtarîze û soşyalîzekirdnî dewlletin. bepêçewanewe enarkîstekan serapay hizrî markis retnakenewe, enarko-komunîstekan bellgey emen û boçûnekanî (pîter kropokîn) baştrîn bellge û serçawen.

„mêjûy em rewte bo serdemî derkewtnî prodonîzm degerrêtewe . têze serekîyekanî fîkrî anarkîstî le bîruboçûnekanî prodon û paş ewîş le bernamey xebatî bakonînîyekanewe serçawe helldegrê .“

em nasandne hem serpêyane û hem kurtkirdneweye, emeş bo nebûnî serçawe degerrêtewe be zmanî 'erebî, farsî û kurdî, ke nûser piştî pêyan bestuwe. şwênpêy hizrî enarkî le hizrî hekîmî çaynî lao- tse (The Course and The Righit Way), fîlosofanî dwatrî yonanî û hêdonîstekan (Hedonistis) û sînîkekan (Ciynicis ) û peyrewanî trî layengrî mafî sruştî, betaybet le endêşey zêno (Zeno)da binyatnerî qutabxaney rewaqî û neyarî eflatun, le wane 'îrfanîyekanî karpokratîs le (eskenderye)da hatûn û karayî berçawyan leser hendêk le araste krîstîyekanî sedekanî nawerast le ferense, allman, îtalya, holend û înglîstan hebuwe. le mêjûy çaksazîyekanî (bohêmyayî) da, pîter çêlkîskî (Peter Chelcickiy) bewperî twanawe piştîwanî lem bawerre kird û le pertukekey xoyda "pakîy bawerr", heman hellsengandin beramber dewllet û klîsa xisterrû, ke çend sede paştir (tolistoy)îş bewe geyişt. le nêwan mrovdostanî tirda,

ڕابێلایس (Rabelais)یش دیارە، کە لە پیاهەڵدانی شاری خۆشبەختی «Theleme (Gargantua)»دا وێنایەك لە ژیان دەخاتەڕوو، کە لە گشت کۆتوبەندەکانی سەروەری ئازاد بووە، لە بۆچوونی بیریارانی ئازادیخوازدا لەوانە La Boetie, Sylvain Marechal, and, above all, Diderot ، ولیەم گودوین (1756-1836) لە نووسینە بەناوبانگەکەیدا (An Enquiry Concerning Political Justice and its Influence upon General Virtue and Happiness (London, 1793)دا، چارلز فۆریە (1772 - 1832)ش لەم مەیدانەدا کارایی داناوە و یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەندێشەی ئازادیخوازانە[1]. بەم جۆرە دەبینین، کە ئەنارکیزم پێشتر بە کردەوە لە زۆر کۆمەڵگەدا هەبووە[2] و وەك هزریش زۆر پێش پرۆدۆن هەبوو و داهێنانی هیچ فیلۆسۆفێك و هزریارێك نییە، هەر بۆیە ناتوانرێت وەك ڕێڕەو (مذهب)ێك لەبەرچاو بگیردرێت و نێوی کەسێك یا کەسانێك بکرێتە پێشگری وەك مارکسیزم.

هەروەها ئەنارکیستەکان پێیانوایە، ئۆتوریتە و لەقاڵبدانی خەبات لە پارتێکی ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجییایەکدا، بکوژی گیانی ئازادیخوازی و پلەبەندیکردنی مرۆڤەکانە بە سەرکردە و بنکردە، فەرماندەر و فەرمانبەر، ژیر و ناژیر، زانا و نەزان، ...تد، کە ئەمەش سەری لە سەرمایەداری دەوڵەتی و دەوڵەتی تاکپارتی دیکتاتۆرەوە دەردەچێت و دواجار بێجگە لە ڕیفۆرمکردن و پەڕوپینەکردنی کەلەبەرەکانی سیستەمی سەروەری چینایەتی، هیچیتری لێبەرهەم نایێت، بۆ ئەمەش بەڵگە زۆرن و چاوگێرانێکی خێرا لە (روسیە)وە تا چین و کوبا و یوگوسلاڤیا و وڵاتانی ئەفریکی پرۆبۆلشەڤیك و ..تد، وەڵامی مێژوون بۆ تێنەگەیشتنەکانی کال مارکس و پاشڕەوانی لەوەی کە ئەنارکییەکان لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا و لە شۆڕشی ڕوسیە و ئیسپانیا و هەوڵەکانی دواتردا بانگەوازییان بۆ دەکرد و گیانیان لەپێناویدا بەختکرد.

ئەنارکیستەکان هەر لە پێش ئینتەرناسیونالی یەکەمەوە، ڕایانگەیاند، کە پارتە ڕامیارییەکان پارچە پارچەگەری بزاڤی سۆشیالیستین، بە

rabêlays (Rabelais)îş dyare, ke le pyahelldanî şarî xoşbextî "(Theleme (Gargantua"da wênayek le jyan dexaterrû, ke le gişt kotubendekanî serwerî azad buwe, le boçûnî bîryaranî azadîxwazda lewane La Boetie, Syilvain Marechal, and, above all, Diderot , wilyem guduyn (1756-1836) le nûsîne benawbangekeyda(An Enquiry Concerning Political Justice and itis Inifluence upon General Virtue and Happiness (London, 1793)da, çarliz forye (1772 - 1832)şi lem meydaneda karayî danawe û yekêke le pêşrrewanî endêşey azadîxwazane[1]. bem core debînîn, ke enarkîzm pêştir be kirdewe le zor komellgeda hebuwe[2] û wek hizrîş zor pêş prrodon hebû û dahênanî hîç fîlosofêk û hizryarêk nîye, her boye natwanrêt wek rêrrew (mijhib)êk leberçaw bgîrdrêt û nêwî kesêk ya kesanêk bikrête pêşgrî wek marksîzm.

herweha enarkîstekan pêyanwaye, oturîte û leqallbdanî xebat le partêkî ramyarîy û aydyolocîyayekda, bkujî gyanî azadîxwazî û plebendîkirdnî mrovekane be serkirde û binkirde, fermander û fermanber, jîr û najîr, zana û nezan, ...tid, ke emeş serî le sermayedarî dewlletî û dewlletî takpartî dîktatorewe derdeçêt û dwacar bêcge le rîforimkirdin û perrupînekirdnî keleberekanî sîstemî serwerî çînayetî, hîçîtrî lêberhem nayêt, bo emeş bellge zorn û çawgêranêkî xêra le (rusye)we ta çîn û kuba û îwguslavya û wllatanî efrîkî probolşevîk û ..tid, wellamî mêjûn bo tênegeyiştnekanî kal markis û paşrrewanî lewey ke enarkîyekan le înternasîwnallî yekemda û le şorrşî rusye û îspanya û hewllekanî dwatirda bangewazîyan bo dekird û gyanyan lepênawîda bextkird.

enarkîstekan her le pêş înternasîwnalî yekemewe, rayangeyand, ke parte ramyarîyekan parçe parçegerî bzavî soşyalîstîn, be

ڕێڕەوکردنــی ئایــدیۆلۆژیایەك مرۆڤەکــان دەســتەمۆ دەکەن و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سایەی سەروەری چینایەتیدا (بە هەمــوو شــێوەکانی دەوڵەتەوە) پەژمــوردە دەبــن و وەك خەونــی ئازادیخوازان لە سیاچاڵەکانی دەسەڵاتدا دەتاسێنرێن.

لەبەرئەوەی نووســەر ئەنــارکیزمی کــردووەتە داهێنــانی پرۆدۆن و باکونین، بەپێویستی دەزانم وەڵامی نامەیەکی کارڵ مارکس لەلایەن (پرۆدۆن)وە، کە خۆشــبەختانە وەرگێــڕدراوەتە ســەر زمــانی فارســی، عەرەبــی و کــوردی و بە زۆربەی زمانەکــانیش هەیە، بکەمە بەڵگەی ناپرۆدۆنیستبوون و ناباکونینیستبوونی ئەنارکیزم و هاوکات ڕەخنەی پرۆدۆن لەوەی کە مــارکس و هاوڕێیــانی خەریکــی داڕێژانــی ڕێــڕەو (مــذهب)ێکــی دونیــایین، ئەوەی کە ئەوڕۆکە مارکسیســتەکان بە شانازییەوە وەك هەڵگری هەر ئایینێکی تر کارل مارکس و پاشڕەوانی وی دەکەنە پەیامبەری ئایینەکەیان و سۆشیالیزم بە داهێنراوی ئەو و ئەوانیتر و دانانی پەرتووکەکانیان لە ڕیزی پەرتووکە ئاسمانییە سەرو ڕەخنەکان، دادەنێن.

وەڵامنــامەی پڕۆدۆن (Pierre-Joseph Proudhon) بــۆ مــارکس (Karl Heinrich Marx)

rêrrewkirdnî aydyolojyayek mrovekan destemo deken û azadî û yeksanî û dadperwerî komellayetî le sayey serwerî çînayetîda (be hemû şêwekanî dewlletewe) pejmurde debin û wek xewnî azadîxwazan le syaçalekanî desellatda detasênrên.

leberewey nûser enarkîzmî kirduwete dahênanî prodon û bakunîn, bepêwîstî dezanim wellamî nameyekî karll markis lelayen (prodon)we, ke xoşbextane wergîrdrawete ser zmanî farsî, 'erebî û kurdî û be zorbey zmanekanîş heye, bkeme bellgey naprodonîstbûn û nabakunînîstbûnî enarkîzm û hawkat rexney prodon lewey ke markis û hawrêyanî xerîkî darrêjanî rêrrew (mijhib)êkî dunyayîn, ewey ke ewroke marksîstekan be şanazîyewe wek hellgrî her ayînêkî tir karl markis û paşrrewanî wî dekene peyamberî ayînekeyan û soşyalîzm be dahênrawî ew û ewanîtir û dananî pertûkekanyan le rîzî pertûke asmanîye seru rexnekan, dadenên.
wellamnamey prrodon (Pierre-Joseph Proudhon ) bo markis (Karl Heinrich Marx )
„ وەرە بە تەواوی توانا بۆ دۆزینەوەی یاساکانی کۆمەڵگا پێکەوە کار و ڕاوێژ بکەین، بەم چەشنە کە ئەم یاسایە لە کۆمەڵگادا کار دەکات، واتە باشترین شێوازێك کە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەوان بیگرینە بەر.
بەڵام، بۆ خاتری خوا، دوای ئەوەیکە گشت بەستەڵەکە فکرییەکانمان وەلانان، ڕێگا مەدە ئەوەیکە هەوڵمان بۆی داو و پێی گەیشتین، بیروڕا و تێڕوانینێکی تر بە سەر خەڵکدا بسەپێنین و دەرخواردیان بدەین .... من لە قووڵایی دڵمەوە ڕێز لە بیروڕای تۆ دەگرم کە دەخوازی تەواوی تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان لێکبدەیەوە و ڕوونیان بکەیەوە.
با، لە کردار و ڕەفتاردا، باش و مێهرەبان بین. ڕێگا بدە نموونەیەك لە پێکەوە هەڵکردنی (تۆلێرانس) وشیارانە و دووربینانە بە جیهان نیشان بدەین.

rêrrewkirdnî aydyolojyayek mrovekan destemo deken û azadî û yeksanî û dadperwerî komellayetî le sayey serwerî çînayetîda (be hemû şêwekanî dewlletewe) pejmurde debin û wek xewnî azadîxwazan le syaçalekanî desellatda detasênrên.
leberewey nûser enarkîzmî kirduwete dahênanî prodon û bakunîn, bepêwîstî dezanim wellamî nameyekî karll markis lelayen (prodon)we, ke xoşbextane wergîrdrawete ser zmanî farsî, 'erebî û kurdî û be zorbey zmanekanîş heye, bkeme bellgey naprodonîstbûn û nabakunînîstbûnî enarkîzm û hawkat rexney prodon lewey ke markis û hawrêyanî xerîkî darrêjanî rêrrew (mijhib)êkî dunyayîn, ewey ke ewroke marksîstekan be şanazîyewe wek hellgrî her ayînêkî tir karl markis û paşrrewanî wî dekene peyamberî ayînekeyan û soşyalîzm be dahênrawî ew û ewanîtir û dananî pertûkekanyan le rîzî pertûke asmanîye seru rexnekan, dadenên.
wellamnamey prrodon (Pierre-Joseph Proudhon ) bo markis (Karl Heinrich Marx )
„ were be tewawî twana bo dozînewey yasakanî komellga pêkewe kar û rawêj bkeyn, bem çeşne ke em yasaye le komellgada kar dekat, wate baştrîn şêwazêk ke dekrêt bo dozînewey ewan bîgrîne ber.
bellam, bo xatrî xwa, dway eweyke gişt bestelleke fikrîyekanman welanan, rêga mede eweyke hewillman boy daw û pêy geyiştîn, bîrura û têrrwanînêkî tir be ser xellkda bsepênîn û derixwardyan bdeyn .... min le qûllayî dillmewe rêz le bîruray to degrim ke dexwazî tewawî têrrwanîne corawcorekan lêkbdeyewe û rûnyan bkeyewe.
ba, le kirdar û reftarda, baş û mêhreban bîn. rêga bde nmûneyek le pêkewe hellkirdnî (tolêranis) wişyarane û dûrbînane be cîhan nîşan bdeyn.

تەنیا بەو مەبەستە کە ئێمە لە سەروی جووڵانەوەیەکی نوێین. وەرە با ئێمە خۆمان وا نیشان نەدەین کە تەحەمولی کەس ناکەین.
وەرە با ئێمە پەیامنێرانی دینێکی نوێ نەبین، تەنانەت ئەگەر ئەم دینە، دینی مەنتیق، دینی عەقڵێکی تەواو بێت.
وەرە هەر چەشنە نارەزایەتییەك بەخێر هاتن بکەین و بە باوەشێکی ئاوەڵا وەریبگرین و هەر چەشنە بایکۆت، ریزپەڕیی (استثناء) و وشکەسۆفیەتی مەحکوم بکەین.
با، هەرگیز، هیچ پرسیارێك وەکوو بابەتێکی یەکجارەکی و تەواو وەرنەگرین و تەنانەت دوای ئەوەیکە دوایین باس و لێدوانی خۆشمان هەڵسەنگاند و پێیداچووینەوە و کۆتاییمان پێهێنا، بتوانین ئەگەر پێویست بێت جارێکی تریش بە شێنەیی، بە پێکەنین و قسەی خۆش دەست پێ بکەینەوە.
بە پێی مەرجێکی وا، بەخۆشییەکی تەواوەوە، لە کۆڕی ئێوەدا بەشدار دەبم. ئەگینا، بەشدار نابم."[3]

" ئانارکیزمی نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو کە بە پرۆدۆنیزم دەناسرا ، رەوتێکی خۆجێیی فەرەنسایی بوو . لە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستیی فەرەنسادا گەشەیکردو هیچ شێوە شەقلێکی ئینتەرناسیۆنالیستی پێوە نەبوو . شێوە سۆسیالیزمێک کە پرۆدۆن بانگاشەی بۆ دەکرد ، سۆسیالیزمی وردەبۆرژوازی بوو . کرێکارانی پەیوەست بەم رەوتە رەچەڵەکێکی جووتیارییان هەبوو "

بەلام بە پێچەوانەی پاگەندەی نووسەرەوە ئایدیاکانی پرۆدۆن هاوسەردەمی نێونەتەوەیی یەکەم، بوونە هەڵخرێنەری بەرچاوی بزاڤی سۆشیالیستی لە ولاتانی خوارووی ئەوروپا، نووسەر دەتوانێت بگەرێتەوە سەر دابەشبوونی بزاڤی کرێکاری و سۆشیالیستی لە ئەنجامی پیلانگێری باڵی مارکسیستی ئینتەرناسیونالی یەکەم دژی ئەنارکییەکان و سەرنج بدات و ببینێت، کە بە هەژماریش کامە باڵ

tenya bew mebeste ke ême le seruy cûllaneweyekî nwêyn. were ba ême xoman wa nîşan nedeyn ke tehemulî kes nakeyn.
were ba ême peyamnêranî dînêkî nwê nebîn, tenanet eger em dîne, dînî mentîq, dînî 'eqllêkî tewaw bêt.
were her çeşne narrezayetîyek bexêr hatin bkeyn û be baweşêkî awella werîbgrîn û her çeşne baykot, rîzperrîy (astipna ؛) û wişkesofyetî mehkum bkeyn.
ba, hergîz, hîç pirsyarêk wekû babetêkî yekcarekî û tewaw wernegrîn û tenanet dway eweyke dwayîn bas û lêdwanî xoşman hellsengand û pêydaçûynewe û kotayîman pêhêna, bitwanîn eger pêwîst bêt carêkî trîş be şêneyî, be pêkenîn û qsey xoş dest pê bkeynewe.
be pêy mercêkî wa, bexoşîyekî tewawewe, le korrî êweda beşdar debim. egîna, beşdar nabim.“[3]

“ anarkîzmî nîwey yekemî sedey pêşû ke be prodonîzm denasra , rewtêkî xocêyî ferrensayî bû . le nêw bzûtnewey sosyalîstîy ferrensada geşeykirdu hîç şêwe şeqllêkî înternasyonalîstî pêwe nebû . şêwe sosyalîzmêk ke prodon bangaşey bo dekird , sosyalîzmî wirdeborijwazî bû . krêkaranî peywest bem rewte reçellekêkî cûtyarîyan hebû ”

belam be pêçewaney pagendey nûserewe aydyakanî prodon hawserdemî nêwneteweyî yekem, bûne hellixrrênerî berçawî bzavî soşyalîstî le wlatanî xwarûy ewrupa, nûser detwanêt bgerêtewe ser dabeşbûnî bzavî krêkarî û soşyalîstî le encamî pêlangêrrî ballî marksîstî înternasîwnalî yekem djî enarkîyekan û serinc bdat û bbînêt, ke be hejmarîş kame ball

زۆرینەی دواکەوت و کام باڵی بزاڤی کرێکاری کارا و چالاك مایەوە؟!
هەروەها ئێستاشی لەتەکدا بێت، ئایدیاکانی پرۆدۆن وەك سەرچاوەیەکی خواستراوی هزری سۆشیالیزمی ئازادیخوزانە گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە. بەڵام ئەوەی کە هزری وی لەلایەن پارت و دەسەلاتەکانەوە بەکار نەبران و لە ماسمیدیادا پاگەندەیان بۆ نەکرا، بۆ توخمی ئازادیخوازانەی ئایدیاکانی وی دەگەرێتەوە، کە لەتەك دەسەڵاتخوازیدا ناکۆك و ناتەبان و دژ دەوەستنەوە و بەکەڵکی قەیرانەکانی وڵستریت (wall street) نایێن.

لێرەدا تووشی شۆك دەبم، کە نووسەر و زۆرێکی تر لە مارکسیستەکان، چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن، هەمان هەڵەی مارکس و لێنین و پاشڕەوانیان دووبارە دەکەنەوە و ئێستاش بە هەمان ئاخاوتنی سەردەمی مارکس سووکایەتی بە جوتیاران و خەڵکی گوندی دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەزموونی شۆڕشی ڕوسیە ئەوەی سەلماند، کە جوتیاران هێزێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کاران و بەبێ هاوکاری و ئازادی و ئامادەیی خۆبەخشانەی ئەوان ژیانی کۆمەڵگە ناگوزەرێنرێت و پیشەسازی ئۆتۆمەبێل و لەشکری سووری پڕچەك، بەبێ پشتیوانی جوتیاران و تەنانەت خودی شۆڕشی 1917 بەبێ جوتیاران، بلقی سەر ئاو بوون. ئەگەر جوتیاران ئەو هێزە هیچەن، کە شۆڕشی مارکسیستەکان پەراوێزیان دەخات و دەیانکاتە سومبولی سوکایەتی، ئەدی بۆ شاگردەکەی مارکس و لێنین، (ستالین) دوور لە ئامادایی و خواستی خودی جوتیاران، ناچار بە سەپاندنی مۆدێلێکی دیکتاتۆریانە و کاریکاتۆریانەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی دەبێت و دەیان هەزار جوتیار دەبنە قوربانی بەرنامە ناوەندییەکانی بۆلشەویزم؟

ئەوەی کامە ئاراستە و کامە شێوە (دەولەتی یا ئەنارکی) لە سۆشیالیزم توانی لەتەك ئازادیدا هەڵبکات و کامە یوتوپیی و کامە کەتواریی بوو، کامە وردەبۆرجوازیی و کامە دژە بۆرجوازیی بوو، خوێنەر دەتوانێت لەبەر ڕۆشنایی خەرواری دۆکومێنتەکان و

zorîney dwakewt û kam ballî bzavî krêkarî kara û çalak mayewe?! herweha êstaşî letekda bêt, aydyakanî prodon wek serçaweyekî xwastrawî hizrî soşyalîzmî azadîxuzane gringî xoyan ledest nedawe. bellam ewey ke hizrî wî lelayen part û deselatekanewe bekar nebran û le masmîdyada pagendeyan bo nekra, bo tuxmî azadîxwazaney aydyakanî wî degerêtewe, ke letek desellatixwazîda nakok û nateban û dij dewestnewe û bekellkî qeyranekanî wllistrît (wall sitreet) nayên.

lêreda tûşî şok debim, ke nûser û zorêkî tir le marksîstekan, çon rêge bexoyan deden, heman helley markis û lênîn û paşrrewanyan dûbare dekenewe û êstaş be heman axawtnî serdemî markis sûkayetî be cutyaran û xellkî gundî deken, le katêkda ke ezmûnî şorrşî rusye ewey selmand, ke cutyaran hêzêkî komellayetî û abûrîy karan û bebê hawkarî û azadî û amadeyî xobexşaney ewan jyanî komellge naguzerênrêt û pîşesazî otomebêl û leşkrî sûrî pirrçek, bebê piştîwanî cutyaran û tenanet xudî şorrşî 1917 bebê cutyaran, billqî ser aw bûn. eger cutyaran ew hêze hîçen, ke şorrşî marksîstekan perawêzyan dexat û deyankate sumbulî sukayetî, edî bo şagirdekey markis û lênîn, (stalîn) dûr le amadayî û xwastî xudî cutyaran, naçar be sepandnî modêlêkî dîktatoryane û karîkatoryaney herewezîy kiştukallî debêt û deyan hezar cutyar debne qurbanî bername nawendîyekanî bolşewîzm?

ewey kame araste û kame şêwe (dewletî ya enarkî) le soşyalîzm twanî letek azadîda hellbkat û kame îwtupîy û kame ketwarîy bû, kame wirdeborcwazîy û kame dje borcwazîy bû, xwêner detwanêt leber roşnayî xerwarî dokumêntekan û

بەراوردکارییەکـــــــانی دەسەلاتداری قـــــــوچکەیی بۆلشەڤیکەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزییەکانی شۆڕشی ئیسپانیادا، بەخۆی بەبێ پێشداوەری من یا کەسێکی تر بەدەستی بهێنێت!

" ئانارکیزم لە سەرەتاکەیدا دژی خاوەندارییی تایبەتی نەبوو ، تەنها ڕەخنەی لە شێوەی دابەشکردنی سامان هەبوو ، یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە خاوەندارییی تاکەکەسدا دەبینی . بەرنامەی ئابووری ئەم ئانارکیزمە ، دامەزراندنی بانکێکی نیشتمانی بوو کە قازانجی سەرمایەی تێدا نەبێت "

نووســـەر هیـــچ بەڵگەیەك بـــۆ ئەم بۆچوونـــانەی ناخـــاتە ڕوو و تەنیـــا بۆچـــوونە بێبنەماکـــانی لێنیـــن و پاشـــڕەوانی وی، دووبـــارە دەکـــاتەوە. ئەنـــارکیزم هەر لە ســـەرتای ســـەرهەڵدانییەوە وەك هزرێـــك، دژایەتـــی ســـەروەری چینـــایەتی و بـــانگەوزای بـــۆ کـــۆمەڵگەی بێچیـــن و چەوســـانەوە کـــردووە، مەرجیشـــی بـــۆ ســـەرهەڵدانی وەهـــا کـــۆمەڵگەیەك خەبـــاتی بەردەوام و ئامـــادەیی یەکگرتنـــی ئازادانەی کۆمـــونە و هەرەوەزییەکـــانی کرێکاران و جوتیاران و بەشـــەکانی تـــری کـــۆمەڵگە بـــووە، لەســـەر بنەمـــای فیدراســـیۆن و کۆنفیدراســـیۆنە ڕێکخراوەکـــان لە خـــوارەوەڕا. ئەوەی کە نووســـەر بە بـــانکی نیشـــتمانی نێـــوی دەبـــات "بـــانکی ئاڵـــووێرە"[4] ، کە تەنیـــا کـــاری ڕێکخســـتنە و هیـــچ هاوشـــێوەیەکیی لەتەك بـــانکە باوەکـــانی سیســـتەمی ســـەرمایەداری دەوڵەتیـــدا نییە، کە بە "بـــانکی نیشـــتمانی" ناســـروان. هەروەهـــا لای ئەنارکیســـتەکان هەرشـــتێك نەبێتە هـــۆی بەهرەکێیســـی لە کـــاری کەســـانی تـــر، نـــاچێتە خـــانەی خاوەنـــدارێتی تـــایبەتەوە و سەرتاشـــێك، بەردرووریـــك، جوتیارێـــك، پیشـــەگەرێك، کە داهـــاتی تەنیـــا بەرهەمـــی کـــاری خـــۆی بێـــت و کەســـی بـــۆ ئەو مەبەســـتە بەهرەکێشی نەکردبێت، ڕەتناکاتەوە.

دواجـــار، وەك لە ئەزمـــوونی شۆڕشـــی ئیســـپانیادا بە دیـــاریکراوی لە نـــاوچەی کەتالۆنیا، جوتیاران و کرێکاران بە خۆخواستی و بە ویستی

berawirdkarîyekanî deselatdarî quçkeyî bolşevîkekan û xoberrêweberayetî herewezîyekanî şorrşî îspanyada, bexoy bebê pêşdawerî min ya kesêkî tir bedestî bhênêt!

“ anarkîzm le seretakeyda djî xawendarîy taybetî nebû , tenha rexney le şêwey dabeşkirdnî saman hebû , yeksanî û 'edaletî komellayetî le xawendarîy takekesda debînî . bernamey abûrî em anarkîzme , damezrandnî bankêkî nîştmanî bû ke qazancî sermayey têda nebêt “

nûser hîç bellgeyek bo em boçûnaney naxate rû û tenya boçûne bêbnemakanî lênîn û paşrrewanî wî, dûbare dekatewe. enarkîzm her le sertay serhelldanîyewe wek hizrêk, djayetî serwerî çînayetî û bangewzay bo komellgey bêçîn û çewsanewe kirduwe, mercîşî bo serhelldanî weha komellgeyek xebatî berdewam û amadeyî yekgirtnî azadaney komune û herewezîyekanî krêkaran û cutyaran û beşekanî trî komellge buwe, leser bnemay fîdrasyon û konfîdrasyone rêkixrawekan le xwarewerra. ewey ke nûser be bankî nîştmanî nêwî debat “bankî alluwêre”[4] , ke tenya karî rêkxistne û hîç hawşêweyekîy letek banke bawekanî sîstemî sermayedarî dewlletîda nîye, ke be “bankî nîştmanî” nasirwan. herweha lay enarkîstekan heriştêk nebête hoy behrekêsî le karî kesanî tir, naçête xaney xawendarrêtî taybetewe û sertaşêk, berdrûrêk, cutyarêk, pîşegerêk, ke dahatî tenya berhemî karî xoy bêt û kesî bo ew mebeste behrekêşî nekirdbêt, retnakatewe.

dwacar, wek le ezmûnî şorrşî îspanyada be dyarîkrawî le nawçey ketalonya, cutyaran û krêkaran be xoxwastî û be wîstî

ئازادانەی خۆیان دەبوونە بەشێك لە كۆمونە هەرەوەزییەكان -ڕێك بەپێچەوانەی مۆدێلە بۆلشەویكییەكەی ڕوسیا و چین و كوبا و بلۆكی ئۆروپای خۆرهەلاتی، كە بە زۆری سەرەنێزە و كاری زۆرەملێ و دوورخستنەوەی جوتیارانی نارازی بۆ سیبریا- و هەر ئەو ئازادییەش بوو، كە گیانی شۆڕشگێڕانەی لای ئەندامانی هەرەوەزییەكانی ئۆكرانیا و ئیسپانیا دروستكرد، كە تا دوا گولە و دوا دلۆپی خوێن دژی دوژمنی چتینایەتییان بجەنگن و گیانیان لەپێناو كۆمەڵگە ئازادەكانیاندا بەخت بكەن، بەپێچەوانەشەوە هەر زۆری سەرەنێزەی سوپای سوور بوو، كە وای لە دانیشتوانی ڕوسیە و ولاتەكانی تری دەستەخۆشكی كرد، كە خوازیاری گەڕانەوەی دڕندەترین سیستەمی بازار ئازاد بن، سیستەمێك، كە 70 ساڵ پێشتر بە هەزاران قوربانیان بۆ لەناوبردنی دابوو.

"لەڕووی سیاسییەوە ئانارکیزمی پرۆدۆنی دژی كاری شۆڕشگێڕانەو سەربەخۆی چینی كرێكار بوو . نە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەكدارو نە مانگرتنی كرێكارانی نەدەسەلماند ، بەڵكو لەگەڵ سازش و تەبایی چینایەتی نێوان كرێكاران و سەرمایەداراندا بوو ."

ئەگەر نووسەر نموونەی دابا و كەمێك ڕوونتر لەمەڕ سەربەخۆیی چینی كرێكار و شۆڕشگێڕیی دوابا كار ئاسانتر دەبوو. پرۆدۆن بە هەموو شێوەیەك دژی توندوتیژی بوو، مانگرتنیشی ڕەت نەدەكردەوە، دژی سازشی چینایەتیش بوو. ئەو پێیوابوو خەبات لە ڕەوتێكی درێژخایەندا باشترە لە توندووتیژییەك كە توندووتیژی بەرامبەر دەمەزەرد دەكاتەوە. سەردەمێكیش كە ئەوەی تێدا دەژیا، زۆر لە سەردەم و دەوڵەتەكانی سەدەی بیست و یەك جیاوازتر بوو. ئەگەر پرۆدۆن لە سەردەمی شۆڕشی ڕوسیە یا شۆڕشی ئیسپانیا بژیایە و لە بری خەباتی چەكداری دژی لەشكركێشی دەرەكی، خوازیاری ئاشتی و پێكەوەژیان بووایە، ئەوا ڕەخنەكانی نووسەر لە جێی خۆیاندا بوون. هەروەها بەڵگەش بۆ ئەوەی كە ئەنارکییەكان هیچ كات دژی سەربەخۆیی نەبوون و ناشۆڕشگێڕیش نەبوون، نووسەر و خوێنەر دەتوانن بڕواننە

azadaney xoyan debûne beşêk le komune herewezîyekan -rêk bepêçewaney modêle bolşewîkîyekey rusya û çîn û kuba û blokî orupay xorhelatî, ke be zorî serenêze û karî zoremlê û dûrxistenewey cutyaranî narazî bo sîbirya- û her ew azadîyeş bû, ke gyanî şorrişgêrraney lay endamanî herewezîyekanî okranya û îspanya drustkird, ke ta dwa gule û dwa dlopî xwên djî dujimnî çtînayetîyan bcengin û gyanyan lepênaw komellge azadekanyanda bext bken, bepêçewaneşewe her zorî serenêzey supay sûr bû, ke way le danîştwanî rusye û wllatekanî trî destexuşkî kird, ke xwazyarî gerranewey drrindetrîn sîstemî bazar azad bin, sîstemêk, ke 70 sall pêştir be hezaran qurbanyan bo lenawbirdnî dabû.

“lerrûy syasîyewe anarkîzmî prodonî djî karî şorrişgêrranew serbexoy çînî krêkar bû . ne xebatî şorrişgêrraney çekdaru ne mangirtnî krêkaranî nedeselmand , bellku legell sazş û tebayî çînayetî nêwan krêkaran û sermayedaranda bû .“

eger nûser nmûney daba û kemêk rûntir lemerr serbexoyî çînî krêkar û şorrişgêrrîy dwaba kar asantir debû. prodon be hemû şêweyek djî tundutîjî bû, mangirtnîşî ret nedekirdewe, djî sazşî çînayetîş bû. ew pêywabû xebat le rewtêkî drêjxayenda baştre le tundûtîjîyek ke tundûtîjî beramber demezerd dekatewe. serdemêkîş ke ewey têda dejya, zor le serdem û dewlletekanî sedey bîst û yek cyawaztir bû. eger prodon le serdemî şorrşî rusye ya şorrşî îspanya bijyaye û le brî xebatî çekdarî djî leşkirkêşî derekî, xwazyarî aştî û pêkewejyan buwaye, ewa rexnekanî nûser le cêy xoyanda bûn. herweha bellgeş bo ewey ke enarkîyekan hîç kat djî serbexoyî nebûn û naşorrişgêrrîş nebûn, nûser û xwêner detwanin birrwanne

ڕۆڵـــی ماخنۆڤیســـتەکانی ئۆکرانیـــا 1917 - 1921 کە هاوکـــات دژی داگیرکـــاری نەمســـا و ئاڵمانیـــا و دژی ســـەرکوتگەریی بۆلشـــەڤیکەکان دەجەنگـــان و دواجـــار بۆلشـــەڤیکەکان لەتەك دوژمـــن ڕێککەوتـــن و لە دواوەرا خەنجەری ژەهراویی خۆیان لە لەشکری ماخنۆڤیستەکان دا، کە دژی ڕێکەوتننـــامە شـــوومەکەی برێســـت-لیتۆڤســـك Brest-Litowsk دەوڵەتی بۆلشەڤیکەکان و دەوڵەتی ئاڵمان و نەمسا بوون.

پرۆدۆن خاوەنـــدارێتی تـــایبەتی بە دزی دادەنێـــت و دژی ســـەروەریی چینایەتیشە و پێکهاتنی کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر تەنیا لەسـەر بنەمـای یەکگرتنـی ئازادانەی هەرەوەزییەکـان لە فیدراسـیۆنە ئازادادەکاندا دەبینێت، ئیتر بەکام پێوەر و بەکـام سـەرچاوە خوازیـاری تەبـایی چینـایەتی کرێکـاران و سـەرمایەداران دەبێـت. پرۆدۆن جارێـك وەك نوێنـەر لـە ئەنجومەنی گەلی خۆهەلدەبژێرێت، پاش مـاوەیەك وازی لێدەهێنێت و دژی هەڵـبژاردن و خۆهەڵـبژاردن بـانگەواز دەکـات. ئیـتر نـازانم لەسەر چ بنەمـایەك ئەو بـووەتە دژی کـاری شۆڕشـگێڕانە و دژی سەربەخۆیی چینـی کرێکـار؟ بـۆ هەمـوو لایەکمـان سـوودمەند دەبێـت، ئەگەر نووسەر یا هەر کەسێکی تـر ئەو ئەرکە بکێشێت و لەو بـارەوە لە تێکست و قسە و کارکردەکانی پرۆدۆن دا نموونـەیەك دەستنیشـان بکـات. ئەوەنـدەی مـن بزانـم پرۆدۆن تەنیـا یەك کفـری کـردووە و ئەویـش ئەو نـامەیە کە بـۆ (کـارل مـارکس)ی دەنووسێت و ئیـتر بە هەمـوو شـێوەیەك بەر نەفـرەت دەدرێـت. بـۆ زیـاتر ڕوونبـوونەوەی باسەکە لەسەر پرۆدۆن، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم پەرەگرافەی دواتری نووسەر ڕادەکێشم.

" گرنگترین خاڵێك کە ئانارکیزمی سەردەم بە ئانارکیزمی پرۆدۆنییەوە دەبەستێتەوە ، ڕەتکردنـەوەی دەوڵـەتە بە هەمـوو شێوەکانییەوە . پرۆدۆن دژی پێکهێنـــانی دەوڵـەت و دیســـپلینی دەوڵـەتـــی بـــوو . دەســـەڵاتی چینـەکـانی ڕەفزدەکـردو هەمـوو جـۆرە ناوەنـدێتییەکی بە ســەرچاوەی چەوســـاندنەوە دەزانـــی . ئەو داواکـــاری هێنانەکـــایەی بە پەلەو دەمودەستی کۆمەڵگای سۆسیالیستیی بێ دەوڵەت بوو ."

rollî maxnovîstekanî okranya 1917- 1921 ke hawkat djî dagîrkarî nemsa û allmanya û djî serkutgerîy bolşevîkekan decengan û dwacar bolşevîkekan letek dujmin rêkkewtin û le dwawera xencerî jehrawîy xoyan le leşkrî maxnovîstekan da, ke djî rêkewtinname şûmekey brêst- lîtovisk Brest-Litowisk dewlletî bolşevîkekan û dewlletî allman û nemsa bûn.

prodon xawendarêtî taybetî be dzî dadenêt û djî serwerîy çînayetîşe û pêkhatnî komellgey azad û yeksan û dadperwer tenya leser bnemay yekgirtnî azadaney herewezîyekan le fîdrasyone azadadekanda debînêt, îtir bekam pêwer û bekam serçawe xwazyarî tebayî çînayetî krêkaran û sermayedaran debêt. prodon carêk wek nwêner le encumenî gelî xoheldebjêrêt, paş maweyek wazî lêdehênêt û djî hellbjardin û xohellbjardin bangewaz dekat. îtir nazanim leser çi bnemayek ew buwete djî karî şorrişgîrane û djî serbexoyî çînî krêkar? bo hemû layekman sûdmend debêt, eger nûser ya her kesêkî tir ew erke bkêşêt û lew barewe le têkist û qse û karkirdekanî prrodon da nmûneyek destnîşan bkat. ewendey min bzanim prrodon tenya yek kifrî kirduwe û ewîş ew nameye ke bo (karl markis)î denûsêt û îtir be hemû şêweyek ber nefret dedrêt. bo zyatir rûnbûnewey baseke leser prrodon, serincî xwêner bo em peregrafey dwatrî nûser radekêşm.

“ gringitrîn xallêk ke anarkîzmî serdem be anarkîzmî prodonîyewe debestêtewe , retkirdnewey dewllete be hemû şêwekanîyewe . prodon djî pêkhênanî dewllet û dîsplînî dewlletî bû . desellatî çînekanî refizdekirdu hemû core nawendêtîyekî be serçawey çewsandnewe dezanî . ew dawakarî hênanekayey be pelew demudestî komellgay sosyalîstîy bê dewllet bû .“

من دەزانم  چی نووسەری تووشی ئەو ناکۆکییە زاقە کردووە، نووسەر لە بۆچوونەکانیدا لە بری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و هەلسەنگاندنی خۆی، پشت بە بۆچوونی کەسێکی تر دەبەسێت (جەعفەری ڕەسا)، کە ئەویش لە بری خوێندنەوەی خۆی لە بارەی ئەنارکیزم و هەڵگرانی ئەو هزرە، کەچی پشتی بە بۆچوونەکانی مارکس و لێنین و پاشڕەوانیان بەستووە و هەر ئەمەشە کە (فوئاد قەرەداغی) تووشی ناکۆکی کردووە.

لە کاتێکدا کە لە برگەی یەکەمدا پرۆدۆن و ئەنارکیزمە بۆ دروستکراوەکەی دژی کاری شۆڕشگێڕانە و سەربەخۆیی چینی کرێکارن و خوازیاری تەبایی چینایەتی کرێکاران و سەرمایەدارانن، چۆن دەتوانێت هاوکات و لە برگەی دواتردا ببنە ڕەتکەرەوەی دەسەلاتی چینەکان و خوازیاری دەستبەجێی سۆشیالیزم؟
لێرەدا من وەك خوێنەرێك، کاتێك کە ئەو دوو پەرەگرافە لەیەك دەدەم، توشی سەرلێشێوان دەبم، چونکە چیتر لە مەبەستی نووسەر لە سەربەخۆیی چینی کرێکار و کاری شۆڕشگێڕانە تێناگەم!

" مارکس دژی ئانارکیزمی پرۆدۆنی خەباتێکی سەختی کردو دوای تێکشکانی کۆمۆنەی پاریس پاشەکشەی بە پرۆدۆنیزم کردو لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری و ئینتەرناسیۆناڵی یەکەمدا هیچ ئیعتیبارێکی بۆ نەهێشتنەوە ."

وەك لە سەرەتادا ڕۆشنایيم خستە سەر نەدەبوو نووسەر بکەوێتە هەڵەی واوە و ئەو دەستەواژە سواوانەی سەرزاری ئەندامانی گوێڕایەڵی پارت دووبارە بکاتەوە. ئەوەی مارکس وەك سۆپەرمانێك پاشەکشەی بە ئەنارکیزمە بۆدروستکراوەکەی پرۆدۆن کردبێت و لە نێو ئینتەرناسیونالی یەکەمدا هیچ متمانەیەکەی بۆ نەهێشتبێتەوە، ئەمە فرەتر لە دیمەنی فیلمە سینەماییە ئەمەریکییەکان دەچێت تا لە مشتومڕی دوو هزریاری نێو کۆڕوکۆمەڵێکی کرێکاری و سۆشیالیستی!

min dezanim  çî nûserî tûşî ew nakokîye zaqe kirduwe, nûser le boçûnekanîda le brî lêkollînewe û bedwadaçûn û helsengandnî xoy, pişt be boçûnî kesêkî tir debesêt (ce'ferî resa), ke ewîş le brî xwêndnewey xoy le barey enarkîzm û hellgranî ew hizre, keçî piştî be boçûnekanî markis û lênîn û paşrrewanyan bestuwe û her emeşe ke (fuad qeredaxî) tûşî nakokî kirduwe.

le katêkda ke le birgey yekemda prodon û enarkîzme bo drustikrawekey djî karî şorrişgêrrane û serbexoyî çînî krêkarn û xwazyarî tebayî çînayetî krêkaran û sermayedaranin, çon detwanêt hawkat û le birgey dwatirda bibne retkerewey deselatî çînekan û xwazyarî destbecêy soşyalîzm?
lêreda min wek xwênerêk, katêk ke ew dû peregrafe leyek dedem, tuşî serlêşêwan debim, çunke çîtir le mebestî nûser le serbexoyî çînî krêkar û karî şorrişgîrane tênagem!

“ markis djî anarkîzmî prodonî xebatêkî sextî kirdu dway têkişkanî komoney parîs paşekşey be prodonîzm kirdu le nêw bzûtnewey krêkarî û înternasyonallî yekemda hîç î'tîbarêkî bo nehêştnewe .“

wek le seretada roşnayîm xiste ser nedebû nûser bkewête helley wawe û ew destewaje swawaney serzarî endamanî gwêrrayellî part dûbare bkatewe. ewey markis wek sopermanêk paşekşey be enarkîzme bodrustikrawekey prodon kirdbêt û le nêw înternasîwnalî yekemda hîç mitmaneyekey bo nehêştbêtewe, eme fretir le dîmenî fîlme sînemayye emerîkîyekan deçêt ta le miştumrrî dû hizryarî nêw korrukomellêkî krêkarî û soşyalîstî!

من لە سەرەوە بە دیاریکراوی دەقی نامەکەی (پرۆدۆن)م هێنایەوە، تاوەکو خوێنەر بزانێت کە پرۆدۆن لەسەر چی داواکەی کارل مارکس رەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی لە هەوڵی دەستەکەی (کارل مارکس)دا، سەرهەڵدانێکی ئایینێکی دونیایی و لاساییکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ریساکانی سەرووەری چینایەتی دەبێنیت، لەبەر ئەوەی کە پرۆدۆن دژی ئۆتۆریتە بوو، دژی دەسەلاتی چینایەتی بوو، کە خودی نووسەریش دانی پێداناوە.

" هەر ئەو کاتە شێوە مەیلێکی دیکەی ئانارکیستی لە ئینتەرناسدیۆنالی یەکەمدا جێورپێی خۆی هەبوو . باکۆنین رابەرایەتی ئەم مەیلەی دەکرد ."

دیسانەوە کاتێك کە خوێنەر ئەم دوو پەرەگرافە لەیەك دەدات، ئەوەی لا دروست دەبێت، کە لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا دوو ئاراستەی ئەنارکیستی –بەو جۆرەی نووسەر یا ئەو سەرچاوانەی ئەو پشتی پێبەستوون، دورستیان کردوون- (ئەنارکیزمی پرۆدۆنی ) و (ئەنارکیزمی باکونی) هەبوون. بەڵام ئەمە دروست نییە و هیچ بنەما و سەرچاوەیەکی نییە. لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا ئەنارکیستەکان لە پیلانێکی چەپەلدا کرانە دەرەوە، چونکە ئەوان پێیانوابوو، جیاوازی دیکتاتۆریی بۆرژوازی و دیتکاتۆریی پارتی پێشرەو نییە، بەڵکو واوەتر لەوە پێیانوابوو، دیکتاتۆریی سوور چەوسانەوەی بێدەسەلاتەکانی کۆمەڵگە (چین و توێژە بەرهەمهێنەرەکان) دەگەیێنێتە لووتکە. ئایا ئەوەی کە لە مێژووی حەفتاساڵەی دەسەلاتی دیکتاتۆری سووری بۆلشەڤیکەکاندا رووی دا هەر ئەوە نەبوو، کە باکونین لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا خستییە بەردەم کارل مارکس و پاشرەوانی؟

"لە بری دەوڵەت داواکاری کۆمەڵگای رێکخراوو دامەزراوەی ئۆتۆنۆمی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە بوو."

min le serewe be dyarîkrawî deqî namekey (prodon)mi hênayewe, taweku xwêner bzanêt ke prodon leser çî dawakey karl markis retdekatewe, leberewey le hewllî destekey (karl markis)da, serhelldanêkî ayînêkî dunyayî û lasayîkirdnewe û nojenkirdnewey rîsakanî serwerî çînayetî debênît, leber ewey ke prodon djî otorîte bû, djî desellatî çînayetî bû, ke xudî nûserîş ddanî pêdanawe.

“ her ew kate şêwe meylêkî dîkey anarkîstî le înternasdyonallî yekemda cêwrêy xoy hebû . bakonîn raberayetî em meyley dekird .“

dîsanewe katêk ke xwêner em dû peregrafe leyek dedat, ewey la drust debêt, ke le înternasîwnallî yekemda dû arastey enarkîstî – bew corey nûser ya ew serçawaney ew piştî pêbestûn, duristyan kirdûn- (enarkîzmî prodonî ) û (enarkîzmî bakunî) hebûn. bellam eme drust nîye û hîç bnema û serçaweyekî nîye. le înternasîwnallî yekemda enarkîstekan le pîlanêkî çepelda krane derewe, çunke ewan pêyanwabû, cyawazî dîktatorîy borijwazî û dîtkatorîy partî pêşrrew nîye, bellku wawetir lewe pêyanwabû, dîktatorîy sûr çewsanewey bêdesellatekanî komellge (çîn û twêje berhemhênerekan) degeyênête lûtke. aya ewey ke le mêjûy heftasalley deselatî dîktatorî sûrî bolşevîkekanda rûy da her ewe nebû, ke bakunîn le înternasîwnallî yekemda xistîye berdem karl markis û paşrrewanî?

“le brî dewllet dawakarî komellgay rêkixrawu damezrawey otonomî krêkaran û xellkî çewsawe bû.“

ئەمەیان، دروستە و هەموو ئەنارکیستەکان سەراپای خەباتیان بۆ ئەو ئامانجەیە. بەڵام دەبێت ئەوە ڕوون بێت، کە فیدرالیزمی ئەنارکیستی، فیدرالیزمێك نییە، کە لە سەرەوە پێکبێت و بسەپێنرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئامادەیی ئازادانەی تاك و دواجاریش کۆمەڵە و کۆمونە و هەرەوەزییە ئازادەکان پێکدێت، وەك ئەوەی کە لە شۆڕشی 1917 لە ئۆکرانیا و لە شۆڕشی 1936ی ئیسپانیا ڕووی دا. بەڵام ئەوئۆتۆنۆمی (خودموختاری)یەی کە نووسەر باسی لێوەکردووە، لە فەرهەنگی ئەنارکییەکاندا بە (خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزی و کۆمونەکان) ناودەبرێت و لە ئۆتۆنۆمییەکەی بەعس و ئۆتۆنۆمییە ڕاستەقینەکەی ناسیونالیزمی کورد جیاوازە. لە خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاری یا ئەنارکی واتە ڕێکخستن و خەبات و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەرگریکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە خوارەوەڕا نەك پێچەوانەکەی.

لێرەدا پرسیارێك یەخەمان دەگرێت: ئایا خوازیاری کۆمەڵگەی ڕێکخراو و دامەزراوەی خودموختاری کرێکاران و خەڵکی چەوساوە وردەبۆژوازیانەیە یا دەسەلاتخوازی و خۆبەڕابەرزانین و دیکتەکردنی ژیان بە کرێکاران و چەوساوان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە سەرەوەرا و دەستەمۆکردنی سۆڤیەتەکان؟

وەلامی ئەم پرسیارە کرۆکی ڕەخنەی ئەنارکیزم وەك هزرێکی ئازادڕەو لە ڕێڕەو (مذهب)ی مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆجیای پارتی پێشڕەو پێکدەهنێت. لێرەدا پێویستە ئەوەش ڕۆشن بکەمەوە، کە ئەنارکیستەکان لە پێش (پرۆدۆن)ەوە تا هەنووکە لە بری سیستەمی ناوەندێتی سەپێنراو، خوازیاری هەرەوەزییە ئازادەکانی ڕێکخراو لەسەر بنەمای یەکگرتنی فیدرالیستی دڵخوازانەی گروپ و ناوچە و شار و ولات و کیشوەرەکانن و لە بری دەوڵەت و سەروەری چین و پارت، خوازیاری خۆبەڕێوەبەڕێتی کرێکاران و بەشەکانی تری کۆمەڵن.
ئەگەر کیشەکانی ناوخۆی عیراق و پرسی نەتەوەکان و قەیرانەکانی تری و کردنەدەرەوەی لەشکری داگیرکەری هاوپەیمان و کۆتایی

emeyan, druste û hemû enarkîstekan serapay xebatyan bo ew amanceye. bellam debêt ewe rûn bêt, ke fîdralîzmî enarkîstî, fîdralîzmêk nîye, ke le serewe pêkbêt û bsepênrêt, bellku leser bnemay amadeyî azadaney tak û dwacarîş komelle û komune û herewezîye azadekan pêkdêt, wek ewey ke le şorrşî 1917 le okranya û le şorrşî 1936î îspanya rûy da. bellam ewotonomî (xudmuxtarî)yey ke nûser basî lêwekirduwe, le ferhengî enarkîyekanda be (xoberrêweberayetî herewezî û komunekan) nawdebrêt û le otonomîyekey be'si û otonomîye rasteqînekey nasîwnalîzmî kurd cyawaze. le xoberêweberayetî krêkarî ya enarkî wate rêkxistin û xebat û berhemhênan û dabeşkirdin û bergrîkirdin û berrêwebirdnî komellge le xwarewerra nek pêçewanekey.

lêreda pirsyarêk yexeman degrêt: aya xwazyarî komellgey rêkixraw û damezrawey xudmuxtarî krêkaran û xellkî çewsawe wirdebojwazyaneye ya deselatixwazî û xoberraberzanîn û dîktekirdnî jyan be krêkaran û çewsawan û rêkxistnewey komellge le serewera û destemokirdnî sovyetekan?

welamî em pirsyare krokî rexney enarkîzm wek hizrêkî azadrrew le rêrrew (mijhib)î marksîzm wek aydyolocyay partî pêşrrew pêkdehnêt. lêreda pêwîste eweş roşn bkemewe, ke enarkîstekan le pêş (prodon)ewe ta henûke le brî sîstemî nawendêtî sepênraw, xwazyarî herewezîye azadekanî rêkixraw leser bnemay yekgirtnî fîdralîstî dllixwazaney grup û nawçe û şar û wlat û kîşwerekanin û le brî dewllet û serwerî çîn û part, xwazyarî xoberrêweberrêtî krêkaran û beşekanî trî komelln.
eger kîşekanî nawxoy 'îraq û pirsî netewekan û qeyranekanî trî û kirdnederewey leşkrî dagîrkerî hawpeyman û kotayî

دەســتێوەردانی دەوڵەتــانی نــاوچەکە بەنمــوونە بهێنینەوە، ئەوا لە ڕوانگەی ئەنارکییەوە تەنیا یەك ڕێگە چارە دەمنێتەوە، ئەویش بڕیار و ئامادەیی و مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە نەك ڕێکەوتنی خێڵ و پارت و سەرۆك و کوێربینی ناسیونالستی. دەکرێت کەرکووك وەك پارێزگەیەك کە دانیشتوانەکەی فرە ئایین و فرە نەتەوەن، دەتوانێت باشترین نموونە بێت: بەڕای من هەر دابەشکردنێك یا یەکگرتنێك دەبێت لەسەر بنەمای ئامادەیی خۆخواستانەی کۆمەڵە و کۆمونە و ئەنجومەن (شورا ***) و هەرەوەزییە ئازادەکانی خودی دانیشتوانی دەڤەرەکان پێکبێت، کە تێیدا دانیشتوانی هەر گوندێك هەر شارێك هەر هەرێمێك ئازادانە و بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی و بەبێ سەپاندن لە سەرەوەرا، بڕیاری یەکگرتن و پێکهێنانی یەکگرتن یا جیابوونەوەی خۆی لەتەك ئەوانی تر لەسەر بنەمای فیدرالیزمی ئازادڕەوانە دەدات. هەروەها زمان و شێوەی پەروەردە و چۆنییەتی خۆبەڕێوەبەرایەتی خۆی دیاری دەکات، نەك بە سەپاندنی لە ناوەندەوە!

“ئانارکیزمی باکۆنینی بڕوای بە خاوەنداریی سۆسیالیستی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە فەردییەتێکی بۆرژوازی هەبوو ، بۆیە بڕواشی بە خەباتی شۆڕشگێڕانە هەبوو ، هەتا لەم ڕێیەوە دەوڵەتی بۆرژوازی بڕووخێنێت و پەیوەندییە ئابوورییەکان ، لە بەرژەوەندی کرێکاران ، گۆڕانکاریی بەسەریاندا بێت ، بەبێ ئەوەی ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانەیە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی کرێکاران بێت . „

ڕاستییەکەی باکونین کە زۆربەی ناکۆکی و دژایەتییەکانی لەتەك کارل مارکس و پاشڕەوانی لەسەر ئەو دەرکە بوو، کە پێیانوابوو هوشیاری شۆڕشگێڕانە لە دەرەوەی کرێکارانەوە لەلایەن دەستەبژێکی کۆمونیستەوە دەبرێتە ناویان و هەر ئەم تێروانینە ئایدیالیستانەش بوو، کە ئەوانی بە خولانەوە لە خولگەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی و پێداگرییان لەسەر پێداویستی مانەوەی دەولەت و دواجار دیکتاتۆری

destêwerdanî dewlletanî nawçeke benmûne bhênînewe, ewa le rwangey enarkîyewe tenya yek rêge çare demnêtewe, ewîş birryar û amadeyî û mafî takekanî komellgeye nek rêkewtnî xêll û part û serok û kwêrbînî nasîwnalistî. dekrêt kerkûk wek parêzgeyek ke danîştwanekey fre ayîn û fre netewen, detwanêt baştrîn nmûne bêt: berray min her dabeşkirdnêk ya yekgirtnêk debêt leser bnemay amadeyî xoxwastaney komelle û komune û encumen (şura***) û herewezîye azadekanî xudî danîştwanî deverekan pêkbêt, ke têyda danîştwanî her gundêk her şarêk her herêmêk azadane û bebê desttêwerdanî derekî û bebê sepandin le serwera, birryarî yekgirtin û pêkhênanî yekgirtin ya cyabûnewey xoy letek ewanî tir leser bnemay fîdralîzmî azadrrewane dedat. herweha zman û şêwey perwerde û çonîyetî xoberrêweberayetî xoy dyarî dekat, nek be sepandnî le nawendewe!

“anarkîzmî bakonînî birrway be xawendarîy sosyalîstî û hellweşandnewey hemû core ferdîyetêkî borijwazî hebû , boye birrwaşî be xebatî şorrişgêrrane hebû , heta lem rêyewe dewlletî borijwazî brrûxênêt û peywendîye abûrîyekan , le berjewendî krêkaran , gorrankarîy beseryanda bêt , bebê ewey em xebate şorrişgêrraneye amancî destbeserdagirtnî desellatî syasî û damezrandnî dewlletî sosyalîstî krêkaran bêt . „

rastîyekey bakunîn ke zorbey nakokî û djayetîyekanî letek karl markis û paşrrewanî leser ew derke bû, ke pêyanwabû huşyarî şorrişgêrrane le derewey krêkaranewe lelayen destebjêkî komunîstewe debrête nawyan û her em têrwanîne aydyalîstaneş bû, ke ewanî be xullanewe le xullgekanî komellgey çînayetî û pêdagrîyan leser pêdawîstî manewey dewlet û dwacar dîktatorî

پێشڕەوان، هێشتەوە، بە ڕاستی لە خۆرا دورینی قوماشێك لە ئەنارکیزم و دانانی مۆدیلی باکونینیبوون لە سەری ناجۆر و بێویژدانییە و لەناو ئەنارکییەکاندا ئەمە دەچێتە خانەی سووکایەتی و بێڕێزی بە ئەنارکییەکان. نەك لەبەر ئەوەی کە باکونین کەم دەنرخێنن، بەڵکو هەم بە بێڕێزی بە خودی (باکونین)ی دەزانن، کە پاشڕەوی هەبێت و هەم بە سووکایەتی بە خۆیانی دەزانن، کە تائاستی ئایدیالیست و پاشڕەواونێك دابگیردرێن. بە ڕاستی پاشڕەوی و ملدان بە شوانەیی و ڕابەری، بۆ کەسانی هوشیار، ئەوپەڕی سووکایەتییە! من گەلێك بە داخم کە نووسەر تا ئەو ئاستە خۆی داوەتەدەست قەدەری نووسینە بێبنەمانکانی جەعفەری ڕەسا!

ئەوەی کە ئامانجی ئەنارکییانی پێش باکونین و پاش باکونین، بە دەسەڵاتگەیشتن نییە، بەڵکو لەناوبرنی دەسەلاتە، لەبەر چییەتی (ماهییەت) ناسروشتی و نامرۆییبوونی دەسەلاتە وەك کوتەکی سەری خەڵك و سەرووی ویستی خەڵك. چونکە لە کوێ دەسەلاتدار هەبێت، بێدەسەڵاتیش هەیە و بوونی بێدەسەڵاتیش بە واتای نایەکسانی پێگەی ئابووری و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی تاکە بێدەسەڵاتەکان و لە بەرامبەردا بەرتەری و مشەخۆری دەسەڵاتداران، هەروەك لە دەوڵەتەکەی بۆلشەڤیکدا جەنراڵەکانی پارت بکوژ و ببڕ خۆیان بوون و حەرەمسەراکانیان پڕبوون لە پڕۆلیتێری خولام و کەنیزەك!

“ ئانارکیستە باکۆنینییەکان رۆڵێکی بەرچاویان لە کۆمۆنەی پاریسدا هەبوو ، بەڵام بە هۆی چەوتیی بیروبۆچوونەکانیان دەربارەی خەباتی سیاسیی سەربەخۆی پرۆلیتاریاو مەسەلەی دەوڵەت و کاری نهێنیی کەرتکارانەیان لە نێو ئینتەرناسیۆناڵی یەکەمداو دژایەتیکردنی رەوتی مارکسی ، لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆناڵدا ساڵی 1872 لە بەرامبەر مارکسدا شکستیان هێناو لە ئینتەرناسیۆناڵ دەرکران . „

بەداخەوە دووبارە نووسەر کەوتووەتەوە دیاریکردنی ڕۆڵی

pêşrrewan, hêştewe, be rastî le xora durînî qumaşêk le enarkîzm û dananî modîlî bakunînîbûn le serî nacor û bêwîjdanîye û lenaw enarkîyekanda eme deçête xaney sûkayetî û bêrrêzî be enarkîyekan. nek leber ewey ke bakunîn kem denirxênin, bellku hem be bêrrêzî be xudî (bakunîn)î dezanin, ke paşrrewî hebêt û hem be sûkayetî be xoyanî dezanin, ke taastî aydyalîst û paşrrewawnêk dabgîrdrên. be rastî paşrrewî û mildan be şwaneyî û raberî, bo kesanî huşyar, ewperrî sûkayetîye! min gelêk be daxim ke nûser ta ew aste xoy dawetedest qederî nûsîne bêbnemankanî ce'ferî resa!

ewey ke amancî enarkîyanî pêş bakunîn û paş bakunîn, be desellatgeyiştin nîye, bellku lenawbirnî deselate, leber çîyetî (mahîyet) nasruştî û namroyîbûnî deselate wek kutekî serî xellk û serûy wîstî xellk. çunke le kwê deselatdar hebêt, bêdesellatîş heye û bûnî bêdesellatîş be watay nayeksanî pêgey abûrî û ramyarîy û komellayetî take bêdesellatekan û le beramberda berterî û mşexorî desellatdaran, herwek le dewlletekey bolşevîkda cenrallekanî part bkuj û bbirr xoyan bûn û heremserakanyan pirrbûn le prrolîtêrî xullam û kenîzek!

“ anarkîste bakonînîyekan rollêkî berçawyan le komoney parîsda hebû , bellam be hoy çewtîy bîruboçûnekanyan derbarey xebatî syasîy serbexoy prrolîtaryaw meseley dewllet û karî nhênîy kertkaraneyan le nêw înternasyonallî yekemdaw djayetîkirdnî rewtî marksî , le kongrey înternasyonallda sallî 1872 le beramber markisda şkistyan hênaw le înternasyonall derkran . „

bedaxewe dûbare nûser kewtuwetewe dyarîkirdnî rollî

سۆپەرمانەکانی دونیای ئایدیۆلۆجیا و لەتەك خۆشیدا کەوتووەتەوە ناکۆکی. لە برگەی یەکەمدا ئەنارکیزمی بێجگە لە پاشگرە باکونییەکەی، پۆزەتیڤ ناساندووە و تەنیا ڕەخنەی لە دژایەتی ئەنارکییەکانە بۆ دەسەلاتی ڕامیاریی و دامەزراندنی دەوڵەتی (سۆشیالیستی نا) پارتیی و مارکسیستی. ئەمە سەد لە سەد وایە و مێژووش دروستی ئەو بۆچوونەی ئەنارکییەکانی سەلماندووە و مۆزەخانەی لە کەلەسەر هەڵچنراوی دەولەتی بۆلشەڤیکی پشتبەستوو بە بۆچوونە دەسەلاتخوازەکانی کارل مارکس، ئەوەی سەلماند. بەلام ئەزموونی کۆمونەی پاریس پێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس بوو و پەرتووکە بەناوبانگەکەی کارل مارکس لەمەڕ کۆمونەی پاریس، لەژێر کارایی ڕەخنەی ئەنارکییەکان بەدیاریکراوی (میخائیل باکونین) دا بوو. نموونەش بۆ کارایی هزری ئەنارکییەکان لەسەر مارکس و هاوڕێکانی، دەتوانین زۆر بە دیاریکراوی و جوانی ئەو ڕستەیە بهێنینەوە، کە دەلێت "ڕزگاری کرێکاران تەنیا بە دەستی خۆیان مەیسەر دەبێت"، کە ناوازەترین ڕستەی ناو مانیفێستە و لەتەك بۆچوونەکانی تر، کە پێیانوایە هوشیاری شۆڕشگێڕانە لەلایەن کۆمونیستەکانەوە دەبرێتەوە ناو کرێکاران و کرێکاران بەخۆیان توانا ئەوەیان نییە و ناتوانن دەرکی بکەن، ناکۆکە و وەرگیراویی لە سەرچاوەی سۆشیالیزمی ئازادیخوازەوە بە ئاشکرا دیارە.

بەلام ئەنارکییەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێیانوایە هوشیاری بەرهەمی کەڵەکەبوونی ئەزموونی کار و بزووتن و ژیانەی ڕۆژانەی مرۆڤ وەك مادە و کرێکاران وەك بەرەنجامی خەباتی ڕۆژانەیان هوشیاری چینایەتی و شۆڕشگێرانە بەدەست دەهێنن، هەر ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو بڕوایەی کە ڕزگاری کرێکاران تەنیا لەسەر دەستی خۆیان مەیسەرە و هاتنەدی تەنیا لە توانانی خۆیاندایە![5]

بەلام نووسەر ئەگەر وشەی دەرکردنی لە پاش شکستهێنانی ئەنارکییە دروستکراوە باکونییەکان لە بەرامبەر سۆپەرمانی (کارل مارکس)دا، ڕیز نەکردایە، دەیتوانی بۆ خوێنەر سەرنجراکێش بێت و ناچار بە

sopermanekanî dunyay aydyolocya û letek xoşîda kewtuwetewe nakokî. le birgey yekemda enarkîzmî bêcge le paşgre bakunîyekey, pozetîv nasanduwe û tenya rexney le djayetî enarkîyekane bo deselatî ramyarîy û damezrandnî dewlletî (soşyalîstî na) partîy û marksîstî. eme sed le sed waye û mêjûş drustî ew boçûney enarkîyekanî selmanduwe û mozexaney le keleser hellçinrawî dewletî bolşevîkî piştbestû be boçûne desellatixwazekanî karl markis, ewey selmand. bellam ezmûnî komuney parîs pêçewaney boçûnekanî markis bû û pertûke benawbangekey karl markis lemerr komuney parîs, lejêr karayî rexney enarkîyekan bedyarîkrawî (mîxaîl bakunîn) da bû. nmûneş bo karayî hizrî enarkîyekan leser markis û hawrêkanî, detwanîn zor be dyarîkrawî û cwanî ew risteye bhênînewe, ke delêt "rizgarî krêkaran tenya be destî xoyan meyser debêt", ke nawazetrîn ristey naw manîfêste û letek boçûnekanî tir, ke pêyanwaye huşyarî şorrişgêrrane lelayen komunîstekanewe debrêtewe naw krêkaran û krêkaran bexoyan twana eweyan nîye û natwanin derkî bken, nakoke û wergîrawîy le serçawey soşyalîzmî azadîxwazewe be aşkra dyare.
bellam enarkîyekan, leser ew bnemayey ke pêyanwaye huşyarî berhemî kellekebûnî ezmûnî kar û bzûtin û jyaney rojaney mrov wek made û krêkaran wek berencamî xebatî rojaneyan huşyarî çînayetî û şorrişgêrane bedest dehênin, her emeş demangeyênête ew birrwayey ke rizgarî krêkaran tenya leser destî xoyan meysere û hatnedî tenya le twananî xoyandaye![5]

bellam nûser eger wşey derkirdnî le paş şkisthênanî enarkîye drustikrawe bakunîyekan le beramber sopermanî (karl markis)da, rîz nekirdaye, deytwanî bo xwêner serincrakêş bêt û naçar be

خۆماندووكردنی نەكات، بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێت و بەوجۆرە نووسەریش بەئامانج دەگەیشت. بەڵام وشەی دەركردن، هێندە سەرووەرانە و دیكتاتۆرانەیە، دەستبەجێ لایی خوێنەری ئازادیخواز وێنای دەسەڵاتخوازێكی شمشێربەدەست بۆ كارل ماركس دروست دەكات و لە بەرامبەردا ستەملێكراوی ئەناركییەكان بەرجەستە دەكات و خوێنەر بۆ گەران بەدوای ڕاستی ڕووداوەكاندا هاندەدات.

دەركردن، وەك نووسەر دانی پێدادەنێت و وەك خاڵی بەهێز دەیهێنێتەوە، زۆر قێزەون و زۆردارانەیە و هەم درێژكراوەی ئەو ڕێچكەیەی كارل ماركس بە دەركردنەكانی نێو كۆنگرە و پلینۆمەكانی پارتی سۆشیالی-دیموكراتی روسیە لەسەر دەستی خودی لێنین لە 1918دا هەم بە دادگاییەكانی 1956 لەسەر دەستی ستالین باوك بە لوتكە دەگات. ئەگەر خوێنەر سەرنجی چواردەوری خۆی بدات، ئەوا هەر لەم ڕۆژانەدا لەنێو پارتە كۆمونیستەكانی دەوروبەری خۆمان (لە عیراق و ئێران)دا درێژە و ڕەنگدانەوەی ئەو دەركردنە ئایدیۆلۆجیایانە دەبینێت، كە وەك پاشاكان ئامادە نین، بێجگە لە بۆچوونی خۆیان گوێیان لە بۆچوونی جیاواز و دەنگی ناڕازی بێت!

" لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رەوتە هەر بەردەوامبوو . كاریگەرێتیی فیكری و سیاسی خۆی لەسەر بزووتنەوەی سەندیكایی ئەو سەردەمەدا هەبوو . ئەم كارتێكردنە لە مەیلێكی نوێدا رەنگیدایەوە كە لە دوا دەیەی سەدەی پێشوودا رێبازی باڵادەستی بزووتنەوەی سەندیكایی كرێكاران بوو . ئەم رێبازە بە ئاناركۆسەندیكالیزم( النقابیة الفوضویة ) ناوی دەركرد . "

نووسەر لە چەند پەرەگرافی پێشووتردا دووجار قسە لە تێكشكان و بێبەهاكردن (بێ اعتبار كردن)ی ئەناركیستەكان لەسەر دەستی سۆپەرمانییەتی كارل ماركس دەكات، كەچی دووبارە ددان بە ئامادەبوونی مەیدانی ئەناركیستەكان و كارایبان لە ڕەوتێكی تردا

xomandûkirdnî nekat, bedway serçaweda bgerêt û bewcore nûserîş beamanc degeyişt. bellam wşey derkirdin, hênde serwerane û dîktatoraneye, destbecê layî xwênerî azadîxwaz wênay desellatixwazêkî şimşêrbedest bo karl markis drust dekat û le beramberda stemlêkrawî enarkîyekan berceste dekat û xwêner bo geran bedway rastî rûdawekanda handedat.

derkirdin, wek nûser danî pêdadenêt û wek xallî behêz deyhênêtewe, zor qêzewn û zordaraneye û hem drêjkrawey ew rêçkeyey karl markis be derkirdnekanî nêw kongre û plînomekanî partî soşyalî-dîmukratî rusye leser destî xudî lênîn le 1918da hem be dadgayyekanî 1956 leser destî stalîn bawk be lutke degat. eger xwêner serincî çwardewrî xoy bdat, ewa her lem rojaneda lenêw parte komunîstekanî dewruberî xoman (le 'îraq û êran)da drêje û rengdanewey ew derkirdne aydyolocyayane debînêt, ke wek paşakan amade nîn, bêcge le boçûnî xoyan gwêyan le boçûnî cyawaz û dengî narrazî bêt!

“ legell eweşda em rewte her berdewambû . karîgerêtîy fîkrî û syasî xoy leser bzûtnewey sendîkayî ew serdemeda hebû . em kartêkirdne le meylêkî nwêda rengîdayewe ke le dwa deyey sedey pêşûda rêbazî balladestî bzûtnewey sendîkayî krêkaran bû . em rêbaze be anarkosendîkalîzm( alinqabye alfuçuye ) nawî derkird. “

nûser le çend peregrafî pêşûtirda dûcar qse le têkişkan û bêbehakirdin (bê a'tbar kirdin)î enarkîstekan leser destî sopermanîyetî karl markis dekat, keçî dûbare ddan be amadebûnî meydanî enarkîstekan û karayyan le rewtêkî tirda

چەند دەهە دواتر دەنێت، کە ئەو بە واژە باوەکانی فەرهەنگی ڕامیاریی دەسەڵاتداران، کە ئەنارکیزم (anarchos) بە ئاژاوەچییەتی (فوضوية - Chaos، Chaotic) شێواندووە و باڵی مارکسیستی (بە چەپ و ڕاستی سۆشیال-دیمۆکراسییەوە) نێو بزووتنەوەی سوشیالیستیش ئەم هەڵەی قۆستووەتەوە و هێندەی تر ناڕۆشنی لای لایەنگرانی خۆی دروستکردووە و نێوی دەبات. ئەو سۆپەرمانێتییەش کە نووسەر باسی لێوە دەکات، دەموچاوشتنی سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکانە لەو لیتاوەدا کە ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداری قاچییان تێژەنیوە. پرسیار ئەوەیە، بۆچی تا باس لە تێکشکاندنە، واژەی ئەنارکییەکان بەکار دەبات، بەلام کاتێك سەرباری ئەو تیکشکاندنەی کە خۆی باسی دەکات، کەچی ئەنارکییەکان بە ڕەوت و تینێکی ترەوە دەردەکەونەوە، بە "سەندیکالیزمی ئاژاوەچییەتی" نێویان دەبات[6]!

ئەنارکۆ-سەندیکالیزم، ئەگەر وشە بە وشە بیکەینە کوردی، ئەوا بە واتای سەندیکالیزمی دژەسەروەری دێت، ئەگەر وردیشی بکەینەوە، ئەوا واتە ڕێکخراوبوونی کرێکاران و بەشە چەوساوەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی لە سیستەمی ڕێکخراوەی قوچکەیی سەرەوخواری سەندیکا و ڕێکخراوە پاشکۆکانی پارتە رامیارییەکان و دەسەڵات. واتە بەرگرتن بە ئۆروستۆکراسی کرێکاری و بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازان کە بەناوی بەرژەوەندی گشتی و چینی کرێکارەوە ئەنجامیان دەدەن، واتە سەربەخۆیی چەوساوان لە هەژموونی ئابووریی و ڕامیاریی و میدیایی سەروەران، واتە هەوڵێك بۆ گێرانەوەی ویست (ئیرادە) بۆ مرۆڤی چەوساوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی و وەلانانی ڕۆڵی میانجیگەرانە (واسیتەگەرایانە)ی دەستەبژێر و ڕامکارانی نێوپارلەمان، ئەوەش بە ئەڵتەرناتیڤی بەخۆهاتنەمەیدان و بەخۆبریاردان و بەخۆبەڕێوەبردن. ئەمەش لەسەر بنەمای پرسیارێکی زۆر سادە سەری هەڵداوە "من بۆ دەتوانم بەرهەم بهێنم، من بۆ دەتوانم نۆکەری سەروەران بکەم، من بۆ دەتوانم سەرکوتگەرین دەسەلاتی دونیا بڕوخێنم، بەڵام کاتێك کە دێتە سەر

çend dehe dwatir denêt, ke ew be waje bawekanî ferhengî ramyarîy desellatdaran, ke enarkîzm (anarchos) be azaweçîyetî (fuçuye - Chaotic, Chaos) şêwanduwe û ballî marksîstî (be çep û rastî soşyal-dêmokrasîyewe) nêw bzûtnewey suşyalîstîş em heley qostuwetewe û hêndey tir narroşnî lay layengranî xoy drustkirduwe û nêwî debat. ew sopermanêtîyeş ke nûser basî lêwe dekat, demuçawiştnî soşyalîste desellatixwazekane lew lîtaweda ke îdologekanî sermayedarî qaçîyan têjenîwe. pirsyar eweye, boçî ta bas le têkişkandne, wajey enarkîyekan bekar debat, belam katêk serbarî ew tîkişkandney ke xoy basî dekat, keçî enarkîyekan be rewt û tînêkî trewe derdekewnewe, be "sendîkalîzmî ajaweçîyetî" nêwyan debat[6]!

enarko-sendîkalîzm, eger wşe be wşe bîkeyne kurdî, ewa be watay sendîkalîzmî djeserwerî dêt, eger wirdîşî bkeynewe, ewa wate rêkixrawbûnî krêkaran û beşe çewsawekanî komellge leser bnemay serbexoyî le sîstemî rêkixrawey quçkeyî serewixwarî sendîka û rêkixrawe paşkokanî parte ramyarîyekan û desellat. wate bergirtin be orustokrasî krêkarî û berperçdanewey hewllekanî desellat û desellatixwazan ke benawî berjewendî giştî û çînî krêkarewe encamyan deden, wate serbexoyî çewsawan le hejmûnî abûrîy û ramyarîy û mîdyayî serweran, wate hewllêk bo gêranewey wîst (îrade) bo mrovî çewsawe bo birryardan leser çarenûsî xoy û welananî rollî myancîgerane (wasîtegerayane)î destebjêr û ramkaranî nêwparleman, eweş be ellternatîvî bexohatnemeydan û bexobiryardan û bexoberrêwebirdin. emeş leser bnemay pirsyarêkî zor sade serî helldawe "min bo detwanim berhem bhênim, min bo detwanim nokerî serweran bkem, min bo detwanim serkutgerîn desellatî dunya brruxênim, bellam katêk ke dête ser

بڕیاردان و بەڕێوەبردن، بۆ دەبێت بە کەسانی تری هیچ لەباردا نەبووی بسپێرم و بیانکەمە سەروەری خۆم؟ ئەم پرسیارە سادەیە، ئەم وەڵامە سادە بە دوای خۆیدا دەهێنێت "من هەروا کە دەتوانم بەرهەم بهێنم، ئاواش دەتوانم دابەشی بکەم، هەروا کە دەتوانم بڕوخێنم، ئاواش دەتوانم چێیی بکەمەوە و بەڕێوەبەری خۆم بم. بەڵام بە شێوازێك، کە چیتر ڕۆڵی دەستەبژێر و نوێنەران و ڕامکاران پێویست نابێت و تاکی ئازادئەندێش پێویستی بە شوانەی ڕامکار نابێت، تا دەر و ماڵی پێبکات!

ئایا، بێجگە لە ڕوانگەی دژەسەروەری، ئەم تێڕوانینە هیچ ئاژاوە و خەیاڵیبوونی تێدایە؟ پرسیار ئەوەیە، بۆچی نووسەر هانای بۆ دەستەواژە و پێناسەی ئامادەکراوی کەسانی نائەندێشمەند بردووە؟

"ئانارکیزمی هاوچەرخ - وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد - بە هەمان ڕێچکەی ڕێبازە کۆنەکەدا دەڕواتەوەو لە هەلومەرجی شکستی سۆسیالیزم و وەرچەرخانی بە سەرمایەداریی دەوڵەتی و پاشان هەرەسهێنانی لەبەردەم سەرمایەداریی بازاڕی ئازاددا کەڵکی وەرگرتووەو هەر بە هەمان تێزەکانی پێشینانی خۆیانەوە ململانێی کۆمۆنیزمی مارکس دەکەن ."

لێرەدا پێویست بوو، کە نووسەر هەڵوێستەیەکی لەسەر ئەو پێناسەیە بۆ ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکردایە یا خۆی لەو باسە نەدایە، چونکە پەنجەی خستووەتە سەر سەرەداوێك، کە زۆرێك لە مارکسیستەکان خۆیان لێی لادەدەن، ئەویش شکستی بزاقی سۆشیالیستییە نەك سۆشیالیزم! پرسیار ئەوەیە کە لەسەر دەستی کێ؟ کێ بەرەو سەرمایەداری وەریچەرخاند و کێ زەمینەی هەرەسهێنانی وەك چەپکەگولێك لە 1918-1989 خستە سەر مێزی ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداری؟ کێبوون ئەوانەی کە لە شۆڕشی 1917دا، لە ڕاپەڕینەوەی 1921ی کرۆنشتات دا، لە سۆڤییەتەکانی 1918ی ئاڵماندا

birryardan û berrêwebirdin, bo debêt be kesanî trî hîç lebarda nebûy bispêrm û byankeme serwerî xom? em pirsyare sadeye, em wellame sade be dway xoyda dehênêt “min herwa ke detwanim berhem bhênim, awaş detwanim dabeşî bkem, herwa ke detwanim brruxînim, awaş detwanim çyêy bkemewe û berrêweberî xom bim. bellam be şêwazêk, ke çîtir rollî destebjêr û nwêneran û ramkaran pêwîst nabêt û takî azadendêş pêwîstî be şwaney ramkar nabêt, ta der û mallî pêbkat!

aya, bêcge le rwangey djeserwerî, em têrrwanîne hîç ajawe û xeyallîbûnî têdaye? pirsyar eweye, boçî nûser hanay bo destewaje û pênasey amadekrawî kesanî naendêşmend birduwe?

“anarkîzmî hawçerx - weku le pêşewe amajeman bokird - be heman rêçkey rêbaze konekeda derrwatewew le helumercî şkistî sosyalîzm û werçerxanî be sermayedarîy dewlletî û paşan hereshênanî leberdem sermayedarîy bazarrî azadda kellkî wergirtuwew her be heman têzekanî pêşînanî xoyanewe mlimlanêy komonîzmî markis deken .“

lêreda pêwîst bû, ke nûser hellwêsteyekî leser ew pênaseye bo ezmûnî şorrşî oktober bkirdaye ya xoy lew base nedaye, çunke pencey xistuwete ser seredawêk, ke zorêk le marksîstekan xoyan lêy ladeden, ewîş şkistî bzavî soşyalîstîye nek soşyalîzm! pirsyar eweye ke leser destî kê? kê berew sermayedarî werîçerxand û kê zemîney hereshênanî wek çepkegulêk le 1918-1989 xiste ser mêzî îdologekanî sermayedarî? kêbûn ewaney ke le şorrşî 1917da, le raperrînewey 1921î Krroniştat da, le sovîyetekanî 1918î (Allman)da

له 1936 ئیسپانیادا، له 1956ی هەنگاریادا، خەونەکانی سۆشیالیستخوازانی خۆشباوەڕ بە بۆلشەڤیزمیان خستە ژێر چەکمەی ناوەندە سەرمایەدارییەکان؟

"ئانارکیزمی سەردەم یەک حزب یان ڕێکخراو یان پێکهاتەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی نییە . لە نێو ئانارکیستەکاندا مەیلی جیاجیا لەسەر مەسەلە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کرێکاری هەیە ، واتە یەک ڕێبازی یەکگرتووی نییە . لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتێکی چالاکی نێو وڵاتە ئەوروپاییەکانەو بوونێکی واقیعییان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەیە و ، لە بزووتنەوەی دژە ڕاسیزمدا ڕۆڵێکی دیاریان هەیە ."

نووسەر لە خامەی (جەعفەری ڕەسا)وە ئەنارکیزم دەناسێت، بۆیە پێیوایە کە ڕۆژگارێك هەبووە، کە ئەنارکیزم پارت یا یەك پارتی هەبووبێت. ئەنارکیزم [ئازادیخوازی، دژەسەروەری، دژە دەستەبژێری، دژە شوانەیی، دژە ڕابەری] لە هیچ سەردەمێکدا پارتی نەبووە و لایەنگری پارت نەبووە، تا پارتەکەی جیهانی یا ناسیونالی بێت. هەروا ساتێك لە مێژووی ئەم ڕەوتە هزرییەدا پەیدا نابێت، کە لە قاڵبی پارت درابێت، ئاواش ساتێك لە مێژووەکەیدا بەدی ناکرێت، کە نێونەتەوەیی نەبووبێت. بنچینەی کار و بیرکردنەوەی ئەنارکی ئەمەیە "خۆجێی چالاکی بکە و جیهانی بیر بکەرەوە"، واتە ئەنارکییەك ئەگەر بۆ هەفتەیەك بە گەشتوگوزاریش بچێتە گوند یا شار و وڵاتێکی تر، ئەوا لەو هەفتەدا وەك خەڵکی ئەو شوێنە چالاکی دەکات و هیچ شوناسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و ڕەنگ و ئایدیۆلۆجی نییە، لە هەر شوێنێکیش بێت، هەر جیهانی بیر دەکاتەوە. ئەوەی ئەنارکیزم ئاراستەی جیاجیای تیدایە، یەکەم نیشانەی زیندووبوونی ئەو هزرەیە و دووەم نیشاندەری جیاوازی نێوان ئازادی هزر و پەیڕەوگەری ئایدیلۆجیایە. ئەنارکیزم هزرە و هزریش گەشە دەکات و شیاوی گۆڕانە، ئایدیلۆجیاش پەیڕەو (مذهب)ەو دژی هەر گۆڕان و تازەگەرییەکە و دۆگمە. ئەنارکیزم هەر لە سەرەتاوە وەك پراکتیك لە کۆمەڵگە

le 1936 îspanyada, le 1956î hengaryada, xewnekanî soşyalîstixwazanî xoşbawerr be bolşevîzmyan xiste jêr çekmey nawende sermayedarîyekan?

“anarkîzmî serdem yek hizb yan rêkixraw yan pêkhateyekî înternasyonalîstî nîye . le nêw anarkîstekanda meylî cyacya leser mesele cyacyakanî bzûtnewey krêkarî heye , wate yek rêbazî yekgirtûy nîye . legell eweşda rewtêkî çalakî nêw wllate ewrupayyekanew bûnêkî waqî'îyan le bzûtnewey krêkarîda heye û , le bzûtnewey dje rasîzimda rollêkî dyaryan heye .“

nûser le xamey (ce'ferî resa)we enarkîzm denasêt, boye pêywaye ke rojgarêk hebuwe, ke enarkîzm part ya yek partî hebûbêt. enarkîzm [azadîxwazî, djeserwerî, dje destebjêrî, dje şwaneyî, dje raberî] le hîç serdemêkda partî nebuwe û layengrî part nebuwe, ta partekey cîhanî ya nasîwnallî bêt. herwa satêk le mêjûy em rewte hizrîyeda peyda nabêt, ke le qallbî part drabêt, awaş satêk le mêjuwekeyda bedî nakrêt, ke nêwneteweyî nebûbêt. binçîney kar û bîrkirdnewey enarkî emeye “xocêy çalakî bke û cîhanî bîr bkerewe”, wate enarkîyek eger bo hefteyek be geştuguzarîş bçîte gund ya şar û wllatêkî tir, ewa lew hefteda wek xellkî ew şwêne çalakî dekat û hîç şunasêkî neteweyî û nîştmanî û ayînî û reng û aydyolocî nîye, le her şwênêkîş bêt, her cîhanî bîr dekatewe. ewey enarkîzm arastey cyacyay tîdaye, yekem nîşaney zîndûbûnî ew hizreye û duwem nîşanderî cyawazî nêwan azadî hriz û peyrewgerî aydîlocyaye. enarkîzm hizre û hizrîş geşe dekat û şyawî gorrane, aydîlocyaş peyrew (mijhib)ew djî her gorran û tazegerîyeke û dogme. enarkîzm her le seretawe wek praktîk le komellge

کۆنەکاندا شێوە و شێوازی جیاوازی لە خۆگرتووە و دواتریش وەك هزر لە لایەن بیریارانییەوە شێوەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە و باڵی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان هاویشتووە. بەڵام ئەوەی کە نووسەر بە جیاوازی دەبێنێت، جیاوازی نییە، بەڵکو ئامادەیی مەیدانییە؛ بۆ نموونە ئەنارکییەکی سەوز و ئەنارکۆ-سەندیکالیستێك یا ئەنارکییەکی هاوسێکسگەرا و ئەنارکۆ- فێمینیستێك نەك ناکۆك بەیەك نین، بەڵکو وەك پەنجەی دەستێك تەواوگەری یەکترن و بەبێ بوونی هەر یەك لە لکەکانی، ئەنارکیزم ناتەواو و نیوە مردوو دەبێت.

پێویستە ئەم خاڵە لەلایەن ئەنارکیستە نۆپاکانی کوردستانەوە بە ڕۆشنی دەرك بکرێت، ئەنارکیزم لە بری زیندانیکردنی ژیان و بزاف لە دۆگمی ئایدیلۆجیا و چوارچێوەی پارتدا، بە فرەڕەنگییەکەیەوە موتوربە بە ژیان دەبێت و دواجار یەك ئامانج هەموومان لە سەنگەرێکدا کۆدەکاتەوە، ئەویش زیندووکردنەوەی گیانی (خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن و خۆبیرکردنەوە و خۆبەڕێوەبردن)ە لە تاکەکاندا، کە سەروەری چینایەتی بە درێژایی هەزاران ساڵ لە تاکەکاندا کوشتویەتی و بە میانجیگەری و شوانەیی دەستەبژێر و پارتەکان جێگەی گرتووەتەوە.

“ئانارکیزمی ئیمڕۆ - ئەگەرچی لەسەر هەمان پێگەی جووتیاریی نێو چینی کرێکاری سەدەی ڕابردوو دانەمەزراوە - بەڵام لەسەر ڕەگی چینایەتی وردەبۆرژوازی ڕواوەو خۆی ڕاگرتووەو ئامانجە ئابووری و سیاسییەکانی ئەم چینە نائومێدو ناڕازییە دەردەبڕێت . باڵادەستیی سەرمایەداریی جیهانی و توندتربوونەوەی چەوساندنەوەو دڕندەییەک کە سەرمایەداری بەسەر ئەم جیهانەیدا سەپاندووەو ، سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی سەربازییانە بۆ جیهان ، وەک تەواوکەری سیاسەتی جیهانیبوونەوەی ئابووریی سەرمایەو دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوا لەژێر پەردەی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا ، ئەم سیاسەتانە ڕێبازی ئانارکیستی سەردەمی گۆشەگیرتر کردووەو لە تەنوورەی تێزە

konekanda şêwe û şêwazî cyawazî le xogirtuwe û dwatrîş wek hzir le layen bîryaranîyewe şêwey corawcorî le xogirtuwe û ballî bo hemû bwarekanî jyan hawîştuwe. bellam ewey ke nûser be cyawazî debênît, cyawazî nîye, bellku amadeyî meydanîye; bo nmûne enarkîyekî sewz û enarko-sendîkalîstêk ya enarkîyekî hawsêkisgera û enarko- fêmînîstêk nek nakok beyek nîn, bellku wek pencey destêk tewawgerî yektrin û bebê bûnî her yek le lkekanî, enarkîzm natewaw û nîwe mirdû debêt.

pêwîste em xalle lelayen enarkîste nopakanî kurdistanewe be roşnî derk bikrêt, enarkîzm le brî zîndanîkirdnî jyan û bzav le dogmî aydîlocya û çwarçêwey partda, be frerrengîyekeyewe muturbe be jyan debêt û dwacar yek amanc hemûman le sengerêkda kodekatewe, ewîş zîndûkirdnewey gyanî (xobirryardan û xocêbecêkirdin û xobîrkirdnewe û xoberrêwebirdin)e le takekanda, ke serwerî çînayetî be drêjayî hezaran sall le takekanda kuştuyetî û be myancîgerî û şwaneyî destebjêr û partekan cêgey girtuwetewe.

“anarkîzmî îmrro - egerçî leser heman pêgey cûtyarîy nêw çînî krêkarî sedey rabirdû danemezrawe - bellam leser regî çînayetî wirdeborijwazî rwawew xoy ragirtuwew amance abûrî û syasîyekanî em çîne naumêdu narrazîye derdebrrêt . balladestîy sermayedarîy cîhanî û tundtirbûnewey çewsandnewew drrindeyyek ke sermayedarî beser em cîhaneyda sepanduwew , syasetî kontrollkirdnî serbazîyane bo cîhan , wek tewawkerî syasetî cîhanîbûnewey abûrîy sermayew desellatî syasî borijwa lejêr perdey dîmukrasî û mafî mrovda , em syasetane rêbazî anarkîstî serdemî goşegîrtir kirduwew le tenûrey têze

ئانارکیستییە کۆنەکاندا گێژدەخۆن و جیهانی دەوروبەریان - هەروەک پێشینانیان - بەلێڵی و ئاوەژوو دەبینن . „

هەروەك لە شـــتەكانی تـــردا لەتەك ماركسیســـتەكاندا دەكەوینە ناكۆكییەوە، ئاواش لە دیاریكردنی پێناسەی وردەبۆرژوازیدا دەكەوینە ناكۆكییەوە. پێش ئەوە حەز دەكەم بپرسم، بۆچ دەبێت پاش سەد و ئەوەندە ساڵ هێشتا تاقە ماركسیستێك نەیتوانیوە لە جاڵجاڵۆكەكانی ئایدیلۆجیا ڕزگاری بێت و بۆ تەنیا جارێك لە خۆی بپرسێت، پاش ئەو هەمووە ڕووداوە خەمناكانە و دەركەوتنی ئەو هەموو ناكەتوارییانەی ماركسیســـتەكان، ئەرێ كـــاتی ئەوە نەهـــاتووە لە خۆمـــان بپرســـین وردەبۆرجوازی چییە و چ دەعبایەكی ئەفسوناوییە؟

وردەبۆرجـــوازی، چینێكـــی دیـــاریكراوی كـــۆمەڵایەتی خـــاوەن پێگەی ئابووریی نییە، بەڵكو ئاراستەیەكی ناڕازی ناو كۆمەڵگەی چینایەتییە، كە چارەسەرەكان لە چوارچێـــوەی ســـنوورەكانی هەمـــان سەروەریدا دەبینێت. چونكە بە رای من چین و توێژەكانی دەرەوەی كرێكاران، كە سەروەر نین، ناچنە خانەی بۆرجوازی یا وردەبۆرجوازییە. بەڵكو تەنانەت بەشێك لە بەڕێوەبەران و داردەستەكانی تری سەروەران، لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا كرێگرتەن، واتە خاوەنی خۆیان نین. ئەوەی كە لای ماركسیســـتەكان، مامۆســـتا و جوتیـــار و پیشەگەر و خوێندكار و دكتۆر و پارێزەر، دەبنە وردەبۆرجوا، لای من بەرهەمی ڕەنج و كاری خۆیان دەخۆن، ئیتر ئەو كارە بەرهەمێكی مادی هەبێت یا هۆشی، هیچ لە بەرهەمهێنەربوونیان ناگۆڕێت و لە سایەی سەروەری چینایەتیدا ئەوانیش كرێگرتەن. لە بەرامبەردا لای من وردەبۆرجوازی واتە تێڕوانین و ئاراستەیەك، كە ناتوانێت لە دەرەوەی سنوورەكانی كۆمەڵگەی چینایەتییەوە دونیاییەكی تر بەبێ چەوسانەوە و كوشتوبڕ و سەروەری وێنا بكات و ناچار دەستەودامێنی ڕیفۆرمكردنی سەروەری دەبێت و هیوای بە دڵنەرمكردنی سەروەران یا لە باشترین باردا پێوایە كە ئەگەر خۆی لە جێی سەروەرانی هەنووكەیی، سەروەر بێت، ئەوا

anarkîstîye konekanda gêjdexon û cîhanî dewruberyan - herwek pêşînanyan - belêllî û awejû debînin . „

herwek le ştekanî tirda letek marksîstekanda dekewîne nakokîyewe, awaş le dyarîkirdnî pênasey wirdeborijwazîda dekewîne nakokîyewe. pêş ewe hez dekem biprism, boç debêt paş sed û ewende sall hîşta taqe marksîstêk neytwanîwe le callcallokekanî aydîlocya rizgarî bêt û bo tenya carêk le xoy bpirsêt, paş ew hemuwe rûdawe xemnakane û derkewtnî ew hemû naketwarîyaney marksîstekan, errê katî ewe nehatuwe le xoman bpirsîn wirdeborcwazî çîye û çi de'bayekî efsunawîye?

wirdeborcwazî, çînêkî dyarîkrawî komellayetî xawen pêgey abûrîy nîye, bellku arasteyekî narrazî naw komellgey çînayetîye, ke çareserekan le çwarçêwey snûrekanî heman serwerîda debînêt. çunke be ray min çîn û twêjekanî derewey krêkaran, ke serwer nîn, naçne xaney borcwazî ya wirdeborcwazîye. bellku tenanet beşêk le berrêweberan û dardestekanî trî serweran, le çwarçêwey heman sîstemda krêgirten, wate xawenî xoyan nîn. ewey ke lay marksîstekan, mamosta û cutyar û pîşeger û xwêndkar û diktor û parêzer, debne wirdeborcwa, lay min berhemî renc û karî xoyan dexon, îtir ew kare berhemêkî madî hebêt ya hoşî, hîç le berhemhênerbûnyan nagorrît û le sayey serwerî çînayetîda ewanîş krêgirten. le beramberda lay min wirdeborcwazî wate têrrwanîn û arasteyek, ke natwanêt le derewey snûrekanî komellgey çînayetîyewe dunyayyekî tir bebê çewsanewe û kuştubirr û serwerî wêna bkat û naçar destewdamênî rîforimkirdnî serwerî debêt û hîway be dillnerimkirdnî serweran ya le baştrîn barda pêwaye ke eger xoy le cêy serweranî henûkeyî, serwer bêt, ewa

کۆمەڵگە ئازاد و یەکسان دەبێت و لە سایەی سۆزی ویدا بۆ مرۆڤایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرپا دەبێت!

ئایا ئەمە کرۆکی هەموو باڵە مارکسیستەکان (سۆشیال-دیمۆکرات و بۆلشەڤیك) نییە؟ ئایا ئەوە ئەوان نین، کە سۆشیالیزم (هاوبەشیکردنەوە) بە دەوڵەتیکردنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و کێڵگە و خانووبەرە و شەقامەکان و تەپۆڵکەکان لە سایەی سەروەری خۆیاندا دەبینن، ئەوەی لە ڕوسیە و بلۆکی ئەوروپای خۆرهەلاتی و ئاسیا و ئەفریکا پێیهەستان؟

وردەبۆرجوازی، واتە تێڕامان و ئاراستە و خواستی هاوتەریب لەتەك بۆرجوازیدا، هەر ئەوەی کە لە ڕوسیە ڕویدا، وردەبۆرجوازی نارازی لە پاشایەتی ڕوسیە و خوازیاری پێشکەوتنی ڕوسیە وەك وڵاتانی پیشەسازی ئەوسا بە پێشڕەوی بۆلشەڤیکەکان، توانی سەروەری چینایەتی لە سڕینەوە ڕزگار بکات و لە شێوەی دەسەلاتی تاکە پارتێکدا ڕێکیبخاتەوە و هەمان مشەخۆری (بۆرجوازی) و هەمان دەسەڵاتی سەرووخەڵکی و هەمان سیستەمی نایەکانی کۆمەلایەتی چێبکاتەوە و لە بری سۆشیالیزەکردنی کەرتەکان و کێڵگەکان و سامان و داهاتی کۆمەڵگە، هەستان بە دەوڵەتیکردنی و جێگرتنەوەی تزارەکان بە سەرانی پارت و گێڕانەوەی بەرتەرییەکانی جاران، بەڵام ئەمجار لە بری ئەوەی بۆ خانەوادەیەك بن، خستنیانە خزمەت خێزانێکی گەورەتر، کە پارتە. ئایا ئەمە ترۆپکی باڵاکردن و تاقیکردنەوەی ڕێگەچارەکانی وردەبۆرجوازی نەبوون؟

ئایا دەکرێت نووسەر بۆ ئێمەی ڕوون بکاتەوە، چۆن هەوڵ بۆ کۆنترۆلی کارخانەکان لە لایەن کرێکارانەوە، دابەشکردن و هاوبەشکردنی زەوییەکان، کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەرهەمهێنان و بەرێوەبردن و دابەشکردن، کە لە هەموو سەردەمەکاندا ئامانجی ئەنارکییەکان بووە، دەچێتە خانەی تێڕوانینی وردەبۆرجوازییەوە و دەوڵەتیکردن و

komellge azad û yeksan debêt û le sayey sozî wîda bo mrovayetî, dadperwerî komellayetî berpa debêt!

aya eme krrokî hemû balle marksîstekan (soşyal-dêmokrat û bolşevîk) nîye? aya ewe ewan nîn, ke soşyalîzm (hawbeşîkirdnewe) be dewlletîkirdnewey kertekanî berhemhênan û kêllge û xanûbere û şeqamekan û tepollkekan le sayey serwerî xoyanda debînin, ewey le rusye û blokî ewrupay xorhelatî û asya û efrîka pêyhestan?

wirdeborcwazî, wate têrraman û araste û xwastî hawterîb letek borcwazîda, her ewey ke le rusye ruyda, wirdeborcwazî narazî le paşayetî rusye û xwazyarî pêşkewtnî rusye wek wllatanî pîşesazî ewsa be pêşrrewî bolşevîkekan, twanî serwerî çînayetî le srrînewe rizgar bkat û le şêwey deselatî take partêkda rêkîbxatewe û heman mşexorî (borcwazî) û heman desellatî serûxellkî û heman sîstemî nayekanî komelayetî çêbkatewe û le brî soşyalîzekirdnî kertekan û kêllgekan û saman û dahatî komellge, hestan be dewlletîkirdnî û cêgirtnewey tzarekan be seranî part û gêrranewey berterîyekanî caran, bellam emcar le brî ewey bo xanewadeyek bin, xistinyane xizmet xêzanêkî gewretir, ke parte. aya eme tropkî ballakirdin û taqîkirdnewey rêgeçarekanî wirdeborcwazî nebûn?

aya dekrêt nûser bo êmey rûn bkatewe, çon hewll bo kontrolî karxanekan le layen krêkaranewe, dabeşkirdin û hawbeşkirdnî zewîyekan, komellayetîykirdnewey berhemhênan û berêwebirdin û dabeşkirdin, ke le hemû serdemekanda amancî enarkîyekan buwe, deçête xaney têrrwanînî wirdeborcwazîyewe û dewlletîkirdin û

سەروەری پارت و دیکتاتۆری جەنراڵەکانی پارت و کۆیلەتی چینەکانی تری کۆمەڵگە بۆ سەرانی پارت، دەچێتە خانەی ئازادی و یەکسانبوون، یا ئەو دەستەواژانە ئەوەتا قسەیەکن و بە زاری (مارکس و لێنین) دا هاتوون و سەرنجدان و وردبوونەوە لێیان و بەراوردکردنیان بە ڕووداوەکان و کارکردی ئەنارکییەکان لە شۆڕشەکاندا دەچێتە خانەی بڤە و لادان لە ئایینە دونیاییەکەیان؟!

ئەگەر بڕیار بێت وردەبۆرجوازی چینێك بێت، ئەوا تەنیا چەپەکان کە بەنێوی سۆشیالیزمەوە دەسەڵات دەخوازن، دەتوانن ئەو چینە بن و ئەگەر لایەنگیری لە مانەوەی سەروەری چینایەتی وەك تاك لە دەرەوەی چینی سەروەر بوونی هەبێت و تەنیا حەزێك بێت، ئەوا پارتی ڕابەر و پێشڕەوی بۆلشەڤیکەکان، بە کردەوە و بە گرتنەبەر و بە بەکاربردنی هەموو توانای سیخوڕیی و سەربازیی و زیندان و گوڵەبارانی بەکۆمەڵ و کوشتوبری شار و گوندان، بە هەموو توانایەکییەوە سەروەری چینایەتی بەسەر کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ڕوسیە و شۆڕشگێڕانی ڕوسیەدا سەپاندەوە!

تائێستاکە بە درێژایی تەمەنی سیستەمی سەرمایەداری بۆ جارێك نەماندیوە و نەمانبیستووە لە هیچ گۆشەیەکی دونیادا دەوڵەت و ولاتێك هەبێت، کە وردەبۆرجوازی بەڕێوەبەری بێت یا بڵێین لەم هەڵبژاردنەدا وردەبۆرجوازی دەسەلاتی گرتووەتەدەست. بەپێی لۆجیك ئەگەر وردەبۆرجوازی چینی کۆمەڵایەتی بووایە، ئەوا دەبوو لە ماوەی چەندە سەدەدا و لەو هەموو جەنگە جیهانی و ڕاپەڕین و شۆڕش و ڕوخان و کودەتایانەدا ڕوویبدایە، بۆ تەنیا جارێك وردەبۆرجوازی وەك چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەی ئابووری و ڕامیاری، ببووایەتە سەروەر و دەسەڵاتدار!

بەڵام وردەبۆرجوازی وەك ئاراستەیەکی دەسەلاتخوازیی دەستەبژێرێکی ڕامیاری خۆڕێکخستوو لە پارتدا، کە تیڕوانینی بۆ گۆڕان و

serwerî part û dîktatorî cenrrallekanî part û koyletî çînekanî trî komellge bo seranî part, deçête xaney azadî û yeksanbûn, ya ew destewajane eweta qseyekin û be zarî (markis û lênîn) da hatûn û serincdan û wirdbûnewe lêyan û berawirdkirdinyan be rûdawekan û karkirdî enarkîyekan le şorrşekanda deçête xaney bve û ladan le ayîne dunyayyekeyan?!

eger birryar bêt wirdeborcwazî çînêk bêt, ewa tenya çepekan ke benêwî soşyalîzmewe desellat dexwazn, detwanin ew çîne bin û eger layengîrî le manewey serwerî çînayetî wek tak le derewey çînî serwer bûnî hebêt û tenya hezêk bêt, ewa partî raber û pêşrrewî bolşevîkekan, be kirdewe û be girtneber û be bekarbirdnî hemû twanay sîxurîy û serbazîy û zîndan û gullebaranî bekomell û kuştubrî şar û gundan, be hemû twanayekîyewe serwerî çînayetî beser komellgey raperrîwî rusye û şorrişgêrranî rusyeda sepandewe!

taêstake be drêjayî temenî sîstemî sermayedarî bo carêk nemandîwe û nemanbîstuwe le hîç goşeyekî dunyada dewllet û wlatêk hebêt, ke wirdeborcwazî berrêweberî bêt ya bllên lem hellbjardneda wirdeborcwazî deselatî girtuwetedest. bepêy locîk eger wirdeborcwazî çînî komellayetî buwaye, ewa debû le mawey çende sededa û lew hemû cenge cîhanî û raperrîn û şorrş û ruxan û kudetayaneda rûybdaye, bo tenya carêk wirdeborcwazî wek çînêkî komellayetî xawen pêgey abûrî û ramyarî, bbuwayete serwer û desellatdar!

bellam wirdeborcwazî wek arasteyekî deselatixwazîy destebjêrêkî ramyarî xorrêkxistû le partda, ke tîrwanînî bo goran û rêkxistnewey

ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە ناتوانێت لە دەرەوەی خولگەی سەروەری چینایەتی و دیکتاتۆری چینایەتی بێت، لە تێکشکانی دەسەڵاتی سەروەری تزارەکاندا توانی بە فریودانی کرێکاران و بەناوی ئەوانەوە دەسەڵات بگرێتەدەست و هەر بەنێوی خودی کرێکارانەوە بزاڤی سۆشیالیستی سەرکوت بکات و کۆمەڵگە لە سایەی دەسەڵاتەکەیدا بکاتە زیندانێکی گەورە بۆ کرێکاران! دیسانەوە ناچارم بپرسم، کامەیە سۆشیالیزمی وردەبۆرجوازی؛ ئەفسانەی دەولەتی باش و کرێکاری یا هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی پایەکانی سەروەری و هاوبەشیکردنەوە و هەرەوەزیکردنەوەی کۆمەڵگە لەدەرەوەی پێکهاتە قوچکەییەکانی سەروەری؟

“ئانارکیستەکان پەیوەندی نێوان ریفۆرم و شۆڕش نابینن و یەکلایەنە سەیری هەر لایەنێکیان دەکەن . پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان گەشەکردن و شۆڕش لە کرداری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا نابینن ، بۆیە یەکسەرو ڕاستەوخۆ بێ پێشەکی پێویست و سازکردنی خەباتی سیاسی رێکخراو و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دەیانەوێت لە چاوترووکاندنێکدا کۆمۆنیزم بێتەدی . بەرنامە لەلای ئەوان هەر یەک بەرنامەیە ئەویش بەرنامەی ( شۆڕشی کۆمۆنیستی ) یە ، بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سەرمایەیە بە یەک گورزو سەرهەڵدانی کۆمۆنەیەکی جیهانییە . بەرنامەی لانی کەم لە شۆڕشدا رەفز دەکەن و بە بەرنامەی ریفۆرمی بۆرژوازی لە قەڵەم دەدەن . „

لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشم، کە نووسەر پێچەوانەی شتی ناڕەوا دانەپاڵی ئەنارکیستەکان، لێرەدا بە پێچەوانەوە بە زیادەڕەوی تۆمەتبارییان دەکات. ئەمە بۆ خوێنەری وریا بەجێدەهێڵم و خۆی دەتوانێت بەراوردی پەرەگرافەکانی نووسەر بکات!

لای ئەنارکسیستەکان لەسەر ئەو بنەمایەی، کە خۆیان بە وانەدەر و شوانەی چەوساوان نازانن، هەرواش لەو بروایەدا نین، کە شۆڕش

komellge natwanêt le derewey xulgey serwerî çînayetî û dîktatorî çînayetî bêt, le têkişkanî desellatî serwerî tzarekanda twanî be frîwdanî krêkaran û benawî ewanewe desellat bigrêtedest û her benêwî xudî krêkaranewe bzavî soşyalîstî serkut bkat û komellge le sayey desellatekeyda bkate zîndanêkî gewre bo krêkaran! dîsanewe naçarm biprism, kameye soşyalîzmî wirdeborcwazî; efsaney dewletî baş û krêkarî ya hewilldan bo têkişkandnî payekanî serwerî û hawbeşîkirdnewe û herewezîkirdnewey komellge lederewey pêkhate quçkeyyekanî serwerî?

“anarkîstekan peywendî nêwan rîform û şorrş nabînin û yeklayene seyrî her layenêkyan deken . peywendîy dyalêktîkî nêwan geşekirdin û şorrş le kirdarî peresendnî komellayetîda nabînin , boye yekseru rastewxo bê pêşekî pêwîst û sazkirdnî xebatî syasî rêkixraw û şorrişgêrraney çînî krêkar deyanewêt le çawtrûkandnêkda komonîzm bêtedî . bername lelay ewan her yek bernameye ewîş bernamey ( şorrşî komonîstî ) ye , bernamey hellweşandnewey sîstmî sermayeye be yek gurzu serhelldanî komoneyekî cîhanîye . bernamey lanî kem le şorrişda refz deken û be bernamey rîformî borijwazî le qellem deden . „

lêreda serincî xwêner bo ewe radekêsm, ke nûser pêçewaney ştî narrewa danepallî enarkîstekan, lêreda be pêçewanewe be zyaderrewî tometbarîyan dekat. eme bo xwênerî wirya becêdehêllm û xoy detwanêt berawirdî peregrafekanî nûser bkat!

lay enarksîstekan leser ew bnemayey, ke xoyan be waneder û şwaney çewsawan nazanin, herwaş lew birwayeda nîn, ke şorrş

بۆمبـــایەك بێـــت و لـە كـــاتژێری ســـفردا لـە دەمـــی ڕابەرانەوە فڕدرێتە كـــۆمەڵگە و بتەقێتەوە. شـــۆڕش لای ئەنارکیســـتەکان واتـە چـــالاكی و خەبـــاتی ڕاســـتەوخۆی هەر ڕۆژە، کە تەنیـــا بنـــۆس و بەرهەمهێنەری هوشـــیاری شۆڕشـــگێڕانەی چەوســـاوانە و سەنگینیکردنی ئەو هوشـــیارییە بەلای هەلگێڕانەوەی کـۆمەڵگەی چینایەتیدا، دەبێتە خـالّی کۆتـایی؛ بە واتـــایەکی تـــر ئەنارکییەکـــان خەبـــاتی ئابـــووریی، ئەوەی کە مارکسیســـتەکان بە ڕیفـــۆرمی نێـــو دەبەن، بە سەنگەری کەتـــواری و ڕاستەقینەی کرێکـارانی دەزانـن و خەبـاتی ڕاستەخۆ (Direct Action) تەنیـا شـێوازی ئەو خەبـاتە و ڕێکخـراوە جەمـاوەرییە سەربەخۆکان بە تـاکە چوارچێـوەی سروشـتی و گونجـاوی ئەو خەبـاتە دەزانـن و هەمـوو هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە و سەربەخۆی ئەو خەبـاتە لـە دەرەوەی بڕیـاری سەروەران و پارتە ڕامکارەکـان، بە بەشێك لـە شۆڕش دادەنێن و شۆڕش لای ئەوان کۆی ئەو خەباتە و سەرکەوتنییەتی.

شتێکی تـر کە پێویستە ڕۆشـن بکرێتەوە، ئەوەیە کە خەبـات بەرهەمـی فێرکـاریی ئایـدیۆلۆجیانەی سەرانی پارت نییە، خەبـات ئەو کۆششـەیە، کە شەیداییمان بـۆ ئازادی و پێداویسـتی ژیـان و مـانەوە بەسەرماندا دەیسەپێنێت و دەیکـاتە هۆکارێك بـۆ ڕزگـاربوون، نەك ئەوەی ئێمە وەك ڕۆبـۆت لـەلایەن کەسـانێکەوە فێـری خەبـات و خـواردن و خەوبینیـن بکرێیـن. هەروەهـا ئەنارکییەکـان خوازیـاری شۆڕشـی کۆمونیسـتی [بـەو واتـایەی مارکسیستەکان] نیـن، بەڵکـو خوازیـاری کـۆمەڵگەی ئەنـارکی (سۆشیالیستی)ن.

مـن نـازانم نووسەر لـە کوێـدا ئەوەی خوێنـدووەتەوە، کە ئەنارکییەکـان بەرنامەیان هەیە و ئەو بەرنامەیەش (بەرنـامەی شۆڕشی کۆمونیسـتی ) یە؟ بەڵام بەپێـی ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر دەستنیشـانی کـردوون، ئـەوا ئەو گروپـــی کۆمونیســـتی ئینتەرناسیونالیســـت، کە گروپێکـــی مارکسیســـتن و لـە پارتایەتیـدا پێشـبڕکێ لـەتەك (لێنیـن)دا دەکەن و مارکسیزمیشیان گەیاندووەتە پلەی ئایینێکی دونیایی، بە ئەنارکیست

bombayek bêt û le katjêrî sfirda le demî raberanewe firrdrête komellge û bteqêtewe. şorrş lay enarkîstekan wate çalakî û xebatî rastewxoy her roje, ke tenya bnos û berhemhênerî huşyarî şorrişgêrraney çewsawane û sengînîkirdnî ew huşyarîye belay helgêrranewey komellgey çînayetîda, debête xallî kotayî; be watayekî tir enarkîyekan xebatî abûrîy, ewey ke marksîstekan be rîformî nêw deben, be sengerî ketwarî û rasteqîney krêkaranî dezanin û xebatî rastexo (Direct Action) tenya şêwazî ew xebate û rêkixrawe cemawerîye serbexokan be take çwarçêwey sruştî û guncawî ew xebate dezanin û hemû hengawêkî şorrişgêrrane û serbexoy ew xebate le derewey birryarî serweran û parte ramkarekan, be beşêk le şorrş dadenên û şorrş lay ewan koy ew xebate û serkewtnîyetî.

ştêkî tir ke pêwîste roşn bikrêtewe, eweye ke xebat berhemî fêrkarîy aydyolocyaney seranî part nîye, xebat ew koşşeye, ke şeydayîman bo azadî û pêdawîstî jyan û manewe besermanda deysepênêt û deykate hokarêk bo rizgarbûn, nek ewey ême wek robot lelayen kesanêkewe fêrî xebat û xwardin û xewbînîn bikrêyn. herweha enarkîyekan xwazyarî şorrşî komunîstî [bew watayey marksîstekan] nîn, bellku xwazyarî komellgey enarkî (soşyalîstî)n.

min nazanim nûser le kwêda ewey xwênduwetewe, ke enarkîyekan bernameyan heye û ew bernameyeş (bernamey şorrşî komunîstî )ye? bellam bepêy ew serçawaney ke nûser destnîşanî kirdûn, ewa ew grupî komunîstî înternasîwnalîst, ke grupêkî marksîstin û le partayetîda pêşbirrkê letek (lênîn)da deken û marksîzmîşyan geyanduwete pley ayînêkî dunyayî, be enarkîst

تێگەیشتووە و ئەمەش یەکێکە لەو بەدبەختییانەی کە دۆگمی مارکسیزم وەك ئایدیۆجیا بووەتە هۆکاری ئەوەی کە مارکسیستێکی کوردستان، مارکسیستێکی بریتانی لێ ببێتە ئەنارکیست!

من وەك ئەنارکییەکی ئەمڕۆ، نەك باوەڕم بەهیچ بەرنامەیەکی ئامادەکراو نییە، هەر هەوڵێك لە لایەن دەستەبژێرێکەوە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی بزووتنیك کە هێشتا ڕوونەداوە، بە ئایدیالیزم دەبینم و ئەوەی پێیوایە دەتوانێت ڕێڕەو بۆ کەسانی تر دیاری بکات، سەری لە دڵسۆزییەکانی پێشەوا [ستالین و هیتلەر و سەدام]ەوە دەردەچێت، کە خۆی ناچار دەبینێت، کۆمەڵگە و خەونی مرۆڤەکان وا لە قاڵب بدات، کە لەتەك چوارچێوەی بەرنامە و ئایدیۆلۆجیاکەیدا بگونجێت. ئەگەر بە هەمان پێوەری مارکسیستی ئەم قسانەی من بە لادان لە ئەنارکیزم دەبینیت، تکایە سەرنجی ئەو وتەیەی باکونین "هەر کەسێك، بۆ پاش شۆڕش پلان و نەخشە دابڕێژێت، کۆنەپەرستە" بدە و ئینجا پەیامی لێبوردن بۆ گروپە هاوئایدیالۆجیاکەی خۆت بنێرە، کە ستەمێکی زۆرت لێکردن و ئەوانی مارکسیستت لێگۆڕاوە بە ئەنارکیست!

ئەنارکییستەکان تەنیا بەرنامەی لایەنیکەم ڕەتناکەنەوە، وەك دەبینیت، بەرنامە بەگشتی ڕەتدەکەنەوە. چونکە ئەنارکیستەکان نە ڕابەرن و نە فێرکار و نە فریادڕەس و نە فریشتە، ئەنارکییەکان جەنگاوەری گومناوی کۆڕی خەباتن و لە شوێنی خۆیان و لە کۆری خەباتی ڕۆژانەدا قسە دەکەن و کار و چالاکی گەرەکێکی ئەولاتر بە خودی نیشتەجێیانی ئەوێندەرێ دەسپێرین، هەروەك لە کۆمونەکانی ئۆکرانیا و هەرەوەزییەکانی ئیسپانیادا پێیهەستان و یەکەمین جەنگاوەر و بەرەنگاریگەری دوژمن، یەکەمین جوتیار و کرێکاری دەستپێشخەری، کارگە و کێڵگەکان، بەڵام دوابڕیاردەری کاروبارەکان. واتە تەواو پێچەوانەی بۆلشەفیکەکان، کە دوایین جەنگاوەر و دوایین کرێکار و جوتیار، بەڵام یەکەمین مشەخۆر و یەکەمین بڕیاردەر و یەکەمین سەرکوتگەر بوون!

têgeyiştuwe û emeş yekêke lew bedbextîyaney ke dogmî marksîzm wek aydyocya buwete hokarî ewey ke marksîstêkî kurdistan, marksîstêkî brîtanî lê bbête enarkîst!

min wek enarkîyekî emrro, nek bawerrm behîç bernameyekî amadekraw nîye, her hewllêk le layen destebjêrêkewe bo dyarîkirdnî arastey bzûtnîk ke hêşta rûynedawe, be aydyalîzm debînim û ewey pêywaye detwanêt rêrrew bo kesanî tir dyarî bkat, serî le dillsozîyekanî pêşewa [stalîn û hîtler û sedam]ewe derdeçêt, ke xoy naçar debînêt, komellge û xewnî mrovekan wa le qallb bdat, ke letek çwarçêwey bername û aydyolocyakeyda bguncêt. eger be heman pêwerî marksîstî em qsaney min be ladan le enarkîzm debînît, tkaye serincî ew wteyey bakunîn “her kesêk, bo paş şorrş plan û nexşe dabrrêjêt, koneperiste” bde û înca peyamî lêburdin bo grupe hawaydyalocyakey xot bnêre, ke stemêkî zort lêkirdin û ewanî marksîstit lêgorawe be enarkîst!

enarkîyistekan tenya bernamey layenîkem retnakenewe, wek debînît, bername begiştî retdekenewe. çunke enarkîstekan ne rabern û ne fêrkar û ne firyadrres û ne frîşte, enarkîyekan cengawerî gumnawî korrî xebatin û le şwênî xoyan û le korî xebatî rojaneda qse deken û kar û çalakî gerekêkî ewlatir be xudî nîştecêyanî ewênderê despêrrîn, herwek le komunekanî okranya û herewezîyekanî îspanyada pêyhestan û yekemîn cengawer û berengarîgerî dujmin, yekemîn cutyar û krêkarî destpêşxerî, karge û kêllgekan, bellam dwabirryarderî karubarekan. wate tewaw pêçewaney bolşevîkekan, ke dwayîn cengawer û dwayîn krêkar û cutyar, bellam yekemîn mşexorr û yekemîn birryarder û yekemîn serkutger bûn!

“ئانارکیستەکانی ئیمڕۆ مەسەلەی دەوڵەت لە بنەڕەتەوە ڕەتدەکەنەوەو دەوڵەت بە پێویست نازانن . ئەوان بڕوایان وەهایە کە هەر بیانوویەک بۆ پێویستبوونی دەوڵەت لەژێر سایەی چینی کرێکاردا بهێنرێتەوە ، دەوڵەت لە دەوڵەتبوون ناخات ، وەک دەڵێن : دەوڵەت ئامرازەکانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی هەر دەوێت و پۆلیس ، لەژێر سایەی سیستمی بۆرژوازیدا بێت یان سیستمی پرۆلیتاری ، هەر پۆلیسە .”

ئەگەر ئەنارکیستەکان مەبەست لە کەسانێك بن، کە لێرەو لەوێ تێڕوانینی خۆیان تۆمارکردووە، ئەوا هەر لە (ویلیام گۆدوین)ەوە تا ئەمڕۆ دەوڵەت بە هەموو شێوەکانییەوە ڕەتدەکەنەوە، ئەوەش کە پێمانوایە دەوڵەت لە دەستی مندا بێت یا لە دەستی فلانە مەلا و ناسیونالیست و سەرمادارادا، هیچ لە کرۆکە چینایەتییەکەی ناگۆڕێت، ئیتر لە ئەمڕۆدا وەك پێش شۆڕشی ١٩١٧ هیچ پێویستمان بە مشتومڕ و بیرلێکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە نییە، تەنیا ئەوەندە بەسە بلێین، ئەگەر ئایدیۆلۆجیا بواری تێگەیشتن لەو ڕاستییانەی ئێمە دەیانلێین نادات، فەرموون سەرنجی هەنگاوی برایەکانی خۆتان بدەن، بزانن دەوڵەتەکەی ئێوە ڕووی دەوڵەتی ئەوەکانی تری سپی نەکردووە؟ بزانن چۆن خەڵکی ڕوسیە و ڕومانیا بە دەستی خۆیان هاوئایدیۆلۆجییەکانی ئێوەیان لە دەسەلات هێنایە خوارەوە، ئایا ئەوە جێی پرسیار نییە، بپرسین ئاخۆ ئەوە چی بووبێت، وای لە کرێکارێکی ڕوسی کردبێت، بەس بەمەرجێك لە زیندانی بۆلشەڤیکەکان بێتە دەرەوە، ئامادەبێت تەن بە لەشفرۆشی و تلیاکفرۆشی و بێکاری و بێلانەیی و شەڕوکوشتارەکانی دونیای سەرمایەداری بدات، هەروەك چۆن عیراقییەکان ئامادەبوون چەپڵەیان بۆ لەشکری داگیرکاری ئەمەریکی لێدەن، بەس بەمەرجێك لەو دیکتاتۆرە ڕزگاریان ببێت!

ئایا ئەمە دروستی ئەو وتە ئەنارکییانەمان بیرناخاتەوە، کە دەڵێت “یەکسانی لە سایەی دەوڵەتدا بریتییە لە یەکسانی زیندانیان لە

“anarkîstekanî îmrro meseley dewllet le bnerretewe retdekenewew dewllet be pêwîst nazanin . ewan birrwayan wehaye ke her byanûyek bo pêwîstbûnî dewllet lejêr sayey çînî krêkarda bhênrêtewe , dewllet le dewlletbûn naxat , wek dellên : dewllet amrazekanî bekarhênanî desellatî serkutgeraney xoy her dewêt û polîs , lejêr sayey sîstmî borijwazîda bêt yan sîstmî prrolîtarî , her polîse .“

eger enarkîstekan mebest le kesanêk bin, ke lêrrew lewê têrrwanînî xoyan tomarkirduwe, ewa her le (wîlyam goduyn)ewe ta emrro dewllet be hemû şêwekanîyewe retdekeynewe, eweş ke pêmanwaye dewllet le destî minda bêt ya le destî flane mela û nasîwnalîst û sermadarda, hîç le krroke çînayetîyekey nagorrêt, îtir le emrroda wek pêş şorrşî 1917 hîç pêwîstman be miştumirr û bîrlêkirdnewe û bellge hênanewe nîye, tenya ewende bese blêyn, eger aydyolocya bwarî têgeyiştin lew rastîyaney ême deyanlêyn nadat, fermûn serincî hengawî brayekanî xotan bden, bzanin dewlletekey êwe rûy dewlletî ewekanî trî spî nekirduwe? bzanin çon xellkî rusye û rumanya be destî xoyan hawaydyolocîyekanî êweyan le deselat hênaye xwarewe, aya ewe cêy pirsyar nîye, bpirsîn axo ewe çî bûbêt, way le krêkarêkî rusî kirdbêt, bes bemercêk le zîndanî bolşevîkekan bête derewe, amadebêt ten be leşifroşî û tilyakifroşî û bêkarî û bêlaneyî û şerrukuştarekanî dunyay sermayedarî bdat, herwek çon 'îraqîyekan amadebûn çeplleyan bo leşkrî dagîrkarî emerîkî lêden, bes bemercêk lew dîktatore rizgaryan bbêt!

aya eme drustî ew wte enarkîyaneman bîrnaxatewe, ke dellêt “yeksanî le sayey dewlletda brîtîye le yeksanî zîndanyan le

پۆشاك و خواردن و هاتوچۆی ڕاڕەوەکانی زیندان" یا ئەوەی کە دەڵێت "یەکسانی بەبێ ئازادی کۆیلەتییە و ئازادیش بەبێ یەکسانی بەهرەکێشی"؟[7]

"ئانارکیستەکان بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنن کە ئامانجیان : نە تێکشکاندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ، نە بنیاتنانی دەوڵەتی حزب ، نە حکومەتی کرێکاری ، نە حکومەتی شووراییی و نە پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریایە . ئەوان لە یەک قسەدا ئەوە دەردەخەن کە ئامانجیان : نە گۆڕینی دەوڵەتی دیکتاتۆرییە بە دەوڵەتی دیموکراسی و نە گۆڕینی دەوڵەتی بۆرژوازییە بە دەوڵەتی پرۆلیتاری ، بەڵکو ئامانجیان لەناوبردنی دەوڵەتە بە هەموو چەشنەکانییەوە ، بە دەوڵەتی پرۆلیتاریاشەوە ، چونکە پرۆلیتاریا پێویستی بە سەروەرێتی لە کۆمەڵدا نییە ."

لێرەدا نووسەر بێویژدانییەکی گەورە بەرامبەر ئەنارکییەکان دەکات و جارێکی تر تێکستەکانی ڕێکخراوێکی داخراوی مارکسیستی هاوسەنگەری خۆی دەکاتە هی ئەنارکییەکان! بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر نەك هەموو ئەنارکییەکان، تەنانەت یەك ئەنارکی لە سەراپای مێژووی هزریی ئەنارکیدا هەبوو کە بە ڕاشکاوی و ناڕاشکاوی وتبێتی، نووسیبێتی، بیریشی لێکردبێتەوە و نیازیشی هەبووبێت کە ئامانجی تێکنەشکاندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت، ئەوا لەم ساتەوە من نەفرەت لە ئەنارکیزم دەکەم، هەوەك چۆن لە بۆلشەڤیزمی دەکەم، کە سەروەری چینایەتییان پاراستا! دیسانەوە داوا لە نووسەر دەکەم، لە کوێدا دەتوانێت تاقە یەك ڕستە لە سەراپای ئەدەبیاتی ئەنارکیدا پەیدا بکات، کە پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی بکات؟

بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێین، دەوڵەت دەسکەلای هەر چین و پارتێك بێت، واتای بوونی پێداویستی سەرکوت و ڕاگرتنی سەروەری دەگەیێنێت. لای ئەنارکییەکان سەرکوتگەر، هەر سەرکوتگەرە چ کرێکار بێت یا بۆرژوا،

poşak û xwardin û hatuçoy rarrewekanî zîndan” ya ewey ke dellêt “yeksanî bebê azadî koyletîye û azadîş bebê yeksanî behrekêşî”?[7]

“anarkîstekan be raşkawî raydegeyenin ke amancyan : ne têkişkandnî berhemhênanî sermayedarî , ne binyatnanî dewlletî hizb , ne hkumetî krêkarî , ne hkumetî şûrayî û ne pyadekirdnî desellatî syasî prrolîtaryaye . ewan le yek qseda ewe derdexen ke amancyan : ne gorrînî dewlletî dîktatorîye be dewlletî dîmukrasî û ne gorrînî dewlletî borijwazîye be dewlletî prrolîtarî , bellku amancyan lenawbirdnî dewllete be hemû çeşnekanîyewe , be dewlletî prrolîtaryaşewe , çunke prrolîtarya pêwîstî be serwerêtî le komellda nîye .“

lêreda nûser bêwîjdanîyekî gewre beramber enarkîyekan dekat û carêkî tir têkistekanî rêkixrawêkî daxrawî marksîstî hawsengerî xoy dekate hî enarkîyekan! beşbehallî xom eger nek hemû enarkîyekan, tenanet yek enarkî le serapay mêjûy hizrîy enarkîda hebû ke be raşkawî û narraşkawî witbêtî, nûsîbêtî, bîrîşî lêkirdbêtewe û nyazîşî hebûbêt ke amancî têkneşkandnî berhemhênanî sermayedarî bêt, ewa lem satewe min nefret le enarkîzm dekem, hewek çon le bolşevîzmî dekem, ke serwerî çînayetîyan parast! dîsanewe dawa le nûser dekem, le kwêda detwanêt taqe yek riste le serapay edebyatî enarkîda peyda bkat, ke pallpiştî ew boçûney bkat?

bellam be raşkawî delêyn, dewllet deskelay her çîn û partêk bêt, watay bûnî pêdawîstî serkut û ragirtnî serwerî degeyênêt. lay enarkîyekan serkutger, her serkutgere çi krêkar bêt ya borijwa,

چ ناسیونالیست بێت یا کۆمونیست! ئەگەر کۆتایی ئەو شۆڕشەی کە مارکسیستەکان پاگەندەی بۆ دەکەن، بە سۆشیالیزم دێت، ئیتر دەیانەوێت دەوڵەت بەسەر کێدا بکەن و کێ لەژێر سەرەنێزەی دیکتاتۆرییەکەیاندا ڕاگرن؛ کرێکاران یا بۆرجواکان؟ [8] ئەگەر بۆ ژێردەستەڕاگرتنی بۆرجواکانە، ئەوا خۆیان بەدرۆ دەخەنەوە و لە سۆشیالیزمدا بۆرجوا وەك کەسێکی مشەخۆر و دارای خاوەندارێتی کێڵگە و کارگەکان یا سیستەمێك دەبێت لە ئارادا نەمابێت. ئەگەر دەڵێن دەمێنێت، ئەوا قسەکردن لە سۆشیالیزم لە وەها کۆمەڵگەیەکدا، دەچێتە خانەی ئەفسانەبافییەوە. ئەگەر ئەم دوو ئەگەرش نەبن، ئەوا ئەگەری سێیەم قوتدەبێتەوە، ئەویش سەروەری و دیکتاتۆری کۆمونیستەکانە بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و چینە بەرهەمهێنەرەکان (کرێکاران و جوتیاران) بەتایبەتی، کە ژیان و بەردەوامی لەسەر شانیان دەوەستێت، ئەوەی کە بەکردەوە لە ماوەی ٧٠ساڵی دەسەلاتی تاکپارتی و دیکتاتۆرییانەی بۆلشەڤیکەکاندا، لەسەر مژینی شیلەی ژیان و وردوخاشکردنی ئێسکەپەیکەری کرێکاران و جوتیاران، قەلای ئابووریی ناسیونالیستیی و تەلاری خەونە نەزۆکە وردەبۆرجوازییەکانیان هەڵچنی. خۆ ئەگەر ئەمەشیان نەبێت، ئەوا دوا ئەگەر تێکەڵکردنی ئابووری بەرنامەڕێژی ناوەندیی لەتەك فرەدەنگی ڕامیاریی (پلورالیزمی ڕامیاریی) و سیستەمی پارلەمانی دەمێنێتەوە.

من لە دەرکی وا لە سۆشیالیزم تووشی شۆك نابم، چونکە زۆرێك لە چەپەکانی کوردستان کە دەگەیشتنە ولاتی سوید، پالیان لێدەدایەوە و دەیانوت خۆ ئەمە لەو سۆشیالیزمە زیاتر و باشترە، کە ئێمە دەیخوازین!

" ئانارکیستەکان لەم باری سەرنجەوە هەڵوێستیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەسەلاتی سۆڤیەتی و دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو بەلشەفیزم وەرگرت . ئەوان وەک لینین دەلێت : لە ئەنجامی رقی مەشرووع و کاردانەوەیان بەرامبەر ریفۆرمیزم و ئۆپۆرتۆنیزمی ئینتەرناسیۆنالی

çi nasîwnalîst bêt ya komunîst! eger kotayî ew şorrşey ke marksîstekan pagendey bo deken, be soşyalîzm dêt, îtir deyanewêt dewllet beser kêda bken û kê lejêr serenêzey dîktatorîyekeyanda ragrin; krêkaran ya borcwakan? [8] eger bo jêrdesterragirtnî borcwakane, ewa xoyan bedro dexenewe û le soşyalîzimda borcwa wek kesêkî mşexor û daray xawendarêtî kêllge û kargekan ya sîstemêk debêt le arada nemabêt. eger dellên demênêt, ewa qsekirdin le soşyalîzm le weha komellgeyekda, deçête xaney efsanebafîyewe. eger em dû egerş nebin, ewa egerî sêyem qutdebêtewe, ewîş serwerî û dîktatorî komunîstekane beser komellge begiştî û çîne berhemhênerekan (krêkaran û cutyaran) betaybetî, ke jyan û berdewamî leser şanyan dewestêt, ewey ke bekirdewe le mawey 70 sallî deselatî takpartî û dîktatorîyaney bolşevîkekanda, leser mjînî şîley jyan û wirduxaşkirdnî êskepeykerî krêkaran û cutyaran, qelay abûrîy nasîwnalîstîy û telarî xewne nezoke wirdeborcwazîyekanyan hellçnî. xo eger emeşyan nebêt, ewa dwa eger têkellkirdnî abûrî bernamerrîjî nawendîy letek fredengî ramyarîy (pluralîzmî ramyarîy) û sîstemî parlemanî demênêtewe.

min le derkî wa le soşyalîzm tûşî şok nabim, çunke zorêk le çepekanî kurdistan ke degeyiştne wllatî suyd, palyan lêdedayewe û deyanut xo eme lew soşyalîzme zyatir û baştre, ke ême deyixwazîn!

“ anarkîstekan lem barî serincewe hellwêstyan le şorrşî oktoberu desellatî sovyetî û dîktatorî prrolîtaryaw belşefîzm wergirt . ewan wek lênîn dellêt : le encamî rqî meşrû' û kardaneweyan beramber rîformîzm û oportonîzmî înternasyonallî

دووەم بەرەو هەڵوێستی ئانارکیستی لە دەوڵەت چوون و نەیانتوانی زەرووڕەتی دیکتاتۆرییەت بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم قبووڵ بکەن . „

ئەگەر لێنین بۆ پڕوپاگەندەی کوڕە پارتییەکانی ناچار بوو، شێواندن لە مێژوودا بکات، ئەوا دەبوو نووسەر کە ڕۆژگاری پاش تێکشکانی بتەکانی لێنین و ستالین لەلایەن خەلکی هەژار و ڕۆژگاری بێسنووری دونیای ئینتەرنێت و زانیارییەکان، ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندووە، بە دوای سەرچاوەدا بگەڕێت، پەلەی نەکردایە و خۆی ماندوو بکردایە و سەرنجی دەقی مشتومڕی ئەنارکییەکان و مارکسیستەکانی ناو ئینتەرناسیونالی یەکەم و بەڵگەنامەکانی یەکەمین ئینتەرناسیونالی ئەنارکی بدایە، کە بەرامبەر بە کارل مارکس و پاشڕەوانی دەلێن، بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی سووری ئێوە، سەرکوتگەری دەگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە بۆرجواکان نەیانتوانیوە و نەیانوێراوە دەستی بۆ بەرن! کاتێك ئەوان ئەو بۆچوونانەیان دەربڕی نە پارتە سۆشیال- دیمۆکراتەکان هەبوون و نە ئینتەرناسیونالی سۆشیال-دیمۆکراتەکان (دووەم) سەری هەلدابوو و نە پارتە سۆشیال-دیمۆکراتەکان بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بانگەوازی پشتگیری شەڕ و پاریزگاری نیشتمانی و بەشداری دەوڵەتیان دابوو!

“بەکورتی دژایەتیکردنی دەوڵەت و تەواوی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی ، دیارە بەبێ ئامادەکردنی ئامرازەکانی و بەبێ خەباتی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە هەلومەرجەکانی ، گشت ئانارکیستە کۆن و نوێیەکان لە یەک خاڵدا یەکانگیر دەکات.„ “ئانارکیستەکان بیانووی ڕەفزی سەروەریتی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵدا دەکەنە بنەمای چۆنایەتی تێڕوانینیان بۆ شۆڕشی ئەم چینە ، بەقسە داوای شۆڕشێکی جیهانی دەکەن و بە کردەوە تەواوی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی بابەتی و خۆیی بۆ بەرپاکردنی ئەم شۆڕشەو هەڵگێڕانەوەی جیهانی سەرمایەداری فەرامۆش دەکەن . “

duwem berew hellwêstî anarkîstî le dewllet çûn û neyantwanî zerûretî dîktatorîyet bo gwastnewe le qonaxî sermayedarîyewe bo komonîzm qbûll bken . „

eger lênîn bo prrupagendey korre partîyekanî naçar bû, şêwandin le mêjûda bkat, ewa debû nûser ke rojgarî paş têkişkanî btekanî lênîn û stalîn lelayen xelkî hejar û rojgarî bêsnûrî dunyay înternêt û zanyarîyekan, ew derfeteyan bo rexsanduwe, be dway serçaweda bgerêt, peley nekirdaye û xoy mandû bkirdaye û serincî deqî miştumrrî enarkîyekan û marksîstekanî naw înternasîwnalî yekem û bellgenamekanî yekemîn înternasîwnalî enarkî bdaye, ke beramber be karl markis û paşrewanî delên, bedillnayyewe dewlletî sûrî êwe, serkutgerî degeyênête ew şwêney ke borcwakan neyantwanîwe û neyanwêrawe destî bo bern! katêk ewan ew boçunaneyan derbrrî ne parte soşyal- dêmokratekan hebûn û ne înternasîwnallî soşyal-dêmokratekan (duwem) serî heldabû û ne parte soşyal-dêmokratekan behoy cengî cîhanî yekemewe bangewazî piştgîrî şerr û parîzgarî nîştmanî û beşdarî dewlletyan dabû!

“bekurtî djayetîkirdnî dewllet û tewawî damezrawe medenî û serbazîyekanî dewlletî borijwazî , dyare bebê amadekirdnî amrazekanî û bebê xebatî syasîy şorrişgêrraney piştbestû be helumercekanî , gişt anarkîste kon û nwêyekan le yek xallda yekangîr dekat.„...“anarkîstekan byanûy refzî serwerêtî prrolîtarya le komellda dekene bnemay çonayetî têrrwanînyan bo şorrşî em çîne , beqse daway şorrşêkî cîhanî deken û be kirdewe tewawî barudoxî şorrişgêrraney babetî û xoyî bo berpakirdnî em şorrşew hellgêrranewey cîhanî sermayedarî feramoş deken .“

دیسانەوە نووسەر لە کونوکەلەبەری تێکستەکانی گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونالیستدا بۆ بیر و بۆچوونی ئەنارکی دەگەڕێت. ئەمە لە ڕاوەماسی ناو بیابان دەچێت!

بەڵێ ئەنارکییەکان لە تێڕوانینیانەوە بۆ شۆڕش، وەك سەرەنجامێکی لۆجیکی بە وەها وێناکردنێك بۆ بنەماکانی کۆمەڵگەی داهاتوو دەگەن، هەلبەتە ئەمەش تەواو بەپێچەوانەی تێگەیشتنی نووسەرەوە. هەروەها مارکسیستەکان لە تێڕوانینی وردەبۆرجوازییانەوە بۆ خەبات و شۆڕش و سۆشیالیزم، بەو سەرەنجامە دەگەن، کە لە بری دیکتاتۆری پارتە بۆرجوازییەکان، دیکتاتۆری پارتە کۆمونیستەکان (مارکسیستەکان)، لە بری دەوڵەتی بۆرجوازی، دەوڵەتی مارکسیستی ئەوەی کە پێیدەڵێن (سۆشیالیستی، کرێکاری، سۆڤیەتی) و لە بری زیندان و پۆلیس و لەشکر و سیخوڕی و سەرۆك و خانزادەکانی بۆرجوازی، زیندان و پۆلیس و لەشکر و سیخوڕی و سەرۆك و خانزادەکانی دەوڵەتی مارکسیستی دامەزرێننەوە، چونکە ئەوان وەك وردەبۆجوازییەکی خۆ بە فێرکار و فریادڕەسزانی چەوساوان، دەخوازن لە سەرەوەرا دونیا بگۆڕن و ناتوانن لە دەرەوەی دونیای چینایەتی وێنایەکی تر بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو بکەن، هەروەك چۆن ئایینەکان ناتوانن وێنایەکی جیاواز لە وێنەی ئەو جێیانەی تیایاندا سەریاهەلداوە، وێنایەك بۆ بەهەشتی ئاسمانەکان بکەن، ئاواش مارکسیست-لێنینیستەکان ناتوانن لە دەرەوەی دونیای سەروەری وێنای کۆمەڵگەیەکی بێسەروەر بکەن! هەنووکە دەکرێت بزانین کێ ئایدیالیستە و کێ وردەبۆجوازی؟

"ستراتیژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەلای ئانارکیستەکانی ئەمڕۆ بریتی نییە لە ڕزگارکردنی چینی کرێکار بەو مانایەی کە خاوەنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی بێت ، بەڵکو ڕزگاری ئێجگارەکی وەها دەخەنەڕوو کە بنەمای چینایەتی چینی کرێکار تێکبشکێنرێت و لە ماهییەتی چینایەتی ڕزگاری بێت تا ماهییەتی مرۆڤانەی بۆ بگەڕێتەوە . بەڵام ئایا چۆن ئەم پڕۆسەیە لەجیهانی ئەمڕۆدا ڕوو دەدات و مەرجەکانی

înternasîwnalîstda bo bîr û boçûnî enarkî degerrêt. eme le rawemasî naw byaban deçêt!

bellê enarkîyekan le têrrwanînyanewe bo şorrş, wek serencamêkî locîkî be weha wênakirdnêk bo bnemakanî komellgey dahatû degen, helbete emeş tewaw bepêçewaney têgeyiştnî nûserewe. herwaş marksîstekan le têrrwanînî wirdeborcwazîyanewe bo xebat û şorrş û soşyalîzm, bew serencame degen, ke le brî dîktatorî parte borcwazîyekan, dîktatorî parte komunîstekan (marksîstekan), le brî dewlletî borcwazî, dewlletî marksîstî ewey ke pêydellên (soşyalîstî, krêkarî, sovyetî) û le brî zîndan û polîs û leşkir û sîxurî û serok û xanzadekanî borcwazî, zîndan û polîs û leşkir û sîxurî û serok û xanzadekanî dewlletî marksîstî damezrênnewe, çunke ewan wek wirdebocwazîyekî xo be fêrkar û firyadrreszanî çewsawan, dexwazn le serewera dunya bgorrn û natwanin le derewey dunyay çînayetî wênayekî tir bo komellgey dahatû bken, herwek çon ayînekan natwanin wênayekî cyawaz le wêney ew cêyaney tyayanda seryaheldawe, wênayek bo beheştî asmanekan bken, awaş marksîst-lênînîstekan natwanin le derewey dunyay serwerî wênay komellgeyekî bêserwer bken! henûke dekrêt bzanîn kê aydyalîste û kê wirdebocwazî?

“sitratîjî bzûtnewey komonîstî lelay anarkîstekanî emrro brîtî nîye le rizgarkirdnî çînî krêkar bew manayey ke xawenî desellatî çînayetî xoy bêt , bellku rizgarî êcgarekî weha dexenerrû ke bnemay çînayetî çînî krêkar têkbişkênrêt û le mahîyetî çînayetî rizgarî bêt ta mahîyetî mrovaney bo bgerrêtewe . bellam aya çon em prroseye lecîhanî emrroda rû dedat û mercekanî

دابینده‌کرێت ؟ ئه‌وا هیچ وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌کی لۆژیکییان له‌ به‌رامبه‌ریدا نییه‌"

دیسانه‌وه‌ ناچارم بلێم، ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌ نووسه‌ر ئایدیاکانی گرووپی کۆمونیستی ئینته‌رناسیونالیست به‌سه‌ر ئه‌نارکییه‌کانه‌وه‌ کردووه‌ به‌ماڵ، ناچارم وه‌ڵامی هه‌ندێك ڕسته‌ بده‌مه‌وه‌، که‌ له‌ ڕاستیدا به‌ دروستی نازانم، کاتی خۆم به‌ خوێندنه‌وه‌یانه‌وه‌ به‌ فیڕۆ بده‌م (مه‌به‌ست له‌و ڕستانه‌یه‌ که‌ نووسه‌ر، به‌ بۆچوونی ئه‌نارکیستیان ده‌ناسێنێت). ئه‌نارکییه‌کان تاکی ناو کۆمه‌ڵن و به‌وپێیه‌ش خه‌باتی تێدا ده‌که‌ن و به‌و پێییه‌ش ئه‌رکیان له‌سه‌ر شانه‌ و به‌و پێیه‌ش ده‌توانن ڕزگارگه‌ر بن، واته‌ ته‌نیا ده‌توانن خه‌بات بۆ ڕزگاری خۆیان بکه‌ن، ئه‌مه‌ش ده‌کاته‌ هاوخه‌باتی هاوئاستانه‌ی گشت تاکه‌کان، نه‌ که‌س ڕابه‌ر و نه‌ که‌س گوێڕایه‌ڵ، چونکه‌ لای ئه‌نارکییه‌کان که‌س ناتوانێت سۆپه‌رمانئاسا که‌سی تر ڕزگار بکات و ڕزگاری هه‌موو که‌سێك له‌ خودی ئه‌و که‌سه‌وه‌ ده‌ستپێده‌کات. له‌بیرمان نه‌چێت، ڕزگاری چینی کرێکاریش وه‌ك یه‌کێك له‌ چین و توێژه‌ بنده‌سته‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی چینایه‌تی هه‌م له‌سه‌ر ده‌ستی خۆی و هه‌م به‌ هاوخه‌باتی چین و توێژه‌کانی تر مه‌یسه‌ر ده‌بێت.

به‌ کورتی نه‌ ئه‌نارکیسته‌کان سۆپه‌رمانن و نه‌ چینی کرێکاریش ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌ ئه‌فسانه‌یه‌ هیچ له‌بارداته‌بووه‌ی ناو تێڕوانینه‌ ورده‌بۆرژوازییانه‌که‌ی مارکسیزم-لێنینیزم، مێژووش ئه‌وه‌ی سه‌لماند و لێره‌دا پێویستمان به‌ مشتومڕ نییه‌. ته‌نیا ئه‌وه‌ نه‌بێت لێره‌دا به‌ پێویستی ده‌زانم، دووپاتی ئه‌وه‌ بکه‌مه‌وه‌، که‌ کرێکاران و جوتیاران چ وه‌ك تاکی کۆمه‌ڵگه‌ و چ وه‌ك چینی به‌رهه‌مهێنه‌ری کۆمه‌ڵگه‌، وه‌ك هه‌ر تاکێکی تر و وه‌ك چینیش توانای بیرکردنه‌وه‌ و هوشیاربوونه‌وه‌ و هه‌ڵوێستوه‌رگرتنیان هه‌یه‌ و هیچ پێویستیان به‌ ورده‌بۆرجوازی نییه‌، تاکو به‌ نێوی ئه‌وانه‌وه‌ پارت ساز بکات و به‌ نێوی ئه‌وانه‌ دیکتاتۆریه‌تی خۆی بسه‌پێنێت و هه‌ر به‌ نێوی ئه‌وان خۆشیانه‌وه‌، سه‌رکوتی نارەزایه‌تییه‌کانیان بکات و پێیان بڵێت، ئێوه‌ به‌رژه‌وه‌ندی خۆتان

dîsanewe nûser le kunukeleberî têkistekanî grupî komunîstî dabîndekrêt? ewa hîç wellamdaneweyekî lojîkîyan le beramberîda nîye”

dîsanewe naçarm blêm, tenya leber ewey ke nûser aydyakanî grupî komunîstî înternasîwnalîst beser enarkîyekanewe kirduwe be mall, naçarm wellamî hendêk riste bdemewe, ke le rastîda be drustî nazanim, katî xom be xwêndneweyanewe be fêro bdem (mebest lew ristaneye ke nûser, be boçûnî enarkîstyan denasênêt). enarkîyekan takî naw komelln û bewpêyeş xebatî têda deken û bew pêyyeş erkyan leser şane û bew pêyeş detwanin rizgarger bin, wate tenya detwanin xebat bo rizgarî xoyan bken, emeş dekate hawxebatî hawastaney gişt takekan, ne kes raber û ne kes gwêrrayell, çunke lay enarkîyekan kes natwanêt sopermanasa kesî tir rizgar bkat û rizgarî hemû kesêk le xudî ew kesewe destpêdekat. lebîrman neçêt, rizgarî çînî krêkarîş wek yekêk le çîn û twêje bindestekanî komellgey çînayetî hem leser destî xoy û hem be hawxebatî çîn û twêjekanî tir meyser debêt.

be kurtî ne enarkîstekan sopermanin û ne çînî krêkarîş ew bûnewere efsaneye hîc lebardanebuwey naw têrrwanîne wirdeborijwazîyanekey marksîzm-lênînîzm, mêjûş ewey selmand û lêreda pêwîstman be miştumirr nîye. tenya ewe nebêt lêreda be pêwîstî dezanim, dûpatî ewe bkemewe, ke krêkaran û cutyaran çi wek takî komellge û çi wek çînî berhemhênerî komellge, wek her takêkî tir û wek çînîş twanay bîrkirdnewe û huşyarbûnewe û hellwêstwergirtinyan heye û hîç pêwîstyan be wirdeborcwazî nîye, taku be nêwî ewanewe part saz bkat û be nêwî ewane dîktatoryetî xoy bsepênêt û her be nêwî ewan xoşyanewe, serkutî narrezayetîyekanyan bkat û pêyan bllêt, êwe berjewendî xotan

نازانن و من پێشڕەوتانم و ڕابەریتان دەکەم!

ئەوەی پرۆسێسی خۆڕزگارکردن چۆن ڕوودەدات، ئەوەیان پاپەندی خەباتی بەردەوام و ڕاستەوخۆی چەوساوانە، کە هەر یەکە لە شوێنی خۆیەوە و بە هاوپشتی یەکتری و بوونەپێداویستی ئەو گۆڕانە (ڕوخانی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی) لەلای زۆرینەی کۆمەڵگە دێتەدی، کە بەداخەوە هێشتا نەبووە و تەنیا خەونی کەمایەتییەکی شۆڕسگێڕە!

بەکورتی من ئاوای تێدەگەم، کە هەر لە گەڕەکەکەی ئێوەدا هێشتا گۆڕان و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی نەبووەتە داخوازی هەمووان، هەر کات بووە داخوازی هەمووان، ئەوا چۆن هەنووکە خەڵك زۆر ئاسایی دەچنە پای جەنگەکان و خۆیان بۆ هیچ بە کوشت دەدەن (چونکە هێشتا بڕوایەکیان پێیان ماوە)، ئەوا سبەینێش هەروا بۆ ئامانجە سۆشیالیستییەکان دەجەنگن. ئەمەش دیسانەوە پاپەندی خەباتی هەریەکەمانە لە شوێنی ژیان و کاری خۆمانەوە، تۆ لە ڕیزی خانەنشینانی گەرەك و مناڵەکەت لە ڕیزی خوێندکاران و هاوسەرەکەت لە ڕیزی ژنانی مامۆستا یا کرێکار و بێکار و بەو جۆرە هەموومان لە بەرەیەکی جەماوەری لە دەرەوەی کۆنترۆڵی پارت و دەسەڵات و دەستەبژێری دەسەڵاتخوازەوە پێکدەهێنین. ئایا ئەمە نالۆجیکییە؟ ئەی لۆجیکی کامەیە، ئەوەیە کە لەجێی بەڵێنی کولیچەخواردن لە ئاسمان، ئێمەش بێن و بەڵێنی کولیچەخوادنیان لە سایەی سەروەری پارتەکاندا پێبدەین؟

“ئانارکیستەکانی سەردەم دژی مەدەنییەت دەدوێن و ڕەفزی هەموو شێوە داواکارییەکی خۆشگوزەرانی بۆ چینی کرێکار دەکەن ، گوایا سەرکەوتنی ( شۆڕشی کۆمۆنیستی ) و خەباتی چینایەتی کرێکاران لە سایەی مەدەنییەت و خۆشگوزەرانیدا هیچ دەرەتانێکی لەبەردەمدا نییە . دەربارەی شێوازی بەرپاکردنی ( شۆڕشی کۆمۆنیستی ) و ( کۆمۆنەی

nazanin û min pêşrrewtanim û raberîtan dekem!

ewey prosêsî xorrizgarkirdin çon rudedat, eweyan papendî xebatî berdewam û rastewxoy çewsawane, ke her yeke le şwênî xoyewe û be hawpiştî yektrî û bûnepêdawîstî ew gorrane (ruxanî sermayedarî û binyatnanî komellgey soşyalîstî) lelay zorîney komellge dêtedî, ke bedaxewe hêşta nebuwe û tenya xewnî kemayetîyekî şorrisgêrre!

bekurtî min away têdegem, ke her le gerrekekey êweda hêşta gorran û komellgey soşyalîstî nebuwete daxwazî hemuwan, her kat buwe daxwazî hemuwan, ewa çon henûke xellk zor asayî deçne pay cengekan û xoyan bo hîç be kuşt deden (çunke hêşta birrwayekyan pêyan mawe), ewa sbeynêş herwa bo amance soşyalîstîyekan decengin. emeş dîsanewe papendî xebatî heryekemane le şwênî jyan û karî xomanewe, to le rîzî xanenşînanî gerek û mnalleket le rîzî xwêndkaran û hawsereket le rîzî jnanî mamosta ya krêkar û bêkar û bew core hemûman le bereyekî cemawerî le derewey kontrollî part û desellat û destebjêrî desellatixwazewe pêkdehênîn. aya eme nalocîkîye? ey locîkî kameye, eweye ke lecêy bellênî kulîçexwardin le asman, êmeş bên û bellênî kulîçexwadinyan le sayey serwerî partekanda pêbdeyn?

“anarkîstekanî serdem djî medenîyet dedwên û refzî hemû şêwe dawakarîyekî xoşguzeranî bo çînî krêkar deken , gwaya serkewtnî ( şorrşî komonîstî ) û xebatî çînayetî krêkaran le sayey medenîyet û xoşguzeranîda hîç deretanêkî leberdemda nîye . derbarey şêwazî berpakirdnî ( şorrşî komonîstî ) û ( komoney

جیهانی ) یەکەیان ، ئانارکیستەکان یەک شێوازی یەکگرتوو پێشنیاز ناکەن ، لەلایەک رستەی شۆڕشگێڕانە بۆ شۆڕشی توندوتیژ و سەوداکاری نەکردن و خۆبەدەستەوەنەدان هەڵدەبژێرن و ، لەلایەکی دیکەوە قسە لە شێوازی مانگرتنی گشتی و راگرتنی گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکەن ، گوایا وەک شێوازی هەرە کاریگەر کە سەرمایەداری کۆتایی پێبهێنێت . "

لێرەدا نووسەر دوو شتی تێکەڵکردووە؛ یەکەم بۆچوونەکانی گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونالیست لەمەڕ کۆمەڵگەی هاوچەرخ، دووەم بۆچوونی تاکە سەنگەری سەرەکی خەباتی ئەنارکۆ-سەندیکالیستی. بێجگە لەوەی کە (ئەو گروپەی ئەو نموونەگیری بۆچوونەکانی کردوون) دەستەبژێرێکی گۆشەگیرن و باوەڕیان بەهیچ جۆرە خەباتێکی جەماوەری و ئابووریی نییە و لە بەرامبەریشدا ئەنارکییەکان لە پاڵ ڕەتکردنەوەی پارتایەتی و بەشداری دەسەڵات و پارلەمان، تەنیا سەنگەرێك کە دروست و سروشتی و کەتواری دەبینن، سەنگەری خەباتی جەماوەری سەربەخۆ و ڕاستەوخۆی چین و توێژەکانن. دەبوو نووسەر خۆی گومان و ناجۆری ئەو دوو شتەی لا دروست ببووایە، کە ئەو بە خۆی لەو تێکستانەدا کە وی لێی بوونەتە بۆچوونی ئەنارکی، تەنیا وشەیەك لە بارەی ڕەوایی خەباتی جەماوەری ڕاستەخۆ و سەربەخۆ و مانگرتنی گشتی و خەباتی ئابووریی کرێکارانەوە بەرچاو ناکەوێت و ئەو بە خۆی لە شوێنی تردا بەرچاوی کەوتوون و وەریگرتوون.

وەك وتم شۆڕش پێویستی بە ڕێبەری و ڕاگەیاندنی لە لایەن دەستەبژێرێکەوە نییە، ئیتر ئەو دەستەبژێرە ئەنارکیست بێت یا مارکسیست، چونکە شۆڕش بەخۆی درێژەی ژیانە و یەك تاکە سات لە ژیانی کۆمەلایەتیدا بەدی ناکرێت، کە ململانێ و بەرەنگاری و خەباتی تیدا نەکرێت. کۆمەڵگە بوونێکی زیندووە و هەردەم لە باری شۆڕشدایە و ئەوەی شۆڕش هەندێك سات ئارام و لەسەر خۆ و هەندێك جار لە هەڵچوندایە، پەیوەندی بە هوشیاری و لێبڕانی تاکەکانەوە هەیە بۆ

cîhanî ) yekeyan , anarkîstekan yek şêwazî yekgirtû pêşnyaz naken , lelayek ristey şorrişgêrrane bo şorrşî tundutîj û sewdakarî nekirdin û xobedestewenedan helldebjêrn û , lelayekî dîkewe qse le şêwazî mangirtnî giştî û ragirtnî gişt amrazekanî berhemhênan deken , gwaya wek şêwazî here karîger ke sermayedarî kotayî pêbhênêt . „

lêreda nûser dû ştî têkellkirduwe; yekem boçûnekanî grupî komunîstî înternasîwnalîst lemerr komellgey hawçerx, duwem boçûnî take sengerî serekî xebatî enarko-sendîkalîstî. bêcge lewey ke (ew grupey ew nmûnegîrî boçûnekanî kirdûn) destebjêrêkî goşegîrn û bawerryan behîç core xebatêkî cemawerî û abûrîy nîye û le beramberîşda enarkîyekan le pall retkirdnewey partayetî û beşdarî desellat û parleman, tenya sengerêk ke drust û sruştî û ketwarî debînin, sengerî xebatî cemawerî serbexo û rastewxoy çîn û twêjekanin. debû nûser xoy guman û nacorî ew dû ştey la drust bbuwaye, ke ew be xoy lew têkistaneda ke wî lêy bûnete boçûnî enarkî, tenya wşeyek le barey rewayî xebatî cemawerî rastexo û serbexo û mangirtnî giştî û xebatî abûrîy krêkaranewe berçaw nakewêt û ew be xoy le şwênî tirda berçawî kewtûn û werîgirtûn.

wek wtim şorrş pêwîstî be rêberî û rageyandnî le layen destebjêrêkewe nîye, îtir ew destebjêre enarkîst bêt ya marksîst, çunke şorrş bexoy drêjey jyane û yek take sat le jyanî komelayetîda bedî nakrêt, ke mlimlanê û berengarî û xebatî tîda nekrêt. komellge bûnêkî zînduwe û herdem le barî şorrişdaye û ewey şorrş hendêk sat aram û leser xo û hendêk car le hellçundaye, peywendî be huşyarî û lêbrranî takekanewe heye bo

گۆڕین. ئەوەی نووسەر وەك هەر ماركسیستێك بە خاڵی دەستپێك و تەقینەوەی شۆڕشی دەزانێت، من بە خاڵی بەسەرەنجامگەیشتنی شۆڕشی دەزانم، هەروەك جۆشخواردنی تواوەی مادەكانی ناو زەوی و ئامادەبوونی لە هەموو ساتێكدا، بەڵام ساتی تەقینەوە و دەرچوونی لە زەوییەوە وەك بوركان، بە گونجانی ئەو ڕووداوەوە پەیوستە، ئاواش شۆڕش و ڕاپەڕین، بوونی هەیە و بارە خۆیی و دەرەكییەكانی دیاری دەكەن، كە كەی دەتەقێتەوە. لێرەدا باری خۆیی بریتییە لە هوشیاربوونەوە و خۆرێكخستن و ڕادەی ئامادەیی تاك بۆ گۆڕین و باری دەرەكیش ڕەخسانی یەكگرتنی ئامادەیی كۆمەڵگە و لاوازی و قەیرانتێكەوتنی دژەكەیەتی.

كۆمونەی جیهانی، یەكشەوە پەیدانابێت و وەك پێشتر وتم، لای ئەناركییەكان هیچ كات شۆڕش دەستكردێكی ڕۆبۆتئاسای دەستەبژێرێك نییە، كە كەی خواستییان ڕایگردن و كەی خواستییان، بیخەنەگەڕ. هەروەك چۆن شەپۆلی لایەكی دەریا یا بەری ڕوبارێك لەسەر هەڵچوونی لایەكەی تر ناوەستن، بەڵام كارایی لەسەر یەكتر دادەنێن. ئاواش شۆڕش ناوەستێت و ناتوانرێت تا هاتنی موحەمەدی مەهدی (یا گەڕانەوەی مەسیح) ڕابگیردرێت، بەڵكو لە كوێدا گونجا و بووە پێویستی ڕوودەدات. لەم بارەوە نووسەر دەتوانێت سەرنجی كپی شۆڕش لە ئاڵمانی ١٩٣٦ و هەڵچوونی لە ئیسپانیای ١٩٣٦ بدات، هەرواش هەڵچوونی بزاڤی دەستبەسەرداگرتنی كارخانەكان و چاپخانە و هوتێڵ و چیشخانەكان لە ئەرژەنتین ٢٠٠١ بە دواوە و نەبوون و گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایانەی كاسترۆ بۆ (راوڵ)ی برای بدات! هەروا كە خەباتكاران لە ئەرژەنتین لەسەر هەڵچوونی شۆڕش لە ولاتەكانی دراوسێ و كیشوەرەكانی تر ناوەستن، هەرواش ئەناركییەكان لە كوبا لەسەر هاتنی مەهدی شۆڕش ناوەستن و لە شوێنی كار و ژیانیاندا دژ بە دیكتاتۆری بێپەردەی كۆمونیستەكان خەبات دەكەن!

gorrîn. ewey nûser wek her marksîstêk be xallî destpêk û teqînewey şorrşî dezanêt, min be xallî beserencamgeyiştnî şorrşî dezanim, herwek coşixwardnî twawey madekanî naw zewî û amadebûnî le hemû satêkda, bellam satî teqînewe û derçûnî le zewîyewe wek burkan, be guncanî ew rûdawewe peyuste, awaş şorrş û raperrîn, bûnî heye û bare xoyî û derekîyekanî dyarî deken, ke key deteqêtewe. lêreda barî xoyî brîtîye le huşyarbûnewe û xorêkxistin û radey amadeyî tak bo gorrîn û barî derekîş rexsanî yekgirtnî amadeyî komellge û lawazî û qeyrantêkewtnî djekeyetî.

komuney cîhanî, yekşewe peydanabêt û wek pêştir wtim, lay enarkîyekan hîç kat şorrş destkirdêkî robotasay destebjêrêk nîye, ke key xwastîyan raygirdin û key xwastîyan, bîxenegerr. herwek çon şepolî layekî derya ya berî rubarêk leser hellçûnî layekey tir nawestin, bellam karayî leser yektir dadenên. awaş şorrş nawestêt û natwanrêt ta hatnî muhemedî mehdî (ya gerranewey mesîh) rabgîrdrêt, bellku le kwêda gunca û buwe pêwîstî rûdedat. lem barewe nûser detwanêt serincî kpî şorrş le allmanî 1936 û hellçûnî le îspanyay 1936 bdat, herwaş hellçûnî bzavî destbeserdagirtnî karxanekan û çapxane û hutêll û çîşxanekan le erjentîn 2001 be dwawe û nebûn û gwastnewey desellatî paşayaney kastro bo (rawll)î bray bdat! herwa ke xebatkaran le erjentîn leser hellçûnî şorrş le wlatekanî drawsê û kîşwerekanî tir nawestin, herwaş enarkîyekan le kuba leser hatnî mehdî şorrş nawestin û le şwênî kar û jyanyanda dij be dîktatorî bêperdey komunîstekan xebat deken!

“ئانارکیستەکان - وەک پێشتر ئاماژەیەکمان بۆ کرد - ریفۆرم لە بەرنامەیاندا نییەو بە توندی دژی ریفۆرم هەڵویستیان وەرگرتووە . ئامانجی پرۆلیتاریا بەلای ئەوانەوە چاککردنی باری کۆمەڵ نییە . چارەسەرکردنی لایەنە سەلبییەکانی مەدەنییەتی سەردەم بۆ ئەوان مەسەلەیەک نییە خۆیانی پێوە خەریک بکەن ، گوایا (شۆڕشی کۆمۆنیستی) یان ، دەبێت هەموو مەدەنییەتی هاوچەرخ سەرتاپا وردوخاش بکات . ئەوان بە پێچەوانەی مارکسییەکانەوە جیاوازی نێوان ریفۆرم و شۆڕش و ، نێوان ریفۆرم و ریفۆرمیزم ناکەن و لە پەیوەندی نێوان ریفۆرم و شۆڕش خۆیان هەڵە دەکەن . ریفۆرمیزم بە ریفۆرم لێکدەدەنەوەو یەکلایەنە سەیری مەسەلەی چوونەپێشەوەی مێژوو دەکەن . (لێنین) لەسەردەمی خۆیدا هەمان ئەم روانگە ئانارکیستییەی بەرپەرچداوەتەوە ، ئەوەی بەیانکردووە کە مارکسییەکان دان بە ریفۆرمدا دەنێن لە پێناوی چاککردنی باری گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا تەنانەت ئەگەر لە ژێر سایەی چینی بۆرژوازی بالادەستیشدا بێت ، بەلام لە هەمان کاتیشدا دژی رێبازی ریفۆرمیستین ، ئەو رێبازەی کە کرێکاران چەواشە دەکات و لە چالاکی شۆڕشگێڕانە دووریاندەخاتەوەو وەک کۆیلەی کرێگرتە دەیانهێڵێتەوە . „

ڕاستە ئەنارکییەکان ریفۆرم ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ئەو بۆچوونەی نووسەر باسی دەکات هەڵەیە و بۆچوونی ئەنارکییەکان نییە و بۆچوونی هەمان گرووپە، کە لە نووسەر گۆڕاوە بە ئەنارکی. ئەنارکییەکان پێیانوایە بە هەڵبژاردنی فلانە کەس یا فلانە پارت لە بری ئەوەی تر، لابردنی فلانە بەڕێوەبەر و دانانی ئەویتر تەنانەت ئەگەر ئەو فلانە کەس و پارت و بەڕێوەبەرە لە هەژارترین و چەوساوەترین چین و توێژی کۆمەڵگەش بن، هیچ لە کرۆکی پرسەکە ناگۆڕن. ئەنارکییەکان بیر لە گۆڕینی پەیوەندییەکان و پێکهاتەکان و بەرتەسکردنەوەی هەر ڕۆژەی دەسەلاتی دامودەزگە سەروو خەڵکییەکان و کۆمەڵاتیکردنەوەی بەڕێوەبردن دەکەنەوە، ئەمانەش تەنیا لە ڕێی خەباتی جەماوەرییەوە مەیسەر دەبن و لە دەرەوەی خۆئامادەیی و خۆخەباتی و خۆکارایی تاکەکان

“anarkîstekan - wek pêştir amajeyekman bo kird - rîform le bernameyanda nîyew be tundî djî rîform hellwêstyan wergirtuwe . amancî prrolîtarya belay ewanewe çakkirdnî barî komell nîye . çareserkirdnî layene selbîyekanî medenîyetî serdem bo ewan meseleyek nîye xoyanî pêwe xerîk bken , gwaya (şorrşî komonîstî) yan , debêt hemû medenîyetî hawçerx sertapa wirduxaş bkat . ewan be pêçewaney marksîyekanewe cyawazî nêwan rîform û şorrş û , nêwan rîform û rîformîzm naken û le peywendî nêwan rîform û şorrş xoyan helle deken . rîformîzm be rîform lêkdedenewew yeklayene seyrî meseley çûnepêşewey mêjû deken . (lênîn) leserdemî xoyda heman em rwange anarkîstîyey berperçdawetewe , ewey beyankirduwe ke marksîyekan dan be rîforimda denên le pênawî çakkirdnî barî guzeranî krêkaran û zehmetkêşanda tenanet eger le jêr sayey çînî borijwazî balladestîşda bêt , bellam le heman katîşda djî rêbazî rîformîstîn , ew rêbazey ke krêkaran çewaşe dekat û le çalakî şorrişgêrrane dûryandexatewew wek koyley krêgirte deyanhêllêtewe . „

raste enarkîyekan rîform retdekenewe, bellam ew boçûney nûser basî dekat helleye û boçûnî enarkîyekan nîye û boçûnî heman grupe, ke le nûser gorrawe be enarkî. enarkîyekan pêyanwaye be helbjardnî flane kes ya flane part le brî ewey tir, labirdnî flane berrêweber û dananî ewîtir tenanet eger ew flane kes û part û berrêwebere le hejartrîn û çewsawetrîn çîn û twêjî komellgeş bin, hîç le krokî pirseke nagorrn. enarkîyekan bîr le gorrînî peywendîyekan û pêkhatekan û berteskirdnewey her rojey deselatî damudezge serû xellkîyekan û komellatîkirdnewey berêwebirdin dekenewe, emaneş tenya le rêy xebatî cemawerîyewe meyser debin û le derewey xoamadeyî û xoxebatî û xokarayî takekan

بوونیان نابێت و هەر هەوڵێك بۆ گۆڕان و شۆڕش لە دەرەوەی خەباتی ڕۆژانە و خۆجێی جەماوەرییەوە دەچێتە خانەی خەوبینین بە گەڕانەوەی (مەسیح)ەوە!

ئەگەر مەبەست لە ڕیفۆرم کرێی زیاتر و ماوەی کاری کەمتر و خانەنشینی زیاتر و دابینکردنی بیمەی دەرمانی و سەرپەنای گونجا و چاکردنی ڕێگەوبان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و پێهاتە قوچکەییەکان و داگیرکردنی کارخانەکان بێت، ئەوا ئەنارکییەکان نەك دژی نین، بەڵکو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕاستگۆیانێکن لەتەك ئەو خەباتەدا، بەڵام ئەگەر ڕیفۆرم، چوونە پارلەمان و هەڵبژرادنی سەرۆکی پارت و گۆڕینی بەرێوەبەر و چاوەڕوانی باشبوونی باری ژیان و گوزاران و ئاوەدانی ولات لە سایەی دەسەڵاتی پارتە ناسیونالیستەکان یا کۆمونیستەکاندا بێت، ئەوا ئەو ڕێفۆرمە بە دژی شۆڕش و سۆشیالیزم دەزانین و لە بەرامبەردا بە درێژگەرەوەی تەمەنی چەوسانەوەی دەزانینن.

واژەی شارستانی (مەدەنییەت)ی هاوچەرخ وەك شارستانی کۆن هەڵگری هەردوو دیوەکەیەتی و بە دیوێکدا لەژێر کارایی خەبات و هوشیاربوونەوەی ناو ئەو خەباتەدا مرۆڤایەتی گەلێك سەرکەوتنی بەدەستهناوە، هاوکاتیش بەو ڕادەی کە سەروەران توانیویانە خۆشباوەڕی لای چەوساوان دروستبکەن و ناچار بە کۆیلەمانەوەمان بکەن، شارستانی هاوچەرخ دڕندەیی و کوشتوبری یەکتر و نامۆبوونی مرۆڤ بە خۆی بە هۆ و لە ژێر کارایی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و جەنجاڵی زانیارییەکاندا بە لوتکەی گەیاندووە.

پێویستە ئەوەش بڵێم لە لێکدانەوەی واژەکانی (ڕیفۆرم و ڕیفۆرمیزم)دا تەنیا بە هەڵە نێوی ئەنارکییەکانی نەخستووەتە لیستەوە، بەڵکو خەدرێکی زۆریشی لە گروپی ناوبراو (کە لای ئەو گۆڕاون بە ئەنارکی)

bûnyan nabêt û her hewllêk bo gorran û şorrş le derewey xebatî rojane û xocêy cemawerîyewe deçête xaney xewbînîn be gerranewey (mesîh)ewe!

eger mebest le rîform krêy zyatir û mawey karî kemtir û xanenşînî zyatir û dabînkirdnî bîmey dermanî û serpenay gunca û çakirdnî rêgewban û kemkirdnewey desellatî dewllet û pêhate quçkeyyekan û dagîrkirdnî karxanekan bêt, ewa enarkîyekan nek djî nîn, bellku le rîzî here pêşewey rastgoyanêkin letek ew xebateda, bellam eger rîform, çûne parleman û hellbijradnî serokî part û gorrînî berêweber û çawerrwanî başbûnî barî jyan û guzaran û awedanî wlat le sayey desellatî parte nasîwnalîstekan ya komunîstekanda bêt, ewa ew rêforme be djî şorrş û soşyalîzm dezanîn û le beramberda be drêjgerewey temenî çewsanewey dezanînin.

wajey şaristanî (medenîyet)î hawçerx wek şaristanî kon hellgrî herdû dîwekeyetî û be dîwêkda lejêr karayî xebat û huşyarbûnewey naw ew xebateda mrovayetî gelêk serkewtnî bedestihnawe, hawkatîş bew radey ke serweran twanîwyane xoşbawerrî lay çewsawan drustibken û naçar be koylemaneweman bken, şaristanî hawçerx drrindeyî û kuştubrî yektir û namobûnî mrov be xoy be ho û le jêr karayî pêşkewtnî teknolocya û cencallî zanyarîyekanda be lutkey geyanduwe.

pêwîste eweş bllêm le lêkdanewey wajekanî (rîform û rîformîzm)da tenya be helle nêwî enarkîyekanî nexistuwete lîstewe, bellku xedrêkî zorîşî le grupî nawbraw (ke lay ew gorrawn be enarkî)

کردووە، چونکە تێگەیشتن لە ڕیفۆرم و ریفۆرمیزم هێندە ئاڵۆز و سەخت نییە، کە مرۆڤێکی ئاسایی لە واتاکەی نەگات و لە ئاستیدا دۆشدابمێنیت. ڕیفۆرم وەك واژە بە واتای گۆڕینی شێوە، بار (فۆرم) و لە ڕووی ڕامیارییەوە بە واتای گۆرانکاریی لە سیستەمی ئابووری و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و دادوەریی و تەنانەت بوارەکانی تریش دێت، هەڵبەتە لەبیرمان نەچێت، "چاکسازی" وەك واژە یا لە کوردیدا شتێکی تر نەبووە یا بەمەبستەوە ئەو واژەیە دانراوە، ئەگەر لەتەك واژە ئینگلیزییەکەدا بەراوردی بکەین، ئەوا بە واتای (باشە) نایێت. چونکە کەمکردنەوەی موچەی خانەنشینان، بۆ دەوڵەت و سەرمایەداران چاکە و لە بەرامبەردا بۆ پیرەکان خراپە، زیادکردنی پشووی ساڵانە بۆ کرێکاران و فەرمانبەران، باشە و بۆ دەوڵەت و خاوەنکاران خراپە. وازهێنان لە وزەی ئەتۆمی و خەڵووز و چەکسازی و جەنگەکان بۆ خەڵکی و ژینگە و ئاژەڵان باشە و بە زیانی دەوڵەت و کۆمپانییەکان تەواو دەبێت. ئەگەر جەماوەری چینە بنەدەستەکان بۆ باشترکردنی ژیانیان خەبات بکەن، ئەوا ڕیفۆرم بە باری چاکەدا دەبێت و لەلایەن چەوساوانەوە بە خەبات بەسەر دەسەڵاتداراندا دەسەپێنرێت، ئەگەر چینە ژێردەستەکان یەکگرتوو و ئامادەی خەبات نەبن، ئەوا دەستەکەوتەکانیان لێدەسێندرێنەوە و ژیانیان خراپتر دەبێت و ڕیفۆرم بە باری خراپیدا لەلایەن دەسەلاتدارانەوە بە فریودان بەسەر چینە بندەستەکاندا دەسەپێنرێت. واتە ڕیفۆرم لە قازانجی چەوساوان، لە سۆزداری و بەزەیی دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانەوە ڕوونادات و هەموو باشتربوونێك لە ژیانی بێدەسەڵاتان و بەرهەمهێنەراندا پابەندی خەباتی جەماوەریی ڕێکخراوی خۆیانە و بەس، خەباتێکی ئاواش هیچ پێویستی بە میانجیگەری و شوانەیی دەستەبژێرە ڕۆشنبیر و ڕامیارەکان نییە!

هەروەها ڕیفۆرم بەو جۆرەی کە ڕامیارەکان (چ راست و چ چەپ) بە بەرهەمی بەشداری خۆیان لە پارلەمان و دەنگدان و هەڵبژرادن و سۆز و بەزەیی خۆیان و سەروەران و خاوەنکارانی دەزانن، ئەوا زیادکردنی

kirduwe, çunke têgeyiştin le rîform û rîformîzm hênde alloz û sext nîye, ke mrovêkî asayî le watakey negat û le astîda doşdabmênît. rîform wek waje be watay gorrînî şêwe, bar (form) û le rûy ramyarîyewe be watay gorankarîy le sîstemî abûrî û ramyarîy û komellayetî û dadwerîy û tenanet bwarekanî trîş dêt, hellbete lebîrman neçêt, "çaksazî" wek waje ya le kurdîda ştêkî tir nebuwe ya bemebistewe ew wajeye danrawe, eger letek waje înglîzîyekeda berawirdî bkeyn, ewa be watay (başe) nayêt. çunke kemkirdnewey muçey xanenşînan, bo dewllet û sermayedaran çake û le beramberda bo pîrekan xrape, zyadkirdnî pşûy sallane bo krêkaran û fermanberan, başe û bo dewllet û xawenkaran xrape. wazhênan le wzey etomî û xellûz û çeksazî û cengekan bo xellkî û jînge û ajellan başe û be zyanî dewllet û kompanîyekan tewaw debêt. eger cemawerî çîne bnedestekan bo baştirkirdnî jyanyan xebat bken, ewa rîform be barî çakeda debêt û lelayen çewsawanewe be xebat beser desellatdaranda desepênrêt, eger çîne jêrdestekan yekgirtû û amadey xebat nebin, ewa destekewtekanyan lêdesêndrênewe û jyanyan xraptir debêt û rîform be barî xrapîda lelayen deselatdaranewe be frîwdan beser çîne bindestekanda desepênrêt. wate rîform le qazancî çewsawan, le sozdarî û bezeyî desellatdaran û sermayedaranewe rûnadat û hemû baştirbûnêk le jyanî bêdesellatan û berhemhêneranda pabendî xebatî cemawerîy rêkixrawî xoyane û bes, xebatêkî awaş hîç pêwîstî be myancîgerî û şwaneyî destebjêre roşinbîr û ramyarekan nîye!

herweha rîform bew corey ke ramyarekan (çi rast û çi çep) be berhemî beşdarî xoyan le parleman û dengdan û hellbijradin û soz û bezeyî xoyan û serweran û xawenkaranî dezanin, ewa zyadkirdnî

کرێ و موچە و کەمکردنەوەی ماوەی کار و کرێی خانوو و نرخی شمەك و دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتی و دەرمانییەکان ناچنە خانەی ڕیفۆرمەوە، بەڵکو دەستکەوتی خەباتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی چین و توێژە بندەستەکانن. بەڵگەش بۆ ئەمە ڕەوتی سەندنەوە و کەمکردنەوەی ئەو دەستکەوتانەیە لەلایەن نیئۆلیبراڵەکانەوە، کە دوو دەهەیە لە سەرتاسەری دونیادا بەڕێکەوتووە و لە بەرامبەریشیدا ڕۆژانە دەبینن شەقامی شارەکانی دونیا بوونەتە گۆڕەپانی نارەزایەتی بەرامبەر چاوچنۆکی بازارئازادەکەی نیئۆلیبرالیزم!

بەڵێ ئەنارکییەکان ئەو ڕیفۆرمە، کە پارتەکان مەبەستیانە، ڕەتدەکەنەوە و بە دژی شۆڕشی دەزانن، بەڵام ئەوە ڕۆشن بێت ڕیفۆرمێك کە لێنین مەبەستییەتی؛ بەشداری پارلەمان و چەکوشکاری دەسەڵات و بزاوندنی سۆزی سەروەرانە و ڕیفۆرمێك کە ئەو گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونال مەبەستییەتی، خەباتی جەماوەرییە و ئەنارکییەکان دژی بۆچوونە ڕیفۆرمیستییەکانی لێنین و دژی گۆشەگیریی و دەستەبژێریی و ناجەماوەریبوونی ئەو گروپەن، باشترین بەڵگەش بزووتنەوەی داگیرکردنی کارخانەکانە لە ئەرژەنتین و خرۆشانەکانی یۆنان دژی لێسەندنەوەی دەستکەوتەکانە. بە ڕاستی دانانی ئەنارکیستەکان لەنیوان دوو جەمسەری لێنین و گروپ، کارێکی نارەوایە و وێنە و کورتە فیلمی هەواڵەکانی هەر ڕۆژە و شەکانەوەی ئاڵا ڕەش و ڕەش/سوورەکان لە ڕیزی نارەزایەتییەکاندا باشترین وەڵام بەو نارەواییکردنەن.

“ئانارکیزمی ئەمڕۆ لە بەرامبەر گەلێک مەسەلەی دیکەی خەباتی سیاسیدا هەڵوێستی ڕەفزی ئێجگارەکی هەیە ، لەوانە :ڕەتکردنەوەی کاری سیاسی توخمە پێشڕەوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بۆرژوازیداو دژایەتیکردنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و سەندیکا کرێکارییەکانی ژێر سایەی ئەم سیستمە و داواکردنی دامەزراوەی کرێکاریی (پاک و بێگەرد)ی کۆمۆنیستانە !

krê û muçe û kemkirdnewey mawey kar û krêy xanû û nirxî şmek û dabînkirdnî bîme komellayetî û dermanîyekan naçne xaney rîformewe, bellku destkewtî xebatî cemawerî û komellayetî çîn û twêje bindestekanin. bellgeş bo eme rewtî sendnewe û kemkirdnewey ew destkewtaneye lelayen nîolîbrallekanewe, ke dû deheye le sertaserî dunyada berrêkewtuwe û le beramberîşîda rojane debînin şeqamî şarekanî dunya bûnete gorepanî narrezayetî beramber çawçnokî bazarazadekey nîolîbralîzm!

bellê enarkîyekan ew rîforme, ke partekan mebestyane, retdekenewe û be djî şorrşî dezanin, bellam ewe roşn bêt rîformêk ke lênîn mebestîyetî; beşdarî parleman û çekuşkarî desellat û bzawindnî sozî serwerane û rîformêk ke ew grupî komunîstî înternasîwnall mebestîyetî, xebatî cemawerîyye û enarkîyekan djî boçûne rîformîstîyekanî lênîn û djî goşegîrîy û destebjêrîy û nacemawerîbûnî ew grupen, baştrîn bellgeş bzûtnewey dagîrkirdnî karxanekane le erjentîn û xroşanekanî yonan djî lêsendnewey destkewtekane. be rastî dananî enarkîstekan lenîwan dû cemserî lênîn û grup, karêkî narrewaye û wêne û kurte fîlmî hewallekanî her roje û şekanewey alla reş û reş/ sûrekan le rîzî narrezayetîyekanda baştrîn wellam bew narrewayîkirdnen.

“anarkîzmî emrro le beramber gelêk meseley dîkey xebatî syasîda hellwêstî refzî êcgarekî heye , lewane :retkirdnewey karî syasî tuxme pêşrrewekanî bzûtnewey komonîstî le damezrawe syasî û medenîyekanî borijwazîdaw djayetîkirdnî komelle herewezîyekan û sendîka krêkarîyekanî jêr sayey em sîstmew dawakirdnî damezrawey krêkarîy (pak û bêgerd)î komonîstane !

کەچی لە هەمان کاتدا حزبی سەربەخۆی چینایەتی پرۆلیتاریا رەفز دەکەن و وەک دەسەڵات و ئامرازی سەرکوتکەرانەی پرۆلیتاریا وەسفی دەکەن ، یان بانگەشەی حزبی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریی جیهانی دەکەن کە واقیعی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا ئیمکانی بوونی حزبێکی ئاوەهای نییە . ئەم حزبە جیهانییەیان بە بەدیلی ئینتەرناسیۆنالیزمێکی کۆمۆنیستی نوێ دادەنێن . "

نووسەر لەو پەڕی دڵنیاییدا دیسانەوە بەپێی بۆچوونی گرووپێکی هاوئایدیلۆجیای خۆی، ئەنارکییەکان تۆمەتبار دەکات. بەڵێ ئەوەی کە ئەنارکییەکان سەراپای کۆمەڵگەی چینایەتی بە دەوڵەت و پەیوەندی و رێوشوێنی مرۆڤەکانەوە رەتدەکەنەوە و هەوڵی تێکشکاندنی هەر دەزگەیەکی قوچکەیی (هرمی، herarchy) دەدەن، گومانی تێدا نییە و داکۆکی لەسەر دەکەم. بەڵام دیسانەوە تێنەگەیشتن لە هزر و نەناسینی ئەنارکییەکانە، کە بە دژایەتی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان تۆمەتباریان بکەیت[9]. چونکە هەر لە سەردەمی (پرۆدۆن)ەوە ئایدیای کۆمەڵە هەرەوەزی (الجمعیات التعاونیة) لەتەك نێوی ئەنارکییەکان گرێخواردووە و هەرەوەزییە جوتیارییەکانی ئۆکرانیا کە دژی بۆلشەڤیکەکان بوون و هەرەوەزییە جوتیاری و کرێکارییەکانی ئیسپانیا، کە دژی فرانکۆ و ستالینیستەکان بوون، باشترین و زیندووترین نموونەن و ئەنارکۆ-سەندیکالیزمیش کە نووسەر کەمێك بە پۆزەتیڤ هەلدەسەنگێنێت، شێوەی رێکخستن و شێوازی خەباتی ئەنارکییە لە بواری رێکخستن و خەباتی جەماوەریدا. ئەنارکییەکان بەپێچەوانەی مارکسیستەکانەوە, کە پێیانوایە سەندیکاکان تەنیا ئامرازی بەدەستهێانی چەند پارووپەك نانن، لای ئەنارکییەکان ئامرازی بەدەستهێنانی نان و فێرگەی پەروەردەکردنی خەباتکاران و سەنگەری کەتواری شۆڕش و یەکەی رێکخستنی کۆمەلگەی داهاتووشن، ئەوەی کە لە ژێر کارایی ئایدیای ئەنارکییەکان و سۆشیالیستە شۆڕگێرەکاندا لە شۆڕشی ١٩١٧دا کرێکاران لە رێی سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانەوە هەم دەستییان بەسەر

keçî le heman katda hizbî serbexoy çînayetî prrolîtarya refz deken û wek desellat û amrazî serkutkeraney prrolîtarya wesfî deken , yan bangeşey hizbî komonîstî prrolîtarîy cîhanî deken ke waqî'î xebatî çînayetî prrolîtarya îmkanî bûnî hizbêkî awehay nîye . em hizbe cîhanîyeyan be bedîlî înternasyonalîzmêkî komonîstî nwê dadenên . „

nûser lew perrî dillnyayîda dîsanewe bepêy boçûnî grupêkî hawaydîlocyay xoy, enarkîyekan tometbar dekat. bellê ewey ke enarkîyekan serapay komellgey çînayetî be dewllet û peywendî û rêwişwênî mrovekanewe retdekenewe û hewllî têkişkandnî her dezgeyekî quçkeyî (hirmî,herarchiy) deden, gumanî têda nîye û dakokî leser dekem. bellam dîsanewe tênegeyiştin le hzir û nenasînî enarkîyekane, ke be djayetî komelle herewezîyekan û sendîka krêkarîyekan tometbarîyan bkeyt[9]. çunke her le serdemî (prodon)ewe aydyay komelle herewezî (alcim'yat alt'awnye) letek nêwî enarkîyekan grêyixwarduwe û herewezîye cutyarîyekanî okranya ke djî bolşevîkekan bûn û herewezîye cutyarî û krêkarîyekanî îspanya, ke djî franko û stalînîstekan bûn, baştrîn û zîndûtrîn nmûnen û enarko-sendîkalîzmîş ke nûser kemêk be pozetîv heldesengênêt, şêwey rêkxistin û şêwazî xebatî enarkîye le bwarî rêkxistin û xebatî cemawerîda. enarkîyekan bepêçewaney marksîstekanewe, ke pêyanwaye sendîkakan tenya amrazî bedesthêanî çend parûyek nanin, lay enarkîyekan amrazî bedesthênanî nan û fêrgey perwerdekirdnî xebatkaran û sengerî ketwarî şorrş û yekey rêkxistnî komelgey dahatûşin, ewey ke le jêr karayî aydyay enarkîyekan û soşyalîste şorrgêrekanda le şorrşî 1917da krêkaran le rêy sovyetekan û komîtekanî karxanewe hem destîyan beser

کارخانەکاندا گرت و هەم لە کرۆنشتات و ئۆکرانیا ویستیان دەسەڵاتی سەپاوی بۆلشەڤیکەکان وەلا بنێن و لە ڕێی خۆبەڕێوەبەرایەتی (الإدارة الذاتیة ) خۆجێی کرێکاران و جوتیارانەوە دوور لە دیکتاتۆری پارتی بۆلشەڤیك، کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن، هەروەها ڕۆڵی (cnt-ait) لە ئیسپانیای ١٩٣٦-١٩٣٩ کە بە ئایدیاکانی ئەنارکۆ-سەندیکالیزم پشتئەستوور بوو، باشترین ڕەتگەرەوەی تۆمەتە نابەجێکانی نووسەرن. ئایا مێژوو و قوربانییەکانی باشترین بەڵگە نین بۆ سەلماندنی بۆچوونەکان، لە بەرامبەردا من تەنیا داوای یەك تاکە ڕستە دەکەم، کە ئەنارکییەکان تێیدا کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و سەندیکا شۆڕشگیرەکان ڕەت بکەنەوە! ئایا ڕەتکردنەوەی سەندیکا و یەکێتییە زەردەکانی پاشکۆی دەسەڵاتی بۆرجوازی، لای کۆمونیستەکان دەچێتە خانەی دژایەتی خەباتی جەماوەرییەوە؟ من دەزانم کە ئەو گروپە نووسەر باسی دەکات، دژایەتی خەباتی جەماوەری دەکات، بەڵام وەك وتم ئەوان نە ئەنارکیستن و نە دەتوانن دەستبەرداری دەسەڵاتخوازی و دەستەبژێری و ئایدیالیزیمە مارکسیستییەکەیان بن!

نووسەر ئەوەندە تووشی بانێکە و دوو هەوا و ناکۆکی لەتەك خۆیدا بووە، نازانێت چۆن خۆی دەرباز بکات. ئەو ڕەتکردنەوەی پارت لەلایەن ئەنارکیستەکانەوە [کە هەروا لە لایەن کۆمونیستە سۆڤییەتییەکان ( Council Communists )یشەوە ڕەتکراوەتەوە]، لەتەك پارتایەتی جیهانی گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونالیست، کە لە پارتایەتییەکەی لێنین تێپەڕیانکردووە، تێکەڵ دەکات و سەر لە خوێنەری نائاشنا بە ئەنارکیزم دەشێوێنێت. بەڵێ پارت پێکهاتەیەکی قوچکەیی سەرکوتگەرانە و زەمینەسازی سەروەری دەستەیەك بەسەر دەستەیەکی تر و چینێك بەسەر چینێکی تردایە و بۆ تاکی هوشیار شەرمەزارییە مل بە فەرمانبەری دەستەبژێری سەرکردایەتی پارت بدات و ببێتە ئەندامی پارت. پارت کوتەکی سەرکوت و تۆری ڕاوی ئەو تاکانەیە، کە ئایین و خێڵ و ناسیونالیزم نەیتوانیوە دەستەمۆیان بکات و پارت ئەو ئەرکە دەکێشێت. ئیتر ئەو پارتە جیهانی بێت یا گەڕەکی، کۆمونیستی بێت یا

karxanekanda girt û hem le kroniştat û okranya wîstyan desellatî sepawî bolşevîkekan wela bnên û le rêy xoberrêweberayetî (al إdare aljatye ) xocêy krêkaran û cutyaranewe dûr le dîktatorî partî bolşevîk, komellge berrêwebern, herweha rollî (cint-ait) le îspanyay 1936-1939 ke be aydyakanî enarko-sendîkalîzm piştestûr bû, baştrîn retgerewey tomete nabecêkanî nûsern. aya mêjû û qurbanîyekanî baştrîn bellge nîn bo selmandnî boçûnekan, le beramberda min tenya daway yek take riste dekem, ke enarkîyekan têyda komelle herewezîyekan û sendîka şorrişgîrekan ret bkenewe! aya retkirdnewey sendîka û yekêtîye zerdekanî paşkoy desellatî borcwazî, lay komunîstekan deçête xaney djayetî xebatî cemawerîyewe? min dezanim ke ew grupe nûser basî dekat, djayetî xebatî cemawerî dekat, bellam wek wtim ewan ne enarkîstin û ne detwanin destberdarî desellatixwazî û destebjêrî û aydyalîzîme marksîstîyekeyan bin!

nûser ewende tûşî banêke û dû hewa û nakokî letek xoyda buwe, nazanêt çon xoy derbaz bkat. ew retkirdnewey part lelayen enarkîstekanewe [ke herwa le layen komunîste sovîyetîyekan (Council Communistis )îşewe retkrawetewe], letek partayetî cîhanî grupî komunîstî înternasîwnalîst, ke le partayetîyekey lênîn têperryankirduwe, têkell dekat û ser le xwênerî naaşna be enarkîzm deşêwênêt. bellê part pêkhateyekî quçkeyî serkutgerane û zemînesazî serwerî desteyek beser desteyekî tir û çînêk beser çînêkî tirdaye û bo takî huşyar şermezarîye mil be fermanberî destebjêrî serkirdayetî part bdat û bbête endamî part. part kutekî serkut û torî rawî ew takaneye, ke ayîn û xîll û nasîwnalîzm neytwanîwe destemoyan bkat û part ew erke dekêşêt. îtir ew parte cîhanî bêt ya gerrekî,komunîstî bêt ya

ئیسلامی، پارت هەر پارتە و ئەندامێك کە لە دەرگەی پارتەوە دەچێتە ژوورەوە، ئەگەر گوێ لە دەنگی ئازادیخوزانەی ناخی خۆی بگرێت، ئەوا ناچار دەبێت لە پەنجەرەوە هەڵەداوان ڕابکات، بەڵام ئەگەر گوێ لە دروشمە بریقەدارەکانی دەستەبژێری سەرکرایەتی بگرێت، ئەوا پارت دەبێتە گۆڕستانی خەونەکانی و دواجار مانەوەی بە گێلبوونی تەواو دەبێت و ڕۆبۆتێکی لێ دەردەچێت!

"ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن و هاوبەشیکردنی مەشرووع و یاسایی لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا ، تا لەم ڕێیەوە سەکۆی پەرلەمانی بۆرژوازی بۆ خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەکاربهێنرێت . ئەوان پێیانوایە کە پرۆلیتاریا بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ شوێنێکدا نابێت توخنی هەڵبژاردن لە دەزگا بۆرژوازییەکاندا بکەوێت ، بەتایبەتی پەرلەمان و ، هەرچی هەڵبژاردنێک هەیە پێویستە موقاتەعە بکرێت . "

بەڵێ، هەرچەندە لێرەشدا نووسەر هەر مەبەستی ئەو گروپەیە، ئەنارکیییەکان هەموو شتێکی (مەشروع و یاسایی) ڕەتدەکەنەوە، بەڵام بەبێ ئەڵتەرناتیڤ نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پێیانوایە هیچ ناگۆڕێت و ئەزموونەکانی دووسەد ساڵەی ڕابوردووش نیشانیانداوە، کە تەنیا کۆمەك بە درێژبوونەوەی چاوەڕوانی و خۆشباوەری خەڵك بە گۆڕانی درندەیی چینایەتی و کۆتایی هاتن بە ستەمی چینایەتی و سەرووەری چینایەتی لە ڕێی بەشداری پارلەمانەوە، دەکەن و بە پێچەوانەوە ئەگەر شۆڕشگێڕترین تاك یا نوێنەری چەوساوان چووبێتە کایەکانی پارلەمانەوە، ئەوا بووەتە دەسکەلا و هاوگیرفانی سەرمایەداران و هیچی تر. ئەنارکیییەکان تەنیا بە بایکۆت و دەنگنەدان کۆتایی بەکاریان نایێت، بەلکو لە بەرامبەردا بانگەواز بۆ خەباتی ڕاستەخۆ و خۆرێکخستنی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی هەرەوەزییە ئابوورییە سەربەخۆکان دەکەن و هەوڵی دەستبەسەرداگردنی خانووبەرە و کارگە و شەقامەکان دەدەن. ئایا ئەمانە (دەنگدان و بەشداری پارلەمان یا خۆریکخستن و سەپاندنی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی) کامەیان

îslamî, part her parte û endamêk ke le dergey partewe deçête jûrewe, eger gwê le dengî azadîxuzaney naxî xoy bigrêt, ewa naçar debêt le pencerewe helledawan rabkat, bellam eger gwê le druşme brîqedarekanî destebjêrî serkrayetî bigrêt, ewa part debête gorristanî xewnekanî û dwacar manewey be gêlbûnî tewaw debêt û robotêkî lê derdeçêt!

“retkirdnewey hellbjardin û hawbeşîkirdnî meşrû' û yasayî le mlimlanêy komellayetîda , ta lem rêyewe sekoy perlemanî borijwazî bo xebatî syasî û aydyolojî bekarbhênrêt . ewan pêyanwaye ke prolîtarya be hîç şêweyek û le hîç şwênêkda nabêt tuxnî hellbjardin le dezga borijwazîyekanda bkewêt , betaybetî perleman û , herçî hellbjardnêk heye pêwîste muqate'e bikrêt . „

bellê, herçende lêreşda nûser her mebestî ew grupeye, enarkîyekan hemû ştêkî (meşru' û yasayî) retdekenewe, bellam bebê ellternatîv na, bellku leber ewey ke pêyanwaye hîç nagorrêt û ezmûnekanî dûsed salley raburdûş nîşanyandawe, ke tenya komek be drêjbûnewey çawerrwanî û xoşbawerî xellk be goranî drrindeyî çînayetî û kotayî hatin be stemî çînayetî û serwerî çînayetî le rêy beşdarî parlemanewe, deken û be pêçewanewe eger şorrişgêrrtrîn tak ya nwênerî çewsawan çûbête kayekanî parlemanewe, ewa buwete deskela û hawgîrfanî sermayedaran û hîçî tir. enarkîyekan tenya be baykot û dengnedan kotayî bekarîyan nayêt, belku le beramberda bangewaz bo xebatî rastexo û xorrêkxistnî komellayetî û pêkhênanî herewezîye abûrîye serbexokan deken û hewllî destbeserdagirdnî xanûbere û karge û şeqamekan deden. aya emane (dengdan û beşdarî parleman ya xorîkxistin û sepandnî berrêweberayetî komellayetî) kameyan

شۆڕشـــگێرانه و کامەیـــان کـــارا و کامەیـــان هەنگاونـــانە بەرەو پراکتیزەکردنی ئایدیا سۆشیالیستییەکان؟ مەگەر سۆشیال-دیمۆکراتەکان و پارتە کۆمونیستەکان بەو نیازەوە نەچوونە پارلەمانەوە، کەچی ئێستا لە ڕیـزی پێشەوەی سەندەوەی دەسـتەوکەتەکانی چەنـد سەد سـاڵەی خەبـاتی کـۆمەلایەتی و جەمـاوەرین لەو کرێکـارانەی کە بەنێویـانەوە چوونە پارلەمان؟

بەشداری پارلەمان و دەزگەکانی تر دەتوانن سەرچاوەیەکی دارایـی بن بـۆ دەسـتەبژێری سەرکردایەتی پارتەکـان، بەڵام هیـچ کـات نـاتوانن سەنگەر بن بۆ بەدەستهێنانی داخوازی چەوساوان، تەنیا لەبەر هۆیەکی زۆر سـادە، ئەویـش پێنـاوێکە کە پارلەمـان و دەزگە قوچکەییەکـان بـۆ مسـۆگەرکردنی سەریانهەڵداوە، خۆشـباوەڕکردنی خەڵـك و فریـودانی خەڵكە بە پەردەپۆشـــکردنی چەکمەی ئاســـنینی سەرمایەداران لە دەسەلات و بەڕێوەبردنـدا. ئیـتر نـازانم چـۆن دەکرێـت پارلەمـان دژی سەرمایەداران و سەندنی شـت لێیـان بەکـار بـبرێت یـا بـۆ ڕوخانـدنی دەسەلات بەکار ببرێت. لە کاتێکدا کە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی پاپەندبوونی پارت و هێـز و نوێنەرەکـانە بە بەنـدەکانی یاسـا و یاسـاش برتییە لە دابینکردنـــی سەروەری و ملکەچپێکردنـــی جەمـــاوەر بـــۆ ئەو سەروەرییە، کە چەتـــری پاراســـتنی بەرژەوەنـــدی سەرمایەدارانە لە ڕەوایەتیدان بە کاری کرێگرتە و خاوەندارێتی تایبەتیدا؟!

(الشرعی و القـانونی) واتە هەر شتێك کە لەتەك سەروەری چینـایەتی و بنەماکانیدا (خاوەندارێتی تـایبەت و کـاریکرێگرتە) تەبـا و کۆك بێتەوە، هەر شـــتێکیش لەتەك ئەوانـــدا کۆك بێتەوە، ئەوا بە دڵنیـــاییەوە دژی داخوازی و خەونی سۆشیالیستەکانە، لە بەرامبەردا بێگومان هەر لەبەر هەمـــان هـــۆیە، کە لەتەك بەرژەوەنـــدی پـــارت و دەســـتەبژێری سەرکردایەتی پارت و دەسەڵاتخوازان کۆك و تەبا دێتەوە!

şorrişgêrane û kameyan kara û kameyan hengawnane berew praktîzekirdnî aydya soşyalîstîyekan? meger soşyal-dêmokratekan û parte komunîstekan bew nyazewe neçûne parlemanewe, keçî êsta le rîzî pêşewey sendewey destewketekanî çend sed salley xebatî komelayetî û cemawerîn lew krêkaraney ke benêwyanewe çûne parleman?

beşdarî parleman û dezgekanî tir detwanin serçaweyekî darayî bin bo destebjêrî serkirdayetî partekan, bellam hîç kat natwanin senger bin bo bedesthênanî daxwazî çewsawan, tenya leber hoyekî zor sade, ewîş pênawêke ke parleman û dezge quçkeyyekan bo msogerkirdnî seryanhelldawe, xoşbawerrkirdnî xellk û frîwdanî xellke be perdepoşkirdnî çekmey asnînî sermayedaran le deselat û berrêwebirdinda. îtir nazanim çon dekrêt parleman djî sermayedaran û sendnî şit lêyan bekar bibrêt ya bo ruxandnî deselat bekar bibrêt. le katêkda ke yekêk le merce serekîyekanî papendbûnî part û hêz û nwênerekane be bendekanî yasa û yasaş birtîye le dabînkirdnî serwerî û milkeçpêkirdnî cemawer bo ew serwerîye, ke çetrî parastnî berjewendî sermayedarane le rewayetîdan be karî krêgirte û xawendarêtî taybetîda?!

(alşir'î û alqanunî) wate her ştêk ke letek serwerî çînayetî û bnemakanîda (xawendarêtî taybet û karîkrêgirte) teba û kok bêtewe, her ştêkîş letek ewanda kok bêtewe, ewa be dillnyayyewe djî daxwazî û xewnî soşyalîstekane, le beramberda bêguman her leber heman hoye, ke letek berjewendî part û destebjêrî serkirdayetî part û desellatixwazan kok û teba dêtewe!

“راست و چەپ هێنان بەسەر دروشمە دێرین و نوێیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانیدا ، ئەو دروشمانەی کە مارکسییەکان بەرزیاندەکەنەوە ، بەبێ ئەوەی کە شیکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ هەر دروشمێک بکەن و دان بەوەدا بنێن کە هەر دروشمێک لە کات و شوێنی خۆیدا بایەخی تاکتیکی و ستراتیژیی لە خەباتی پرۆلیتاریادا هەیە . ئەوان بە توندی دژی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و ئاشتی و هەموو جەنگێک و مەدەنییەت و پێشکەوتنخوازی و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلان و سۆسیالیزم و ...هتد هەڵوێستیان وەرگرتووەو لە بەرامبەریشیاندا ئەڵتەرناتیڤی خەباتی سیاسیی ڕۆژانەیان نییەو ئاسۆی سەرکەوتنی خەباتی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکارانیان لەلا ڕوون نییە .„

لەبەرئەوەی کە ئەم پەرەگرافە شەڕی خێزانی نێوان گرووپە مارکسیستەکان خۆیان دەگرێتەوە و ئەو گرووپە بە خۆیان دەتوانن وەڵامی نووسەر بدەنەوە، زۆر لەسەری ناوەستم، بەڵام هێندە دەڵێم ئەگەر خوێنەر و نووسەریش سەرنج بدات، ئەوا دەبینن، کە ئەنارکیستەکان هێڵی چەپ و ڕاست بەسەر ئایدیاکانی مارکس و کۆمونیستەکانی تردا ناهێنن. هەروەها دژی ئازادی و یەکسانی و ئاشتی و پێشکەوتن و مافی بڕیاردانی خۆبەڕێوەبردنی گەلان [دەوڵەتی بۆرجوازی بەنێوی نەتەوەوە نا] و سۆشیالیزم نین، بەڵکو لە مارکسیستەکان ڕوونتر و پەیگیرانەتر و ڕاستگۆیانەتر و کردەییانەتر پێ لەسەر ئەو خواستانە دادەگرن و لە هەموو سەردەمەکاندا ئەنارکییەکان جەنگاوەری گومناوی ئەو پێناوانە بوون. بەڵام بەدڵنیاییەوە بە شێوازی دەستەبژێری و نوێنەرایەتی و خێرکردن بە خەڵك نا، بەڵکو وەك سەرەتاکانی هزری ئەنارکیستی و بە پشتبەستن بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. بەپێچەوانەی دەرکی نووسەرەوە لە دێموکراسی، ئەنارکییەکان لایەنگری دێموکراسی ڕاستەوخۆن، دێموکراسییەك کە کۆتایی بە دەسەڵاتبەخشین بە دەستەبژێرێك لە سەرووەریدا نا [10]

“rast û çep hênan beser druşme dêrîn û nwêyekanî bzûtnewey komonîstîy cîhanîda , ew druşmaney ke marksîyekan berzyandekenewe , bebê ewey ke şîkirdneweyekî dyarîkraw bo her druşmêk bken û dan beweda bnên ke her druşmêk le kat û şwênî xoyda bayexî taktîkî û sitratîjîy le xebatî prrolîtaryada heye . ewan be tundî djî dîmukrasî û azadî û yeksanî û aştî û hemû cengêk û medenîyet û pêşkewtnixwazî û mafî birryardanî çarenûs bo gelan û sosyalîzm û ...hitd hellwêstyan wergirtuwew le beramberîşyanda ellternatîvî xebatî syasîy rojaneyan nîyew asoy serkewtnî xebatî bzûtnewey sosyalîstîy krêkaranyan lela rûn nîye .„

leberewey ke em peregrafe şerrî xêzanî nêwan grupe marksîstekan xoyan degrêtewe û ew grupe be xoyan detwanin wellamî nûser bdenewe, zor leserî nawestim, bellam hênde delêm eger xwêner û nûserîş serinc bdat, ewa debînin, ke enarksîstekan hêllî çep û rast beser aydyakanî markis û komunîstekanî tirda nahênin. herweha djî azadî û yeksanî û aştî û pêşkewtin û mafî birryardanî xoberêwebirdnî gelan [dewlletî borcwazî benêwî netewewe na] û soşyalîzm nîn, bellku le marksîstekan rûntir û peygîranetir û rastgoyanetir û kirdeyyanetir pê leser ew xwastane dadegrin û le hemû serdemekanda enarkîyekan cengawerî gumnawî ew pênawane bûn. bellam bedillnyayyewe be şêwazî destebjêrî û nwênerayetî û xêrkirdin be xellk na, bellku wek seretakanî hizrî enarkîstî û be piştbestin be azadî û yeksanî û dadperwerî komelayetî. bepêçewaney derkî nûserewe le dêmokrasî, enarkîyekan layengrî dêmokrasî rastewxon, dêmokrasîyek ke kotayî be desellatbexşîn be destebjêrêk le serwerîda na [10]

دواجــــار حەزدەكەم و سوپاســـگوزاریش دەبــم، ئەگەر نووسەر تەنیــا بەڵگەیەك بۆ ئەو تۆمەتڕیزكردنە بخاتەبەردەستمان. لە بەرامبەردا من دەتــوانم دەیــان پەرتــووك و سەدان نــامیلكە و هەزاران وتــار دژی ئەو تۆمەتــانە ڕیــز بكەم، بەڵام بەداخەوە پەرتووكخــانەی كــوردی لێیــان بێبەشە و تەنــــانەت پەرتووكخــانە ئەلەكـــترۆنییە كوردییەكــــان لە بڵاوكردنەوەی دەقە وەرگێردراوە ئەناركییەكان خۆیان دەپاریزن!****

"كۆمــۆنیزمی ئانارکیســتەکانی ئەمــرۆ ، کۆمــۆنیزمێکی یۆتۆپییــاییە ، خۆشــخەیاڵیی تــوخمی وردەبــۆرژوازی پانوپلیشــبووەوەی ژێــر چەرخــی دڕندانەی سیستمی هاربووی سەرمایەدارییە ، چەواشەیی و ڕێهەڵەکردن و نامۆبوونێکی بێ هوشیاریی کۆمۆنیستیی ڕاستەقینەیە . بـۆیە دەبێت بە باشــی بیروبۆچوونەکانیــان و ڕابردوویــان و ڕۆڵــی تێکــدەرانەیان لە بــــزووتنەوەکەدا بە کرێکــــاران و زەحمەتکێشــــان و تێکۆشــــەرانی بــزووتنەوەکە ئاشــنا بکرێــن تــا لێیــان بە ئاگــابن و دەرگــا بەڕووی دزەکردنیان بۆ نێو حزب و ڕێکخراوە کرێکارییەکان دابخرێت ."

ئەمەی نووسەر لە تێكەڵكردنــی كۆمــونیزم و ئەنــاركیزم (كۆمــونیزمی ئەناركیســتەكان) دروســتیكردووە، لە هیــچ قوتــویەكی عەتــاردا پەیــدا نــابێت. مــن دڵنیــام دیســانەوە مەبەســتی نووسەر لە (كۆمــونیزمی ئەناركیستەكان)، ئەناركۆ-كۆمونیزم (كە كرۆپۆتكین هزرڤانییەتی) نییە و مەبەســتەكەی هەر لەو گومــانەوە سەرچاوە دەگرێــت، كە گرووپــی لێبــووەتە ئەناركیســت. بــۆیە لێرەشــدا زۆر لەسەری ناوەســتم و تەنیــا كەمێك سەرنجی دێڕەكانی پاش ئەو تێكەڵەسازییە دەدەم.

"خۆشــخەیاڵیی تــوخمی وردەبــۆرژوازی پانوپلیشــبووەوەی ژێــر چەرخــی دڕندانەی سیستمی هاربووی سەرمایەدارییە"

لەم ڕستەیە زۆر تێنــاگەم و هەستدەكەم بە لابردنــی لە پەرەگرافەكەدا هیچ لە واتا و كرۆكی پەرەگرافەكە و ئامانجەكەی ناگۆڕێت، بەڵكو بە

dwacar hezdekem û supasguzarîş debim, eger nûser tenya bellgeyek bo ew tometrrîzkirdne bxateberdestman. le beramberda min detwanim deyan pertûk û sedan namîlke û hezaran wtar djî ew tometane rîz bkem, bellam bedaxewe pertûkxaney kurdî lêyan bêbeşe û tenanet pertûkxane elektronîye kurdîyekan le bllawkirdnewey deqe wergêrdrawe enarkîyekan xoyan deparîzn!****

“komonîzmî anarkîstekanî emrro , komonîzmêkî yotopîyayye , xoşxeyallîy tuxmî wirdeborijwazî panuplîşbuwewey jêr çerxî drrindaney sîstmî harbûy sermayedarîye , çewaşeyî û rêhellekirdin û namobûnêkî bê huşyarîy komonîstîy rasteqîneye . boye debêt be başî bîruboçûnekanyan û rabirdûyan û rollî têkderaneyan le bzûtnewekeda be krêkaran û zehmetkêşan û têkoşeranî bzûtneweke aşna bikrên ta lêyan be agabin û derga berrûy dzekirdinyan bo nêw hizb û rêkixrawe krêkarîyekan dabixrêt .“

emey nûser le têkellkirdnî komunîzm û enarkîzm ( komunîzmî enarkîstekan) drustîkirduwe, le hîç qutuyekî 'etarda peyda nabêt. min dillnyam dîsanewe mebestî nûser le ( komunîzmî enarkîstekan), enarko-komunîzm (ke kropotkîn hzirvanîyetî) nîye û mebestekey her lew gumanewe serçawe degrêt, ke grupî lêbuwete enarkîst. boye lêreşda zor leserî nawestim û tenya kemêk serincî dêrrekanî paş ew têkellesazîye dedem.

“xoşxeyallîy tuxmî wirdeborijwazî panuplîşbuwewey jêr çerxî drrindaney sîstmî harbûy sermayedarîye”

lem risteye zor tênagem û hestdekem be labirdnî le peregrafekeda hîç le wata û krrokî peregrafeke û amancekey nagorrêt, bellku be

پێچەوانەوە ڕوونتر و ساکارتری دەکاتەوە.

„چەواشەیی و ڕێهەڵەکردن و نامۆبوونێکی بێ هوشیاریی کۆمۆنیستیی ڕاستەقینەیە”

لێرەدا نووسەر ناچار دەستەوداوێنی ئایدیالیزمەکەی ناو مارکسیزم دەبێتەوە و کۆمونیزمێك کە خۆی مەبەستییەتی (ئایدیاکانی مارکس و لێنین و ئەوانی تر)، دەکاتە چەقی ڕاستی و دروورکەوتنەوە لێی هاوتای سەرگەردانی دەکات، ئەمە بۆ خۆی پێچەوانەی هزرگەرییە و ڕووداوەکانی سەدەی ڕابوردوو ئەوەیان سەلماند، کۆمونیزمێك کە بڕیارە بە فەرمانی پارت و شەلاقی دەوڵەت دامەزرێت و بسەپێنرێت، سەرەنجامەکەی هەر بە زیاتر شەیداکردنی کرێکاران و بەشمەینەتان بە سەرمایەداری و پڵیشانەوەی سەریان لەژێر چەکمەی ئاسنینی پارلەمانەکەی کۆتایی دێت، هەر وەکو لە ڕوسیە و ولاتە پاشکۆکانیدا دیتمان چۆن هەرەسی هێنا و چۆن ئەو وڵاتانە بوونە بازارگەی بازرگانی سێکس و کۆیلەتی منالان و کاری هەرزان بۆ سەرمایەدارە و سەرچاوەی خێروبەرەکەت بۆ پارلەمانتارەکان!
پاشان مەگەر مەبەستی نووسەر لە کۆمونیزمی ڕاستەقینە، هەر ئەوە نییە کە مارکس و ئەنگلس، ئەنارکییەکانیان بە پیلانگێڕان لەسەری لە نێونەتەوەیی یەکەمدا کردەدەرەوە و لێنین و ترۆتسکی لەسەری فەرمانی کوشتوبڕی بە کۆمەڵی ئەنارکییەکان و ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات و ماخنۆقیستەکانی ئۆکرانیا دەرکرد و ستالین ناڕاستەوخۆ هانی کوشتن و تیرۆر و ڕفاندنی ئەنارکییەکان و دانانی ئابڵوقەی ڕانەگەیێنراوی لەسەر هەرەوەزییەکانی کەتەلۆنیا و بەشەکانی تری ئیسپانیای ئازاددا؟

بە کورتی، ئەوەی نووسەر لەمەڕ ئەنارکیزم لەو نووسینەیدا دەیداتە بەر ڕەخنە، نەك تەنیا ئەنارکیزم نییە، بەڵکو باڵێکی ئۆرتۆدۆکسی مارکسیزمە و بە ڕای من هیچ پێویستی بە تێوەگلانی ئەنارکیستەکان

pêçewanewe rûntir û sakartrî dekatewe.

„çewaşeyî û rêhellekirdin û namobûnêkî bê huşyarîy komonîstîy rasteqîneye”

lêreda nûser naçar destewdawênî aydyalîzmekey naw marksîzm debêtewe û komunîzmêk ke xoy mebestîyetî (aydyakanî markis û lênîn û ewanî tir) , dekate çeqî rastî û drûrkewtnewe lêy hawtay sergerdanî dekat, eme bo xoy pêçewaney hzirgerîye û rûdawekanî sedey raburdû eweyan selmand, komunîzmêk ke birryare be fermanî part û şelaqî dewllet damezrêt û bsepênrêt, serencamekey her be zyatir şeydakirdnî krêkaran û beşmeynetan be sermayedarî û pllîşanewey seryan lejêr çekmey asnînî parlemanekey kotayî dêt, her weku le rusye û wlate paşkokanîda dîtman çon heresî hêna û çon ew wllatane bûne bazargey bazirganî sêkis û koyletî mnallan û karî herzan bo sermayedare û serçawey xêrubereket bo parlemantarekan!
paşan meger mebestî nûser le komunîzmî rasteqîne, her ewe nîye ke markis û englis, enarkîyekanyan be pîlangêrran leserî le nêwneteweyî yekemda kirdederewe û lênîn û trotiskî leserî fermanî kuştubrrî be komellî enarkîyekan û raperrîwanî kroniştat û maxnovîstekanî okranya derkird û stalîn narrastewxo hanî kuştin û tîror û rfandnî enarkîyekan û dananî ablluqey ranegeyênrawî leser herewezîyekanî ketelonya û beşekanî trî îspanyay azad, da?

be kurtî, ewey nûser lemerr enarkîzm lew nûsîneyda deydate ber rexne, nek tenya enarkîzm nîye, bellku ballêkî ortodoksî marksîzme û be ray min hîç pêwîstî be têwegllanî enarkîstekan

ئەبوو و نووسەر دەیتوانی لەبەر ڕۆشنایی بەراوردی نووسینەکانی کارل مارکس و ئەنجلس لەتەك نووسینەکانی ئەو گروپەدا، بۆچوونەکانی بە لایەنگری لەم و دژایەتی ئەو بسەلمێنێت، نەك هەرچی خلّتەی تێڕوانینی دەسەڵاتخوازانەی هزری مارکس و ئەنگلس و پاشڕەوانیان هەیە، بیکات بەسەر ئەناکییەکاندا و هێندەی تر لەمەڕ ئەنارکیزم ناڕۆشنی لای خوێنەری بێسەرچاوەی کوردزمان دروست بکات.

ڕەخنەی ئەنارکیستەکان لە کۆمونیزمی مارکس و پاشڕەوانی هەر لە هاوسەردەمانی خودی (مارکس و ئەنگلس)ەوە تا ئەمڕۆ زۆر ڕوون و بێپەردەیە و جیاوازییەکان ئاشکران، کە دەکرێت لەم خاڵە سەرەکییانەدا کورت بکرێنەوە: ڕۆڵی تاك[11 ] ، ڕۆڵی جەماوەر[12]، ڕێکخراوبوون و خەباتی جەماوەری [13]، سەندیکا کرێکارییەکان[14]، چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی لە کۆمەڵگەی داهاتوودا[15]، سۆڤییەتەکان و کۆمونەکان[16]، هەرەوەزییەکان[17]، بەرنامەڕێژی و ناوەندێتی[18]، فیدرالیزم و مافی چارەنووس[19]، شەڕی داگیرگەر[20]، سۆشیالیزم[21]، نێونەتەوەیی[22]، لەیەك قسەدا ئەنارکیستەکان لەسەر بنەمایەیەك، کە سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا بە هەموو شێوەیەك ڕەتدەکەنەوە و دژی هەر بەرتەریدانێکی ڕامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتین بە دەستەبژێر و کەسەکان، هەر بۆیە وەك درێژەی لۆجیکی ئەو تێڕوانینە بەوە دەگەن، کە هەموو پێکهاتەیەکی قوچکەیی لەوانە سەندیکا زەردەکان و پارت و دەوڵەت و ناوەندێتی ڕەت بکەنەوە و بەو جۆرە ڕێگەچارەیان بۆ هەموو پرسەکان دژی هەر ڕێگەیەچارەیەك دەوەستێتەوە، کە ویست (ارادە) لە مرۆڤەکان بسێنێتەوە و لە بەرامبەردا بە نوێنەران و میانجیگەرانی باڵادەستی بسپێرێت، چونکە ئەنارکیزم ئازادیخوازییە و سەروەری هی هەر کەس بێت، ڕەتیدەکاتەوە و بانگەواز بۆ کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر لەسەر خواست و ئامادەیی تاکەکان و کۆمەڵەکان دەکات، بەم پێیە گۆڕانی هەر سیستەم و کۆمەڵگەیەکیش، بە گۆڕان لە پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەلایەتییەکانی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، بە واتای شۆڕشی

nebû û nûser deytwanî leber roşnayî berawirdî nûsînekanî karl markis û enclis letek nûsînekanî ew grupeda, boçûnekanî be layengrî lem û djayetî ew bselmênêt, nek herçî xilltey têrrwanînî desellatixwazaney hizrî markis û englis û paşrrewanyan heye, bîkat beser enakîyekanda û hêndey tir lemerr enarkîzm narroşnî lay xwênerî bêserçawey kurdizman drust bkat.

rexney enarkîstekan le komunîzmî markis û paşrrewanî her le hawserdemanî xudî (markis û englis)ewe ta emrro zor rûn û bêperdeye û cyawazîyekan aşkran, ke dekrêt lem xalle serekîyaneda kurt bikrênewe: rollî tak[11], rollî cemawer[12], rêkixrawbûn û xebatî cemawerî [13], sendîka krêkarîyekan[14], çonyetî berrêweberayetî le komellgey dahatûda[15], sovîyetekan û komunekan[16], herewezîyekan[17], bernamerrêzî û nawendêtî[18], fîdralîzm û mafî çarenûs[19], şerrî dagîrger[20], soşyalîzm[21], nêwneteweyî[22], leyek qseda enarkîstekan leser bnemayeyek, ke serwerî mrov beser mrovda be hemû şêweyek retdekenewe û djî her berterîdanêkî ramyarîy û abûrîy û komellayetîn be destebjêr û kesekan, her boye wek drêjey locîkî ew têrrwanîne bewe degen, ke hemû pêkhateyekî quçkeyî lewane sendîka zerdekan û part û dewllet û nawendêtî ret bkenewe û bew core rêgeçareyan bo hemû pirsekan djî her rêgeyeçareyek dewestêtewe, ke wîst le mrovekan bsênêtewe û le beramberda be nwêneran û myancîgeranî balladestî bispêrêt, çunke enarkîzm azadîxwazîye û serwerî hî her kes bêt, retîdekatewe û bangewaz bo komellgey azad û yeksan û dadperwer leser xwast û amadeyî takekan û komellekan dekat, bem pêye gorranî her sîstem û komellgeyekîş, be gorran le peywendîye abûrîy û komelayetîyekanî nêwan takekan le komellgeda, be watay

کۆمەلایەتی، گرێدەداتەوە. بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی ئەنارکییەکانەوە شۆڕش پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتییە و تەنیا لە خوارەوەرا لە دەروونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا توانای ڕوودان و سەرکەوتنی هەیە.

دوا وتە، ئەگەر نووسەر خوازیارە لەمەڕ ئەنارکیزم ڕەخنە بگرێت و بنووسێت، باشترە بەڵگەکانی لە سەرچاوەی یەکەمەوە وەرگیرابن و بۆ سەرنجدانی ئەنارکۆ-کۆمونیزم، باشترە سەرنجی ئایدیاکانی کرۆپۆتکین بدات. هەروەها من بۆ خۆم هەر ڕەخنەیەك کە بە نموونە و بەڵگەی وەرگیراو لە سەرچاوە ئەنارکییەوەکان پشتئەستوور بێت، لام جێگەی دەستخۆشییە و تەنانەت ئەگەر ڕەخنەکە نەیتوانیبێتش ڕاستی و دروستی بپێکێت، دیسانەوە هەر جێی دڵخۆشییە، چونکە بە دڵنیاییەوە مشتومڕی بەسوود لە نێوان ئەنارکیستەکان و مارکسیستەکاندا دروستدەکات، کە دواجار بۆ بزاڤی سۆشیالیستی دەتوانێت بەشێك بێت لە سەرچاوەی ڕۆشنگەریی چینایەتی.

هەر بەو مەبەستە لێرەدا بە پرسیارێك، کە بۆ کۆکردنەوەی هەموو سۆسیالیستەکان لە دەوری مێزی مشتومڕی بە سوود و نۆژەنکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتە تیئۆری و ئەزموونە کردەییەکان [لەپێناو خۆلادان لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابوردوو لە ڕووداوەکانی داهاتوودا] سوودی هەیە، کۆتایی بە وەلامەکەم دەهێنم : ئایا ئەگەر لە ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە بری سەرکوت و بەرگرتن بە ئاراستە سۆشیالیستەکانی تری دەرەوەی پارتی بۆلشەڤیك، بوار بە هەموو ئەڵتەرناتیڤە سۆشیالستییەکان بدرایە، لەوە باشتر نەدەبوو کە پاش ( ٧٠) سەرەنجام هەوڵەکان وەك پەشمەك لەبەردەم تینی نیئۆلیبرالیزمدا بتوێنەوە؛ ئایار لە بری خۆسەپاندنی یەك مۆدێلی بۆلشەڤیکەکان، باشتر نەبوو لەو شوێنانەی کە ئاراستە و ئەڵتەرناتیڤی تر پێشنیار و ئامادە بوون، ئەزموون بکرێن و دواجار سەرەنجامەکان لەیەك بدرێن و

şorrşî komelayetî, grêdedatewe. be watayekî tir le rwangey enarkîyekanewe şorrş prosêsêkî komellayetîye û tenya le xwarewera le derûnî peywendîye komellayetîyekan û peywendîyekanî berhemhênanda twanay rûdan û serkewtnî heye.

dwa wte, eger nûser xwazyare lemerr enarkîzm rexne bigrêt û bnûsêt, baştre bellgekanî le serçawey yekemewe wergîrabin û bo serincdanî enarko-komunîzm, baştre serincî aydyakanî kropotkîn bdat. herweha min bo xom her rexneyek ke be nmûne û bellgey wergîraw le serçawe enarkîyewekan piştestûr bêt, lam cêgey destxoşîye û tenanet eger rexneke neytwanîbêtiş rastî û drustî bpêkêt, dîsanewe her cêy dillxoşîye, çunke be dillnyayyewe miştumrrî besûd le nêwan enarkîstekan û marksîstekanda drustdekat, ke dwacar bo bzavî soşyalîstî detwanêt beşêk bêt le serçawey roşingerîy çînayetî.

her bew mebeste lêreda be pirsyarêk, ke bo kokirdnewey hemû sosyalîstekan le dewrî mêzî miştumrrî be sûd û nojenkirdnewe û lêkollînewey babete tîorî û ezmûne kirdeyyekan [lepênaw xoladan le dûbarekirdnewey hellekanî raburdû le rûdawekanî dahatûda] sûdî heye, kotayî be welamekem dehênim : aya eger le ezmûnî şorrşî oktoberda le brî serkut û bergirtin be araste soşyalîstekanî trî derewey partî bolşevîk, bwar be hemû ellternatîve soşyalistîyekan bidraye, lewe baştir nedebû ke paş (70) serencam hewllekan wek peşmek leberdem tînî nîolîbralîzimda bitwênewe; ayar le brî xosepandnî yek modêlî bolşevîkekan, baştir nebû lew şwênaney ke araste û ellternatîvî tir pêşnyar û amade bûn, ezmûn bikrên û dwacar serencamekan leyek bidrên û kame pozetîv buwaye, zyatir perey pêbdraye û

کـــامـه پۆزەتیــڤ بـــووایە، زیـــاتر پەرەی پێبـــدرایە و کـــامـە نیگەتیــڤ وەلابنرایە؛ ئایا بواردان بە مەلەوانانی کرۆنشات، جوتیارانی ئۆکرانیا، کرێکـارانی پترۆگراد، کە خوازیـاری ئازادی ڕۆژنـامەگەری، ئازادکردنـی زینــدانیان، سەندنەوەی دەسەڵات لە پـارت و دێمۆکراســی ڕاســتەخۆ و بەڕێـوەبەرایەتی سۆڤیەتی و هەرەوەزییـانە بـوون، زیـانی لـەوە زیـاتر دەبـــوو، کە لە مـــاوەی (٧٠) ســـاڵدا لـە بـــری بنیاتنـــانی کـــۆمەڵگەی سۆشیالیســـــتی، خـــــزمەت بە بە هێزکـــــردن و خـــــوازراوکردنەوەی سەرمایەداری و دێمۆکراتییە نوێنەرایەییەکەی کرا، ئایا بە بـواردان بە ئاراسـتە و ئەزمـوونکردنی ئەڵتەرناتیڤەکانیـان، چانسـی پاراسـتنی ئەو شۆڕسە لە شکستی زیاتر نەدەبوو؟

kame nîgetîv welabinraye; aya bwardan be melewananî kronşat, cutyaranî okranya, krêkaranî pitrograd, ke xwazyarî azadî rojnamegerî, azadkirdnî zîndanyan, sendnewey desellat le part û dêmokrasî rastexo û berrêweberayetî sovyetî û herewezîyane bûn, zyanî lewe zyatir debû, ke le mawey (70) sallda le brî binyatnanî komellgey soşyalîstî, xizmet be be hêzkirdin û xwazrawkirdnewey sermayedarî û dêmokratîye nwênerayeyyekey kra, aya be bwardan be araste û ezmûnkirdnî ellternatîvekanyan, çansî parastnî ew şorrse le şkistî zyatir nedebû?

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

* ڕێکەوتی تەواوبوونی ئەم نووسینە بۆ زیاتر لە شەش مانگ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەرنەبوونی کات بۆ پاکنووسکردنی، بۆیە بڵاوکردنەوەی دواکەوت، هیوادارم کارایی خۆی لەدەست نەدابێت.

** گروپی کۆمونیستی ئینتەرناسیونالیست (ICC)، گروپێکی ئۆرتۆدۆکسی مارکسیستە و لە پارتایەتیدا واوەتر لە لێنینستەکان باوەڕییان بە ڕابەڕایەتی و پۆڵاییبوونی پارت هەیە. ئەو گروپە باوەڕی بە خەباتی جەماوەری نییە و هەموو ڕێکخراوبوونێکی جەماوەری ڕەتدەکەنەوە و تەنیا بانگەواز بۆ یەك ڕێکخراو دەکەن، ئەویش پارتە جیهانییەکەی خۆیانە و بەس.

*** من بە مەبەستەوە واژەی (شورا) ڕەتدەکەمەوە، چونکە یەکەم لە کوردیدا واژەی (شورە) پەرژینمان هەیە و بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، دووەم دەمەوێت لە (شورا)ی ئیسلامی جیای بکەمەوە، چونکە شورای ئیسلامی پێهاتەیەکی قوچکەییە و (سۆڤیەت) و (کۆمونە) و (ئەنجومەن) ناقوچکەیین و لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی گشتی پێکدین و بەو میکانیزمە ڕێگری لە ئۆتۆریتە و دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکردن لە سەرەوەرا دەگرن، بەڵام شورای ئیسلامی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی پارتی خوا (حزب‌الله) و شەریعەتەکەی لەسەر زەوی هاتووەتە بوون و پێش ئیسلامیش وەها شورایەك لە هەڵبژاردەی پیاوانی ناودار و دەولەمەند بۆ کاروبار بەکار براوە و خەڵکی هەژار و بێدەسەڵات مافی گەیشتنی بە بڕیاردان لە شورادا نەبووە و لە هەموو سەردەمەکاندا ڕێکخستنێکی قوچکەیی بووە و ئەوەی کە کۆمونیستەکانی ئێران و عیراق هیچ هەستیارییەکیان بەو ناوە نییە، بۆ قوچکەخوازی و دەسەلاتخوازییان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لە کۆمونەی پاریس و لە شۆڕشی ١٩١٧ و دواتردا پێکدێن، کۆمونە و سۆڤیەتەکان بوون، کە [Soviet (council)]، هەمان واتای کۆمونە دەگەیێنێت و ئەگەر کۆمونە بە واتای وشە لێکی بدەینەوە لە ئێستادا هیچ ناگەیێنێت و دەبێتە شارەوانی، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشینەیەکی ڕامیاریی هەیە و چەمکێکی بەرێوەبردن وەك

perawêz û serçawekan:

* rêkewtî tewawbûnî em nûsîne bo zyatir le şeş mang lemewber degerrêtewe, bellam lebernebûnî kat bo paknûskirdnî, boye bllawkirdnewey dwakewt, hîwadarm karayî xoy ledest nedabêt.
** grupî komunîstî înternasîwnalîst (ICC), grupêkî ortodoksî marksîste û le partayetîda wawetir le lênîstekan bawerrîyan be raberrayetî û pollayînbûnî part heye. ew grupe bawerrî be xebatî cemawerî nîye û hemû rêkixrawbûnêkî cemawerî retdekenewe û tenya bangewaz bo yek rêkixraw deken, ewîş parte cîhanîyekey xoyane û bes.
*** min be mebestewe wajey (şura) retdekemewe, çunke yekem le kurdîda wajey (şure) perjînman heye û bo ewey têkell nebêt, duwem demewêt le (şura)î îslamî cyay bkemewe, çunke şuray îslamî pêhateyekî quçkeyye û (sovyet) û (komune) û (encumen) naquçkeyîn û leser bnemay kobûnewey giştî pêkdîn û bew mîkanîzme rêgrî le otorîte û destbeserdagirtin û qorixkirdin le serewera degrin, bellam şuray îslamî bo sepandnî desellatî partî xwa (hizballe) û şerî'etekey leser zewî hatuwete bûn û pêş îslamîş weha şurayek le hellbjardey pyawanî nawdar û dewlemend bo karubar bekar brawe û xellkî hejar û bêdesellat mafî geyiştnî be birryardan le şurada nebuwe û le hemû serdemekanda rêkxistnêkî quçkeyî buwe û ewey ke komunîstekanî êran û 'îraq hîç hestyarîyekyan bew nawe nîye, bo quçkexwazî û deselatixwazîyan degerêtewe, bellam ewey le komuney parîs û le şorrşî1917 û dwatirda pêkdên, komune û sovyetekan bûn, ke [ (Soviet (council], heman watay komune degeyênêt û eger komune be watay wşe lêkî bdeynewe le êstada hîç nageyênêt û debête şarewanî, bellam leber ewey pêşîneyekî ramyarîy heye û çemkêkî berêwebirdin wek

ئەڵتەرناتیڤ دەخاتەڕوو، لە ئێستادا دەکرێت ئەنجومەن لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی گشتی و بڕیاردانی گشتی، بگەیيێنێت. بۆیە بەڕای من یا (ئەنجومەن)ی کوردی یا (سۆڤییێت)ی ڕوسی یا (کۆمونە)ی فەرەنسی دروستترە بەکار ببرێت.

*** چەند جارێك نامیلکە وەرگێڕدراوەکانی (خەباتی ڕاستەخۆ، ئێمیل پۆژێ)، (مارکسیزم و ئەنارکیزم، دانییڵ گرین)، (گفتوگۆی خەیاڵکردی مارکس و باکونین، ماوریۆس کرانستۆن)، (بەرەو ئەنارکیزم، ئێریکۆ مالاتێستا)م بۆ پەرتووکخانەی ئەلەکترۆنی کوردی (http://www.pertwk.com/ktebxane/) ڕەوانەکردن، بەڵام بەداخەوە نە وەڵامیان دامەوە و نە نامیلکەکانیشیان بڵاوکردنەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لەوەتەی ئەو پەرتووکخانەیە سەریهەڵداوە، یەکێك بووم لەو کەسانەی کە بە هەموو جۆرێك هەوڵم داوە بە خەڵکی بناسێنم، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە پێمواوبووە پڕۆژەیەکی کراوە و خۆرایی و گشتی و چاکە و بەربەستەکانی خوێندنەوە (دەسترانەگەیشتن و نەبوونی توانانی کڕین و کەمی سەرچاوە و زۆرێکی تر)ی شکاندوون و جێگەی دڵخۆشییە. بەڵام کاتێك کە ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی هەندێك بڵاوکراوە بگرێت و هێندیکی تر بڵاوبکاتەوە، دەچێتە ژێر پرسیار و ئیتر ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەدات و پێویستە نێوی (پەرتووکخانەی کوردی) لەسەر خۆی لابدات و بیگۆڕێت بە (پەرتووکخانەی بژارکردنی پەرتووکی کوردی)، چونکە پێویستە پەرتووکخانەی کوردی هەموو چاپکراو و بڵاوکراوەیەکی کوردی بگرێتە خۆی و سانسوور لەسەر هیچ هزر و ئاراستەیەکی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری دانەنێت.

ellternatîv dexaterrû, le êstada dekrêt encumen leser bnemay kobûnewey giştî û birryardanî giştî, bgeyyênêt. boye berray min ya (encumen)î kurdî ya (sovyêt)î rusî ya ( komune)î ferensî drustitre bekar bibrêt.

**** çend carêk namîlke wergêrrdrawekanî (xebatî rastexo, êmîl pojê) , (marksîzm û enarkîzm, danyêll grîn) , (giftugoy xeyallkirdî markis û bakunîn, mawryos kraniston) , (berew enarkîzm, êrîko malatêsta)mi bo pertûkxaney elektronî kurdî (hittp:// wwiw. Pertiwk. com/ktebxane/) rewanekirdin, bellam bedaxewe ne wellamyan damewe û ne namîlkekanîşyan bllawkirdnewe. eme le katêkda ke lewetey ew pertûkxaneye serîhelldawe, yekêk bûm lew kesaney ke be hemû corêk hewllim dawe be xellkî bnasênim, eweş leber ewey ke pêmwabuwe prrojeyekî krawe û xorayî û giştî û çake û berbestekanî xwêndnewe (destranegeyiştin û nebûnî twananî krrîn û kemî serçawe û zorêkî tir)î şkandûn û cêgey dillxoşîye. bellam katêk ke rêgrî le bllawkirdnewey hendêk bllawkrawe bigrêt û hêndîkî tir bllawbkatewe, deçête jêrr pirsyar û îtir rastgoyî xoy ledest dedat û pêwîste nêwî (pertûkxaney kurdî) leser xoy labdat û bîgorrêt be (pertûkxaney bjarkirdnî pertûkî kurdî), çunke pêwîste pertûkxaney kurdî hemû çapkraw û bllawkraweyekî kurdî bigrête xoy û sansûr leser hîç hzir û arasteyekî bîrkirdnewe û roşinbîrî danenêt.

[1] Rudolph Rocker, Anarchism and Anarcho-Syndicalism,
History of Anarchist Philosophy from Lao-Tse to Kropotkin

[2] Anarchism: From Anarchy to Anarchism (300CE to 1939)
v. 1 & 2 : A Documentary History of Libertarian Ideas

[3] دەقی نامەکە بەڕێز (قەرەنی قادری) وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە (کوردستان پرێس) وەرگیراوە.
دەقە عەرەبییەکەی http://www.anarkismo.net/article/12187
http://www.marxists.org/reference/subject/economics/proudhon/letters/46_05_17.htm

[4] التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / قواعد التبادل ، دانيل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٩

[5]
http://anarkistan.issuu.com/sakurdistan/docs/marksizm_u_anarkizm

[6] التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ المسائل اللغوية المتعلقة بكليمة تحررية، دانيل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٨

[7] التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ كره الدولة (٢)، دانيل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT-AIT ، ص ٥

[8] التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / كلمة تشكل كلمة خصام "الدولة" ، دانيل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٢١

[9] التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / النقابية العمالية ، دانيل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٧

[10] التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ الهجوم على الديمقراطية البورجوزية، دانيل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٨

[11] التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ مصادر الطاقة: الفرد، دانيل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٩

[12] التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ مصادر الطاقة: الجماهير، دانيل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT، ص ٢٧

[13]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / ضرورة التنظيم ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٢
[14]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / النقابية العمالية ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٧
[15]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / الادارة الذاتية ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٣
[16]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / البلدات ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٨
[17]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / تشريك كامل (١) ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٦
[18]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / وحدة وتخطيط ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ١٥
[19]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / الفدرالية ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٢٤
[20]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / ازالة الاستعمار ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٢٨
[21]التحررية/ الافكار المحورية للتحررية/ نقد الاشتراكية "التسلطية"، دانييل گرين، ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT، ص ١٢
[22]التحررية / البحث عن مجتمع المستقبل / الاممية ، دانييل گرين, ترجمة: جورج سعد، حداثة CNT- AIT ، ص ٢٧

بۆ خوێندنەوەی دەقی نووسینی ڕەخنەلێگیراو، کلیك لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەن:

ئەنارکیزم، نووسینی :

فوئاد قەرەداغی /http://varseen.kurdblogger.com/29027

# Enarkîzm, Pertûkxaney Kurdî û Serçawey Rexnegranî

nûsînî Hejên

Babetêkî Rexneyye le Nûsînêkî
Fuad Qeredaxî
lemerr Enarkîzm